توێژەران و ڕاوێژکارەکان-ئەوانیش بەشداریان لە "گوێگری میهرەبان" بۆ دەنگەکان لە بەڵگەنامەکاندا کردووە، و کەوتوونە بەر کاریگەری ئەم ئەزموونە و ئەنجامەکانی.

- دوای تەواوبوونی ڕاپۆرتی کۆتایی، ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، وەك پاڵەوانی سەرەکی ڕاپۆرتەکە، کاردانەوەیان پێشکەش کرد.

4. **پشتیوانیی دەروونی:** ئەو ژنە توێژەرانەی کە پرۆسەی بەبەڵگەنامەکردنیان ئامادە دەکرد بۆیان دەرکەوت کە برینەکان دەکولێتەوە. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە هەستیان بە پشتیوانی کردووە، ژنە پیشەگەرەکان بەردەست بوون بۆ دابینکردنی پشتیوانییەکی دەروونی.

5. **لیژنەی ڕاستی ژنان:** پرۆسەی بەبەڵگەنامە کردن و توێژینەوە بە ڕاپۆرتێك کۆتایی هات و لیژنەی ڕاستی ژنانی قوربانی شەڕی چەکداری کە لە لایەن Ruta Pacifica بۆ پشتگیری ئاشتبوونەوە و قەرەبووکردنەوە ئەنجامدرا.

**نیپاڵ**

**بەبەڵگەنامە کردن "لە چێشتخانە" دەست پێدەکات**

چێشتخانەی چیرۆک (TSK) ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە بە تۆمارکردنی چیرۆکەکانی ژنان بەرەنگاری پیاوسالاری دەبێتەوە وەك سەرچاوەی ستەمی ڕەگەزی. چیرۆکەکانی قوربانیدانی ژنان و هەروەها هاوکارییەکان بەناوی پێشکەوتنی وڵاتەوە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، یارمەتیدەرن لە تێگەیشتنێکی نوێ لە نیپاڵ و مێژووەکەی کە هەمیشە چیرۆکی پیاوان بەسەریدا زاڵ بووە. TSK ڕێگایەکی هەڵقوڵاوی جەماوەری بەکاردێنێت بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنان بە شێوەی خۆجێی و هاوبەشی کردنی چیرۆکەکانیان لە ئاستی نەتەوییدا. بە بانگێشتکردنی ژنانی توێژ و تەمەن و کۆمەڵگا و کەلتور و زمانە جیاوازەکان بۆ بەشداریکردن لە چیرۆك گێڕانەوەدا بۆ یارمەتیدان لە پێکهێنانی گێڕانەوەیەکی نەتەوەیی کە ڕۆڵی گرنگی ژنان دەناسێنێت، بە گشتگیریی دەخوازێت. تا ئێستا TSK زیاتر لە 1000 چیرۆکی ژنانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی بە تۆماری دەنگی و دیجیتاڵی تۆمار کردووە.

### تیمۆری ڕۆژهەڵات

**ڕێبازەکانی بەناوەندکردنی ڕزگاربووان بۆ بەبەڵگەنامەکردن**

دادپەروەری و مافەکانی ئاسیا (AJAR)، پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراوە دەستە خوشکەکەی، ACbit، چەندین شێوازی توێژینەوەی کرداری هاوبەش لە ڕاهێنانەکانی و لە ڕێگەی تۆڕی هاوبەشەکانییەوە بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی بەبەڵگەنامەکردن بەکاردێنێت. نەخشەی جەستەیی ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و چاوپێکەوتنی هاوبەشی نێوانیان و بەکارهێنانی ”کارتی پۆستەی خۆشەویستی“ بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان دایکان وە منداڵەکانیان نموونەن لە هەلی سەلامەت بۆ ڕزگاربووان بۆ هاوبەشی کردنی ئەزموونە ئازاربەخشەکان لە ڕابردوو و ئێستادا. گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە زۆرێك لە میتۆدەکانی توێژینەوەی کرداری هاوبەشی (PAR) AJAR کە پەرەیان سەندووە لەسەر بنەمای دەق یان بەکارهێنانی تێکەڵەیەك لە دەق لەگەڵ شێوەکانی ترنین. وێنەکێشان، نەخشەی جەستە، تۆمارکردنی دەنگ و ڤیدیۆ، کۆلاژەکان، ڕۆڵگێرانەکان و یارمەتی زیاتر بۆ ”بەرزکردنەوەی“ پەیوەندی دەدات لەناو ئەو گروپانەی کە ئەندامەکانیان مەودایەک لە لێهاتوویی خوێندەوارییان هەیە. هەروەها کۆمەڵێك شێواز بانگهێشتی تاکەکان دەکات کە ”لەبیری خۆیانی دەرکەن“ بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی ڕابردووی خۆیان بە تەواوی بپشکنن، هەروەها بۆ تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی تەواوتری ئەزموونەکانی ئەوانی تر. ACbit ئێستا زیاتر لە 400 گەواهی لە ژنانی ڕزگاربووی توندوتیژی جێندەری کۆکردۆتەوە.

### نێجیریا

**گێڕانەوەی ڕزگاربووان لەگەڵ دیالۆگی ئایینی: بەبەڵگەنامەکردنی ستراتیژی بەناوی ئاشتەواییەوە**

”المصالحة والتسوية أمران جيدان“ هي عملية حل نزاع مجتمعية صممها مركز الديمقراطية والتنمية في نيجيريا. على الرغم من أن العملية لم تتم تجربتها بعد في أعقاب تمرد ”بوكو حرام“، إلا إنه يُروج لهذه المجموعة من الروايات والتقاليد والتعاليم الإسلامية بين الزعماء الدينيين وعامة السكان على أمل جعل رسالة المصالحة رسالة شعبية. علاوة على ذلك، لم تُختبر قدرتها على تعزيز إعادة الإدماج بعد.



## 1.2 ئامڕازەکانی گەڕان بەدوای ڕاستیدا

کاتێک گواستنەوەی سیاسی ڕێگە بە دامەزراندنی پرۆسەیەکی ڕاستیخواز دەدات، گرنگە کە ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانە کاریان پێ بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی بدرێت بەشداری بکەن. تا ئێستا ژمارەیەك لەکۆمسیۆنەکانی ڕاستی هەوڵی تایبەتیان داوە بۆ خستنەڕووی توندوتیژی جێندەری. ئەمانە کۆمیسۆنی پێشووتری ڕاستی لە گواتیمالا، ئەفریقای باشوور و پێرۆ دەگرێتەوە کە ئاماژەیەکی یارمەتیدەر بوون بۆ هەوڵەکانی دواتر لە کینیا، لیبریا، مەغریب، سیرا لیۆن، دوورگەکانی سۆلۆمۆن و تیمۆری ڕۆژهەڵات. هەندێك سوود هەن کاتێك پابەندبوون پەیوەستە بە لەخۆگرتنی کێشەکانی توندوتیژی جێندەری وەك بەشێك لە فەرمانە فەرمییەکانی لیژنەی ڕاستیەکان.[16] گرنگی تایبەت بەژنان بۆ بانگهێشتکردنیان بۆ بەشداریکردن، پێشکەشکردنی پاراستنی تایبەت بەو ژنانەی کەدەیانەوێت لێدوان بدەن یان گەواهی گشتی بدەن، و هەوڵەکانیش بۆ لەخۆگرتنی توندوتیژی جێندەری وەك بەشێك لە گێڕانەوەی مێژوویی ململانێیەک لەکاری ئەو کۆمیسۆنانەدا دەبینرێت. لە کۆڵۆمبیا، یاسا فەرمان دەکات کە سیستەمی دادوەری ڕاگوزەری گشتگیر، کە لیژنەی ڕاستی لەخۆدەگرێت، بکرێتە ناوەندی قوربانی و ڕێکخستنێکی دیاریکراو هەیە بۆ بەشداریکردنی ژنان. ژنان و منداڵان تا ئەو کاتەی کە هەلومەرجەکان ڕێگەیان پێدەدەن بەشدارییان کردووە، بەڵام ئەمە قورستر بووە بۆ ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ و ئەو منداڵانەی لە جەنگ لەدایك بوون بەهۆی بەردەوامی ئیحتمالکردنی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن ئەنجامدەران و هەروەها ئەو نەنگیەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ئەنجامی ئاشکراکردنی ئەوەی بەسەریاندا هاتووە.



### تیمۆری ڕۆژهەڵات

**یەکخستنی جێندەر بۆ لیژنەی ڕاستی: ڕێبازێکی گشتگیر**

کۆمسیۆنی دۆستایەتی و ڕاستی و ئاشتەوایی (CAVR) لە تیمۆری ڕۆژهەڵات نمونەیەکی باشی چەندین ڕێگا پێشکەش دەکات کە کۆمسیۆنێکی ڕاستی فەرمی ناتوانێت نەك تەنیا توندوتیژی سێکسی چارەسەر بکات بەڵکو بە درێژایی پێکهاتەوە بەرنامەکانی بەدوای برەودانەوەیە بۆ یەکسانی جێندەری. ئەو چوارچێوە یاساییەی کۆمیسیۆن کە زەمینەی نوێنەرایەتی و شارەزایی جێندەری لە نێوان ستاف و کۆمیسیاراندا دامەزراندبوو لە پێکهاتەوە کارەکانی کۆمیسیۆندا ڕەنگی دایەوە. لەبەرئەوەی کۆمیسیۆن نەیتوانی بەدواداچوون بۆ هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکات، ئەوا پێشەنگی بۆ جدیترین ئەو پێشێلکاریانە هەڵبژارد کە ئەنجام دراون. ئەمانە بریتی بوون لەو مافانەی کە بە دەستدرێژی سێکسی و هێرشی سێکسی و کۆیلایەتی سێکسی پێشێل دەکرێن.

هەرچەندە هەموو تیمەکانی لێکۆڵینەوەکانی کۆمیسیۆن هان دەدران کە تێڕوانینێکی جێندەری زیاد بکەن، بەڵام یەکێک لەو دە تیمە بە تایبەتی تیشکی خستە سەر ژنان لە ململانێدا. تیمی لێکۆڵینەوەی پێنج ئەندامی ژنان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژنانی ڕزگاربووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ئەنجام دەدا، لەوانە توندوتیژی سێکسی و دانیشتنێکی





جەماوەرییان لەسەر ژنانی کاتی ململانێ ئەنجامدا کە بە شێوەی نەتەوەیی لە تەلەفزیۆن کراوە. هەروەها ژنان بەشدارییان لە وۆرکشۆپەکانی چاککردنەوەی کۆمسیۆن کرد کە بە درێژایی کاتی کۆمسیۆن بەڕێوەچوون، یەکێک لەوانە دانیشتنێکی ئامادەکاری بوو بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە لە دانیشتنی جەماوەریدا قسەیان دەکرد. ئەم دەرفەتە بۆ ژنانی سەرانسەری وڵات بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و چیرۆکەکانیان هاوبەشی بکەن هاوئاهەنگی و پشتیوانی هاوبەشیان دروستکرد کە لە کاتی دانیشتنی جەماوەریدا یارمەتیدەر بوو.

ئەو ژنانەی ئەزموونی توندوتیژی سێکسییان بڵاوکردۆتەوە لە دانیشتنەکەدا یەکەم پەروەردەی گشتی سەبارەت بە توندوتیژی سێکسیان بۆ تیمۆری ڕۆژهەڵات دابین کرد. زیاتر لە پێنجیەکی (21.4٪) نزیکەی 8 هەزار لێدوانی کۆمسیۆن لە لایەن ژنانەوە وەرگیراوە و 27٪ ی ئەو کەسانەی کە قەرەبووی بەپەلەیان وەرگرتووە ژن بوون. یەکێك لە جموجووڵە گرنگەکانی ئەم لیژنەیە لە ڕووی یەکخستنەوە ئەوە بوو کە دوو لەو سێ CSO یەی کە گرێبەستیان لەگەڵ کردووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پشتگیری، CSO ی ژنان بوون. ئەو ڕێکخراوانە پشتگیری بەدواداچوونیان بۆ ئەو ژنانە کرد کە لێدوانیان دا و بەشدارییان لە دانیشتنی گشتی و بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی بەپەلەی کۆمسیۆندا کرد. جگە لە بەدواداچوون لەگەڵ تاك تاکی ژنان کە بەشداری کۆمسیۆن بوون، CSO یەکان لەگەڵ کۆمەڵگەکان کاریان کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆشەگیرییەی کە چەندین قوربانی و بەتایبەتی ژنانی گوند دەیانچەشت. هەرچەندە پشتیوانی بەدواداچوون نەگەیشتە سەرجەمی ناوچەکانی تیمۆری ڕۆژهەڵات و لەودیو ژیانی کۆمیسیۆنەکەدا تێپەڕی نەدەکرد، ئەو تۆوانەی بە هەماهەنگی لەنێوانیاندا چێندران ئەم لیژنەیەی ڕاستیەکان و CSO کان لە ڕێگەی داکۆکی و پشتگیری بەردەوامەوە ڕەگیان داکوتا بۆ چارەسەرکردن و دووبارە یەکخستنی پێداویستیەکانی ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و منداڵەکانیان تەنانەت دوای ئەوەی دەستەی ڕاستی کارەکانی تەواو کرد.

ئەنجامەکانی ڕێکارە جۆراوجۆرەکانی ڕاستیخوازی لە سەرتاسەری جیهانەوە بە ڕوونی ئەوە بە بەڵگەنامە دەکەن کە چۆن توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ وەك چەکێکی شەڕ کار دەکات و ئەو نیشانە قووڵانەی کە لەسەر ژنانی ڕزگاربوو و منداڵی لەدایکبووی جەنگ جێ ماوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێك شوێندا وەك نایجیریا ڕاستی بە ناتەواوی ماوەتەوە. هەرچەندە راپۆرتی ڕفاندنی ژنان هەیە، بەڵام زانیاری دەربارەی ئەزموونەکانیان لە کاتێکدا لەلایەن شەڕکەرانی بۆکۆ حەرامەوە گیراون دیار نییە یان هەواڵیان لێ نەدراوە. جگە لەوەی لەلایەن بۆکۆ حەرامەوە، دەستدرێژی کراوەتە سەر ئەو ژنانەی بوونەتە کۆیلە کە بۆ کاری زۆرەملێ بەکارهێنراون، وەك

قەڵغانی مرۆیی و وەک خۆکوژ. چونکە حکومەت شکستی هێنا لە هەوڵی جدی بۆ ڕزگار کردنی ئەو ژن و کچانە لەهەمان کاتدا لە داننان بە سەختی ئەزموونەکانیان شکستی هێنا، بە تێپەڕبوونی کات خەڵك کەمتر هەستیار بووە بەرامبەر بە ترسەکانی توندوتیژی سێکسی.

سروشتی دیاریکراوی توندوتیژی سێکسی لە وڵاتەوە بۆ وڵات جیاوازە، بەڵام واقیعێك کە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی هاوبەشن ئەوەیە کە ئازار و دەروونبریندارییەکانیان بە تێپەڕینی ململانێکە کۆتایی پێ نایەت. بەڵکو زۆرجار قورستر دەبێت کە لە ڕووی جەستەیی و سۆزیی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە چونکە دوای ململانێدا بەرەنگاری دەبنەوە. گرنگە هەموو ئەو بوارانە دیراسە بکرێن بۆ ئەوەی هەوڵی یەکخستنەوە بۆ چارەسەرکردنیان ئەوەندەی دەکرێت گشتگیر بێت.

### دەستپێشخەریی ڕاستیخوازی ڕابەریکراوی کۆمەڵگەی مەدەنی

کاتێك نکۆڵیکردنی فەڕمی، یان نەبوونی ویستی سیاسی لە کاربەدەستانی دەوڵەتەوە هەبێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەشێوازێک بەشداری بەرچاویان بۆ ڕاستیخوازی کردووە کە پشتگیری ژنانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەکەن.



لە ساڵی 2000دا گروپەکانی ژنان لە ژاپۆن، فیلیپین، کۆریا، هۆڵەندا، ئەندەنوسیا و تیمۆری ڕۆژهەڵات پرۆسەیەکی ڕاستی گێڕانەوەی ڕابەریکراوی کۆمەڵگای مەدەنییان ڕێکخست. بە ناوی دادگای تاوانی جەنگی نێودەوڵەتی ژنان لەسەر کۆیلایەتی سێکسی سەربازی ژاپۆن لە ساڵی 2000 لە تۆکیۆ بەڕێوەچوو بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگۆی کۆیلایەتی سێکسی لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم لەلایەن سەربازانی ژاپۆنی لە ئاسیا. لە 8 تا 12ی کانوونی یەکەمی 2000، دادگا گوێی لە شایەتی و داواکاری نزیکەی 60 ڕزگاربوو گرت. دادگاکە یاساناسانی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرت وەك داواکاری گشتی و دادوەران. ساڵێك دواتر، بڕیارێکی 200 لاپەڕەیی لە لاهای دەرکرا و ئیمپراتۆر هیروهیتۆی بە تاوانی تاوانباربوون دژ بە مرۆڤایەتی دانرا.

**کەمبۆدیا**

**پرۆژەی بەرگریکارانی کەمبۆدی: ئاشکراکردنی ڕاستیەکانی توندوتیژی سێکسی بە گواستنەوەی ڕاستییە ناوخۆییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

پرۆژەی بەرگریکارانی کەمبۆدی (CDP)، کە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە و لە ساڵی 2001 دامەزراوە، نوێنەرایەتی یاسایی بۆ هەژاران و لاوازەکان دابین دەکات، و لە هەوڵی بەهێزکردنی سەروەریی دیموکراتیی یاسادایە. پشتیوانی لە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ کۆمیتەی نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان (CEDAW) سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی دەبینرێت. بۆ نموونە، ڕاپۆرتی ساڵی 2013ی بۆ CEDAW ڕاسپاردەیەکی تێدایە بە ئەجێندایەکی ڕاستیخوازانەی ڕوونەوە. پێشنیاری ئەوە دەکات کە حکومەتی کەمبۆدی:

...بەوردی بەڵگەنامەی تاوانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە سایەی ڕژێمی خەمیرە سوورەکان تۆمار بکات وەک بەشێک لە تۆمارە مێژووییەکان و بە ئاشکرا دان بە ڕاستیەکان دابنێت لەبارەی SGBVی بەربڵاو کە لە کاتی... ڕژێم و داننان بە قوربانیەکان بە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی کە لەلایەن RGC [Royal Government of Cambodia] (حکومەتی شاهانەی کەمبۆدیا) بۆ بەبەڵگەنامە کردنی ئەزموونەکانی ژنان و بە پشتگیریکردن لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام لەسەر ئەزموونی ڕابردووی ڕزگاربووان بۆ ئەوەی break the silence and reveal root causes of VAW

[violence against women]]. پێویستە هەڵمەتی بەبەڵگەنامە کردن و هۆشیاری بگاتە جەماوەرێکی فراوان بەتایبەتی زانکۆکان وەك بنەمایەك بۆ گفتوگۆی زیاتر و تێگەیشتنی قووڵتر لەسەر پەیوەندی و بەردەوامی نێوان VAW ی ڕابردوو و ئێستا لە کەمبۆدیا.[17]

هەروەها پابەندبوونی CDP بە دادپەروەریی جێندەری لە دانیشتنەکانی ژناندا دەبینرێت کە ڕێکی دەخست. ئامانجێك لەو دانیشتنانە فشار خستنە سەر ژووری نائاسایی لە دادگاکانی کەمبۆدیا (ECCC) بۆ بەرپرسیارکردنی خەمیرە سوورەکان بۆ توندوتیژی سێکسی و جێندەری. ئەم دانیشتنانە هانی ژنانیان دا کە بەشداری لە هەموو بوارەکانی دادپەروەریی ڕاگوزەر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستیخوازی بەروونی لەپێشەوە و ناوەند بوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری جێندەری پەیوەست بە بوارەکانی تری دادوەری ڕاگوزەر. CDP لە ساڵانی 2010، 2011 و 2012دا دانیشتنی ژنانی ئەنجامدا. کۆتا دانیشتن لە ساڵی 2012، دانیشتنی ژنانی هەرێمی ئاسیا پاسیفیکی بوو کە چیرۆکی ڕزگاربووانی چوار وڵات و پانێڵێکی نێودەوڵەتی لەخۆگرتبوو. لەو ماوەیەدا، پێنج کەس لە ڕزگاربووانی ڕژێمی خەمیرە سوورەکان- چوار ژن و یەك پیاو-ئەزموونەکانیان لەگەڵ پانێڵێکی هەشت خوێندکاری هاوبەشی کرد کە نوێنەری چەندین زانکۆی ناوخۆیی





بوون. دوای ئەوەی ڕزگاربووان قسەیان کرد، خوێندکاران بە نۆرە پرسیاریان دەکرد و سەرنجیان دەدا. دوای ئەوە، پانێلی خوێندکاران بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە ڕاسپاردەکانی بۆ لایەنە جیاوازەکان لەخۆگرتبوو.

دانپێدانانی گشتی بۆ ئەزموونەکانیان هێورکردنەوەیەکی بە ڕزگاربووانی ژنانی بەخشی لە ئازارەکانیان و هانی دەدان کە زیاتر قسە بکەن. درک کردن بەوەی کە ئەزموونەکانیان گوشەگیر نەکراون، بەڵکو چەندین ژن توشی توندوتیژی جێندەری بوون لەلایەن خەمیرە سوورەکانەوە فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ تواناسازییان بۆ دانیشتنەکان دیالۆگی نیونەوەییەکان (لەنێوان ڕزگاربووان و خوێندکارانی زانکۆ) هەروەها دیالۆگی هەرێمی (لە نێوان ڕزگاربووان و داکۆکیکارەکانیان و داکۆکیکارانی دادپەروەری جێندەری لە ئاسیا و پاسیفیك) لێکەوتەوە. ئەم جۆرە هەوڵانە پلاتفۆرم بۆ ژنانی ڕزگاربوو فراوانتر دەکەن بۆ هاوبەشیکردنی ئەزموونەکانیان و پەرەپێدانی تۆرە گرنگەکان و فراوانکردنی تێگەیشتنی گشتی سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی.

نموونەکانی تری هەوڵی ڕاستیخوازی کۆمەڵگای مەدەنی گرنگییەکی تایبەتی دەدات بە منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. بێگومان بەرنامەکانی دادوەری ڕاگوزەر بۆ پشتگیریکردنی ئەو منداڵانە پشت بەو ماوەیە دەبەستن کە لە نێوان ململانێیەکە و ئەو بەرنامەیە دیاریکراوەیە کە پەرەی پێ دەدرێت. ئەگەر پرۆسەی دادپەروەری ڕاگوزەر بەرەو کۆتایی ململانێیەکە یان ماوەیەکی کەم دوای ئەوە ڕوو بدات، ڕەنگە ئەو ژنانەی کە لە ئەنجامی توندوتیژی سێکسی دووگیان بوون هێشتا لەدایک نەبوون یان ئەگەر منداڵەکانیان هێشتا زۆر بچووکن، کێشی تەواوی نەنگ و جیاکاری بەرامبەر منداڵان و دایکەکانیان لەوانەیە هێشتا هەستی پێ نەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ هەر ڕۆژێکدا، منداڵەکان گەورەتر دەبن و ئەو ئاڵنگاریەی ڕووبەڕووی دەبنەوە گەشە دەکات. باشترین کردار و وانەکان کە لە کاردانەوەکانی دوای شەڕەوە بۆ منداڵانی لەدایکبووی جەنگ فێرکراون هێشتا دەتوانن لە چوارچێوەی تردا بەسوود بن، ئەگەر دەستبەجێ نەبێت، ئەوا لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوودا.



**کەمبۆدیا:**

**نهێنی و هونەری گوێگرتنی سەرنجڕاکێش**

ئەم بنەما سەرەکیانەی پەیوەندیەکان لەوانەیە زۆر داهێنەرانە دەرنەکەون بەڵام ئەوان بەوردی لێرە باس دەکرێن چونکە بەدەگمەن سەرنجی وردیان پێ دەدرێت. توانای دروستکردنی بۆشایی پارێزراو وەك بەشێک لە هەر پرۆسەیەکی ڕاستیخوازی پێویستە بۆ گۆڕین لە دەروونبرینداری بۆ چارەسەرکردن و تواناسازی. Red Mariposas de Alas Nuevas Construyendo Futuro (پەپوولەکان بە باڵی نوێوە، دروستکردنی تۆڕی ئاینده) ستراتیژیی خۆپاراستن لەسەر بنەمای ڕێز و نهێنی بەکاردەهێنێت، کە ڕەگی لە نەریتی ئەفرۆ-کۆڵۆمبیادا هەیە. کۆمادریۆ لە وشەی ”comadre“ەوە وەرگیراوە، کە وشەیی وەرگێڕدراوە بۆ داپیرە یان ”هاو-دایك“. هەرچۆنێك بێت لە چوارچێوەی شەڕ و دوای ململانێدا، Red Mariposas ئەو وشەیەیان بەکارهێناوە بۆ مەبەستی ستراتیژییەک بۆ دروستکردنی بۆشاییەک کە ژنان هەست بە سەلامەتی بکەن بۆ قسەکردن چونکە کەس جیا نەکراوەتەوە، مەحکوم ناکرێت، نە ئیدانە دەکرێت.

لە چوارچێوەی ستراتیژی کۆمادریۆدا، Red Mariposas بە دەستنیشانکردنی ئەو توندوتیژییانە دەستی پێکرد کەژنان و کچان تووشی هاتبوون، و دواتر بۆشاییەکەیان فراوان کرد بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە (LGBTQI+) لەخۆ بگرێت. بەشداربووان ئازادن کە بێدەنگ بن یان قسە بکەن، بەڵام دابینکردنی ئەم بۆشاییە زۆرجار سەرەتای گەشتێکە بەرەو چاکبوونەوە بە ئەنجامدانی. یەکێکی تر لە فاکتەرە سەرەکیەکان تێڕوانینی ئەو کەسانەیە کە گوێ لەو کەسانە دەگرن کە وەك بابەتی کۆمەڵایەتی قسە دەکەن. کاتێک کەسێک هەست بەوە دەکات کە تەنها قوربانییە، دەستی درێژ دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی، بەڵام کاتێک کار لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەین کە ئێوە بابەتێکی کۆمەڵایەتین بە مافەوە... وە تۆ تووشی ئەوە بوویت...[violence]، بەڵام ئەوە... تۆ زۆر لەوە زیاتریت... تۆ دەست دەکەیت بە چاککردنەوەی ئەو هەستەی خود، وە ئەوە بەڕاستی ئەو شتەیە کە ئێمە ئامانجمانە.“[18]

هاوبەشەکان لە کۆڵۆمبیا چەندین لایەنی تێوەگلاون لەوەی پێی دەڵێن ”گوێگری میهرەبان“ یان ”گوێگرتن و دیالۆگی ڕەنگدەرەوە“:

- **سەرنجدان بۆ شوێن: یەکێك لە یەکەم کارەکان کە دەکرێت، بەتایبەتی لە شوێنێکی وەك کۆڵۆمبیا کە هێشتا دۆخەکە مەترسیدارە، دۆزینەوەی بۆشاییەکی بێلایەنە، وەك هۆتێلێك، کە ئەو ژنانەی کە دەیانهەوێت قسە بکەن دەتوانن دڵنیابن کە کەسی دی گوێیان لێ ناگرێت.**

- **بە ڕزگاربووان مەڵێ چی بکەن:** ڕەنگە ژنان ئەزموونێکی هاوشێوەیان هەبووبێت لە کاری زۆرەملێ یان توندوتیژی سێکسی، بەڵام ئەزموونی هەر ژنێك بێوێنەیە، هەروەها شێوازی قسەکردن لەبارەیەوە و پێواژۆ کردنی. ئەوانەی گوێ دەگرن هەرگیز بە ڕزگاربووان ناڵێن چی بکەن بەڵکو پرسیار لە ڕزگاربووان دەکەن کە دەیانەوێت چی بکرێت.

- **هیچ فشارێک نییە بۆ دەستنیشانکردنی تاوانباران:** گوێگرەکان خۆیان وەك ڕێنوێنی بۆ پرۆسەیەك دەبینن کە لەلایەن ڕزگاربووەکانەوە دیاری دەکرێت. ئەگەر پرۆسەیەکی دادوەریی هەبێت و ڕزگاربووێك بیەوێت بەدواداچوون بۆ ئەوە بکات، ئەوە ڕێگایەکە، بەڵام تاکە ڕێگا نییە، کە گوێگران پشتگیری بکەن. ئەمە ئەو شوێنەیە کە کۆمادریۆ دێتە ژوورەوە و یارمەتی ڕزگاربووان دەدات لە تۆڕەکەدا بمێننەوە.

- **دانیشتنەکانی گوێگرتنی ڕزگاربووان:** نەك هەر ”دانیشتنەکانی گوێگرتن“ بەکاردێت بۆ پێکهێنانی پرۆسەیەکی ڕاستیخوازی و چاکبوونەوە، بەڵکو ڕزگاربووەکانیش لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکانی گوێگرتن لەنێوان خۆیاندا.

کاتێك چاوپێکەوتنێك بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ لە بنەڕەتدا وەك دانیشتنێکی گوێگرتن دەبینرێت کە دینامیکی هێز لەوانەیە بگۆڕێ بۆ ئەوەی ئافرەتەکە یان ئەو منداڵانەی کە لە کاتی جەنگ لەدایك بوون ئەوان کەسی ”بەرپرس“ بن نەك ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات. ئەم ئاڵوگۆڕە پێویستی بە سڕینەوەی مەبەست لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە ڕاستیخوازی نییە بەڵکو لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی.

**بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا:**

**شکاندنی بێدەنگی و بنیاتنانی هاوسۆزی لە نێوان منداڵانی لەدایکبووی جەنگ**

کۆمەڵەی منداڵانی لەبیرچووی جەنگ (FCW) لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا کە لە ساڵی 2015دا لەلایەن منداڵانی شەڕ و چالاکوانانی CSO دامەزراوە، داکۆکیکارن لە ناساندنی فەرمی منداڵانی جەنگ وەك گرووپێکی جیا لە رزگاربووانی خاوەن پێداویستی و مافی تایبەت. FCW پێی وایە تاکە رێگا بۆ وەستاندنی جیاکاری و نەنگکردنی منداڵانی جەنگ بە شکاندنی بێدەنگییە دەربارەیان و زیاتر بەرچاو کردنیانە. کۆمەڵێك رێبازی بێوێنەی پەرەپێداوە-هونەر، پرۆگرامی پەروەردەیی، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، تۆری ناوخۆیی بۆ نێودەوڵەتیەکان-بۆ باشترکردنی دانپێدانانی کۆمەڵایەتی و یاسایی منداڵانی جەنگ. لە ئەنجامدا چەند منداڵێکی شەڕ دەستیان کردووە بە هەنگاونان لە ناو جەماوەردا، بە هاندانی ئەو راستییەی کە تەنیا نین بەڵکو لەگەڵ منداڵانی دیکەی شەڕدا وەستاون کە ئەزموونی نەرێنیشیان هەبووە. هاوکات، FCW دان بەوە دەنێت کە تێکۆشان بۆ دانپێدانانی منداڵانی جەنگ ناتوانرێت لە خەباتی نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری و هەر جۆرە چاوپۆشییەک لێی جیابکرێنەوە. کەواتە لایەنێکی سەرەکیی تری رێبازی FCW ئەوەیە کە هاوخەمی دروست بکات لە نێوان ژنانی رزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی بۆ ئەوەی ئەوانیش بزانن کە تەنیا نین.

„„„بۆ ئەوەی هەموو ژیانم جیاواز بێت و بەجیاوازی مامەڵەم کرد...[means I have been] من بە دوای وەڵامدا گەڕام، کاتێک 15 ساڵ بووم دۆزیمەوە. لەو ساتەدا، بۆم دەرکەوت کە ئەوە ناڕەوایە، ئەوەی کە من و دایکم پێیدا تێپەڕیوین، چونکە ئەو لە هیچ شتێك تاوانبار نییە و نە منیش. بۆیە خۆزگەم خواست ئەم جیهانە ببێتە شوێنێکی باشتر بۆ دایکم و ژنانی تر کە بە هەمان شێوە ڕزگاریان بووە، و دواتر بۆ منداڵەکانیش. لەو ساتەدا، هەموو نائارامی و بوێری منداڵیم گۆڕا بۆ هێزی زۆر گەورە، کە ئەمڕۆ بە پشتیوانی دایکم و زڕباوکم لە چالاکیدا وەبەرهێنان دەکەم. زۆر گرنگە جەخت لەوە بکەمەوە کە...زڕباوکم...فریشتەی بەخێوکەری منە، و تەنها و تاکە باوکی منە، بابە، بوێری منە. هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە هیوام خواست و هێشتاش هیوادارم دایکان و منداڵانی تر ئەو هێزەی کە من هەمە بەکاری بهێنن، ئەوەی کە لە کرداری مندا دەیدۆزنەوە، و بە قسەکانم من بیناسنەوە کە ڕێگایەکیان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەو وشانەی کە من بەکاری دێنم بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکەمەوە کە تەنیا نین. ئەو شتەی کە ئەوان پێیدا تێپەڕبوون، و ڕزگاریان بوو، هیچ شتێك نییە کە ئەوان شەرمی لێ بکەن. وە ئەوەی کە، بەلای منەوە، ئەوان شانازیم پێوە دەکەن، و ئەوان خێزانی منن."[19]



## 1.3 ئەو وانانەی کە فێری بووین




- بۆ زۆرێک لە ژنانی رزگاربوو، پرۆسەیەکی فەرمی بۆ دەرخستنی راستییەکان یەکەم هەنگاوی بەشداریکردنی ئەوانە لە هەر هەوڵێکی گشتیی بۆ تۆمارکردنی بەڵگەکان، بۆیە زۆر گرنگە وەها بەشداریان پێ بکرێت کە هەست بە دڵنیایی و ئاسایش بکەن. بنیاتنانی **پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی،** بەتایبەت ئەوانەی کە شارەزان لەبواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە لەبارەی توندوتیژیی جێندەری، کلیلی دروستکردنی تۆڕەکانە بۆ سەقامگیربوونی دووبارەی ماوەدرێژ. بۆ نموونە، ئەندامانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە تایبەتن بە ژنان لە تیمۆری رۆژهەڵات رۆڵی جۆربەجۆریان هەبوو لە کۆمیسیۆنی دەرخستنی راستیەکان، لەوانە کارکردن لەسەر کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە لەبارەی توندوتیژیی سێکسی. دوای دەیان ساڵ، هەندێک لەو ژنانە بەردەوامن لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی رزگاربوو.

**راسپاردە:** بەرنامە فەرمیەکان بۆ دەسخستنی راستیەکان، یان لێکۆڵینەوە فەرمیەکان، سوود لە هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی وەردەگرن بۆ ناسینی ئەو کەس و رێکخراوانەی کە لە بواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە لەبارەی توندوتیژیی جێندەری ئەزموونیان هەیە، و هەندێ کەس و رێکخراوە دەستنیشان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە دارشتن و جێبەجێکرنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە.

- پرۆسەکانی دەستخستنی راستیەکان بەهێز کراون و هەندێ کرداری نوێ و دەستپێشخەرانە داناون، بە یارمەتیی پلانێکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە کە بەسەرهاتەکانی ژنانی رزگاربوو تۆمار دەکات. بەڵام، لەگەڵ چەند نموونەیەکی کەم، ئەو کردارانەی کە بەشداریی رزگاربووان بەهێز دەکەن و هانی سەقامگیربوونی دووبارەیان دەدەن، دەبێت فراوان بکرێن.

لە تیمۆری رۆژهەڵات، هەوڵە سەرەتاییەکانی ACbit و AJAR بە بەکارهێنانی شێوازی جۆربەجۆر بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان دایکان و منداڵەکانیان، توانای ئەوەیان هەیە کە خەڵک دەربارەی مافەکانیان هۆشیار بکەنەوە. ستراتیژیی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتەوایی لەرێگەی

ڕێبەرە ئاینیە کاریگەرەکانەوە لە نایجیریا دەبێت پێداویستیە تایبەتەکانی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە بەرچاو بگرێت. ئاسانکاریکردن بۆ ئەو پرۆژانەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەنامەی هاوبەشی کۆمەڵگەیی، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن شەڕ دەتوانێت زیان بگەیەنێت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و چۆن دەکرێت ئەم زیانانە چارەسەر بکرێن. دەکرێت ئەزموونەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە لە کۆمەڵگایەک لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تری هاوبەش بکرێت، بۆ نموونە لەڕێگەی پیشانگای گەڕۆک، کورتە ڤیدیۆ، و بەرنامەی ڕادیۆییەوە. سەرنجڕاکێشە کە بیر بکەینەوە لەوەی کە دەتوانین چی بکەین ئەگەر تەرکیزی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە لە تاکەسەوە بگۆڕین بۆ کۆمەڵ. بۆ نموونە، چی فێر دەبین کاتێک کە ژنانی ڕزگاربوو یان منداڵەکانیان بەسەرهاتەکانیان تۆمار بکەن، پەرەی پێ بدەین بە جۆرێک کە کۆمەڵگەکان بەسەرهاتەکانی یەکتر تۆمار بکەن.

**ڕاسپاردە:** CSOکان و ئەو ڕێکخراوە حکومیانەی کە بەشدارن لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەی توندوتیژیی سێکسی دەبێ بیر بکەنەوە لەوەی کە چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر کردارە تاکەکەسیەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بەکار بهێنن بۆ ئەوەی هەندێ بەرنامەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە دابڕێژن کە کۆمەڵگە تێیدا بەشداری بکات.

- وانەیەکی تر لە ئەزموونی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا فێر دەبین کە لەوێ بنەمای سەرەکیی «زیان مەگەیەنە» لە داڕشتنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەدا بەکار دەبردرێت. کۆکردنەوەی زانیاریی ئاماری لەبارەی ژمارەی ڕزگاربووانی لاقەکردن لە کاتی شەڕ نابێت وەکو پەسندکردنی گرووپێک بە سەر گرووپێکی تردا هەژمار بکرێت، بەڵکو دەبێ وەکو هەوڵێک بۆ دروستکردنی تۆمارێکی گشتگیر کە ڕادە و جۆری تاوانە جێندەرییەکان نیشان دەدات لە قەڵەم بدرێت. ئەمە هەروەها دروستە سەبارەت بە شێوازی تێگەیشتن لە بەبەڵگەکردنی پێداویستیەکانی دامەزرانەوەی دووبارە، و هەڵبژاردنی زمانی بەکارهێنراو بۆ ڕوونکردنەوەی. ئامانج ئەوە نیە کە بایەخی زیاتر بدەین بە گروپێکی ڕەگەزی یان ئایینی دیاریکراو، بەڵکوو ئامانج ئەوەیە کە پەیوەندیە خێزانی و کۆمەڵایەتیە تێکچووەکان چاک بکەینەوە بە جۆرێک کە کۆمەڵگەکان، نەک تەنیا تاکەکان، چاک ببنەوە.

**ڕاسپاردە:** لەکۆکردنەوەو تۆمارکردنی بەڵگەی توندوتیژیی سێکسیدا دەبێ هەندێ سیستەمی پشکنین و هاوسەنگکردن یان پرۆسەی تر بەکار بهێنرێن بۆ خۆدووگرتن لە هەرچەشنە لایەنگریی سیاسی، نەژادی، کۆمەڵەی ڕەگەزی، ئابووری، تەمەن، ئاڕاستەی سێکسی، و هەر جۆرە لایەنگریەکی تر. دەتوانین بەکەڵک وەرگرتنی بەردەوام لە زمانی مافەکانی مرۆڤ ئەمە بەهێز بکەین



- کاتێک بیر دەکەینەوە لە ڕۆڵی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە بۆ مەبەستی دووبارە دامەزرانەوە، تەرکیزی کارەکە پەرە دەستێنێت بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پرۆژەکانی دادوەریی ڕاگوێزەر وەک پاڵپشتیکردن لە لێپێچینەوە لەلایەن دادگا نیشتمانیەکان یان نێودەوڵەتیەکان یان دادگای تێکەڵ؛ کە تۆمارێکی نیشتمانیی جێباوەڕ لەبارەی ڕابردوو دروست دەکات؛ یان تۆمارێکی نیشتمانی لە کارەکانی سارێژ و چاککردنەوە دروست دەکات. دروستکردنی هاوخەمی لەنێوان ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دەتوانێت یەکێک لە خاڵەکانی تەرکیزی هەر هەوڵێکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە بێت. هەموو ئەوانەی کە ئەم ڕوانگە بەرفراوانەیان هەیە دەبێ هەروەها پابەندیش بن بە بنەمای ڕەزامەندیی ئاگاهانە بۆ هەموو کارێکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە. بەشداریکردنی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە داڕشتنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەدا ڕێگەیەکی باشە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕەزامەندیی ئاگاهانە.

**ڕاسپاردە:** بەشداریکردنی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەدا وەکو بەشێک لە پرۆسەی ماوەدرێژتری دووبارە دامەزرانەوە زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی نێوان نەوەکان.

- کاتێک بیر دەکەینەوە لە ڕۆڵی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە بۆ مەبەستی دووبارە دامەزرانەوە، تەرکیزی کارەکە پەرە دەستێنێت بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی پرۆژەکانی دادوەریی ڕاگوێزەر وەک پاڵپشتیکردن لە لێپێچینەوە لەلایەن دادگا نیشتمانیەکان یان نێودەوڵەتیەکان یان دادگای تێکەڵ؛ کە تۆمارێکی نیشتمانیی جێباوەڕ لەبارەی ڕابردوو دروست دەکات؛ یان تۆمارێکی نیشتمانی لە کارەکانی سارێژ و چاککردنەوە دروست دەکات. دروستکردنی هاوخەمی لەنێوان ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە دەتوانێت یەکێک لە خاڵەکانی تەرکیزی هەر هەوڵێکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە بێت. هەموو ئەوانەی کە ئەم ڕوانگە بەرفراوانەیان هەیە دەبێ هەروەها پابەندیش بن بە بنەمای ڕەزامەندیی ئاگاهانە بۆ هەموو کارێکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە. بەشداریکردنی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە داڕشتنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەدا ڕێگەیەکی باشە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕەزامەندیی ئاگاهانە.

ڕاسپاردە: بەشداریکردنی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی هەوڵەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەدا وەکو بەشێک لە پرۆسەی ماوەدرێژتری دووبارە دامەزرانەوە زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی نێوان نەوەکان.

- کۆمیسیۆنیە فەرمیەکانی دەرخستنی ڕاستیەکان و کۆمیسیۆنەکانی لێکۆڵینەوە ئاساییانە تەنیا بۆ ماوەی چەند ساڵ بوونیان هەیە. لە حاڵێکدا، بەسەرهاتەکانی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی شەڕ کاریگەرییەکی ترۆمایی هەیە کە زۆرجار بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، و کێشەکانی پەیوەست بە منداڵانی لەدایکبووی جەنگ لەوانەیە دەرنەکەوتبێتن یان بە قووڵی ئەزموون نەکرابێتن. پرۆسەکانی دەستخستنی ڕاستیەکان لەوانەیە چەند ڕێگایەکی نوێ و توانابەخشیان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بێدەنگی و شەرمەزارییەی کە لە تاوانە جێندەرییەکاندا هەیە. ئەو پرۆسە فەرمییانەی کە پابەندن بە یەکسانی جێندەری لەوانەیە سەرکەوتوو بن لە شکاندنی بێدەنگیی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان، بەڵام کۆمەککردنی جددی بۆ دووبارە دامەزرانەوە زۆر جار پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە لەوەی کە لە بەردەستی کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکاندایە. نموونەیەکەی ئەم سنووردار بوونە لە کامبۆدیا ڕووی داوە. ژنێک ڕوونی کردەوە کە تاکە هۆکاری قسەکردنی لە دانیشتنی ژنان لە پنۆم پێن ئەوە بووە کە زانیویەتی، دراوسێکانی کە تەلەفیزیۆنیان نییە، دانیشتنەکە نابینن. ئەو دەترسا، ئەگەر ئەوان چیرۆکەکەی ببیستن، لەوانەیە، ناچاری بکەن لەوێ بڕوات. دانیشتنی دادگای ژنان ناتوانێت ئەم نیگەرانیە چارەسەر بکات.

یەکێک لەو شتانەی کە لە تیمۆری ڕۆژهەڵات دەرکەوت ئەوە بوو کە تەنانەت دوای کاری کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکانیش، پێویستە کە گێڕانەوەی ڕاستیەکان بەردەوام بێت. هەوڵدان بۆ دەستخستن و سەلماندنی ڕاستییەکان لەبارەی توندوتیژیی سێکسی دەتوانێت لە کۆتاییدا ببێتە هۆی چاککردنەوە و داکۆکیی بەردەوام لە مافەکانی تاکەکەسەکان و کۆمەڵگەکانیان، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی درێژماوەیە. پێویستە ئەوەمان لە بیر بێت کەوانی درێژی دادوەری یارمەتیی کۆمیسیۆنەکانی دەرخستنی ڕاستیەکان دەدات کە پێشەنگی بدەن بە پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەتوانن دوای کۆتاییهاتنی پرۆسە فەرمیەکان درێژە و پەرە بە کارەکە بدەن. دوای کۆتاییهاتنی ئەرکی کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان، بەردەوامبوون لە دروستکردنی دەرفەتگەلێک کە هانی ژنانی ڕزگاربوو بدەن بۆ ئەوەی چیرۆکی ڕاستی خۆیان بڵێن، بەشدارکردنی منداڵەکانی ئەوان لەو چالاکیانە دا کە بەهێزیان دەکەن، باشترکردنی دەستگەیشتنیان بە خزمەتە بنەڕەتیەکان، هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیروڕا سەبارەت بە ئەوان، هەموو ئەمانە کارگەلێکن کە خزمەتی دووبارە دامەزرانەوەی ئەوان دەکەن.

داکۆکیکردن لە بەجێهێنانی مافی دادوەری و قەرەبووکردنەوە بۆ ژنانی ڕزگاربوو پێویستی بە پەیوەندییەکی درێژخایەن لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕزگاربووان هەیە کە کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان دەتوانێت دەستی پێ بکات. پرۆسەکانی دەستخستنی ڕاستیەکان کە دەکرێ لە دوای کۆتاییهاتنی ئەرکی کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان بەردەوام بن لە کاری



خۆیان، دەتوانن دەرفەتێک بن بۆ بەدەستهێنانی ڕاستیەکان لای ئەو گرووپانەی کە کەمتر ناسێنراون. بۆ نموونە، ئەو زانیاریانەی کە لەبارەی ئەزموونی توندوتیژیی سێکسیی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەی پەلکەزێرینە (LGBTQI+) لە کامبۆدیا و کۆلۆمبیاوە بە دەست هاتوون نیشان دەدەن کە پێویستە بەبەڵگەنامە کردنی زیاترە. منداڵانی لەدایکبووی شەڕ شایەنی ئەوەن کە سەکۆیەکیان هەبێت بۆ باسکردن و پشتڕاستکردنەوەی بەسەرهاتەکانیان. کچانی ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی لەوانەیە لە مەترسیی قوربانیبوونی دووبارەدا بن، چونکە خانەوادەی گەورەتری ئەوان ناتوانن کە بیان پارێزن لە چەوساندنەوە و توندوتیژیی سێکسی.

**ڕاسپاردە:** پرۆسە فەرمی و نافەرمیەکانی دەستخستنی ڕاستیەکان هەردووکیان دەتوانن بە سێ شێوە کۆمەک بکەن بۆ دووبارە دامەزرانەوە:

1. هەر لە سەرەتای پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکانەوە، بەشداری بکەن بە ئەو CSO یانە کە لە بواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەی توندوتیژیی جێندەری یان کارکردن لە بواری مافەکانی ژنان و منداڵان ئەزموون و شارەزاییان هەیە. هەرچەندی بکرێت، لە داڕشتن، پلاندانان، و جێبەجێکردنی چالاکیەکاندا بەشدارییان پێ بکەن، و یارمەتییان بدەن بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی بەرنامەی فەرمی درێژە بە پرۆسەکە بدەن.
2. لە ماوەی پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکاندا، هەوڵ بدەن کە ئاسانکاری بکەن بۆ دروستکردنی پەیوەندی نزیک لە نێوان CSOیەکان، ڕزگاربووان، و منداڵەکانیان بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکان، بەردەوام بن لە کارکردن.
3. ئاسانکاری بکەن بۆ بەشداریکردنی سەلامەتی ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان لە هەموو هەوڵێکی دەستخستنی ڕاستییەکان بۆ ئەوەی ئێوە دڵنیا بن کە بەسەرهاتەکانیان دەخزێنە ناو ئەو تۆمارانەوە کە هەوڵ دەدەن ڕاستیەکان لەبارەی شەڕەکانی ڕابردوو دەربخەن. هەوڵ بدەن کە بابەتەکانی بەدناوکردنی کۆمەڵایەتی، هەراسانکردن، و ئەو ترس و ترۆمای کە لە ئاکامیدا دروست دەبێت بخەنە نێو پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکان.

- لە پرۆسە فەرمیەکانی دەستخستنی ڕاستیەکان زۆرجار کەسێکی نێودەوڵەتی بەشدار دەکرێت بە شێوەی کارمەند، ڕاوێژکار، و هەندێکجار تەنانەت کۆمیسیارانیش. تێڕوانینی زیاتر پێویستە لەبارەی کاریگەریی ئەمە لەسەر ژیانی خەڵک لەم وڵاتە بۆ ئەوەی لایەنە ئەرێنیەکانی زیاتر بکرێن و لایەنە نەرێنیەکانی کەمتر بکرێنەوە. بۆ نموونە، لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، لە سەرەتای شەڕەکە ژنان بوێرانە لەبارەی ئەو توندوتیژیە سێکسیەی کە بەسەریان هاتبوو

قسەیان دەکرد، بەڵام دوای شەڕ دەترسان لەوەی کە ئاشکرا باسی بکەن چونکە دەترسان بەدناو ببن و ئەمەش زیاتر ژیانیان تێک بدات. چەند هۆکار هەن بۆ ئەم گۆڕانی هەڵوێستە، بەڵام ئەگەری زۆرە کە یەکێک لە هۆکارەکان پەیوەندی بە ئامادەبوونی نێودەوڵەتییەوە بێت. بۆ نموونە، نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک تەنیا ڕەوایی دەدەن بە چیرۆکەکانی ژنان، بەڵکو هەستی ئەمنیەتیشیان پێ دەبەخشن-"هەستی ئەوەی کە هەموو دونیا دەیانبینێت"-بەڵام دوای ڕۆیشتنی ئەو نوێنەرانە ئەم هەستەش نامێنێت. بەشداریی نێودەوڵەتیی پەیوەندیدار بە هەر پرۆسەیەکی دادوەریی ڕاگوێزەر چۆن دەتوانێت کۆمەک بکات بە دروستکردنی تۆڕ و پەیوەندییە خۆجێییەکان لە حاڵێکدا ئەوان هەست دەکەن ئیتر هەموو دونیا نایانبینن؟

**ڕاسپاردە:** هاوبەشە نێودەوڵەتیەکان هەمیشە هان دەدرێن کە بەردەوام بیر بکەنەوە لەو ڕێگانەی کە دەتوانن بەرامبەر بە ژنانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان بەرپرسیار و وەڵامدەر بن بۆ ئەوەی کاریگەریە نەرێنی و نەخوازراوەکان کەمتر بکەنەوە.

- یەکێک لەو وانانەی کە لە کۆڵۆمبیا فێر بووین ئەوە بوو کە دەبێ بتوانین بەباشی گوێ لە خەڵک بگرین. کۆڵۆمبیەکان دوو دەستەواژەی "گوێگرتنی دڵسۆزانە" و "گوێگرتن و دیالۆگی بیرمەندانە" بە کار دەهێنن. چالاکوانان لە وڵاتانی تر دەڵێن کە کاتێک ڕزگاربووان قسە دەکەن دەبێ "چالاکانە" یان بە شێوەیەکی "قووڵ گوێیان لێ بگرین." دروستکردنی پابەندیەکی نێودەوڵەتی بۆ باشترکردنی شارەزاییەکانی گوێگرتن لەڕێگەی خوێندنەوە و ڕاهێنانەوە دەتوانێت جیاوازی دروست بکات لە نێوان پرۆسەیەکی دەستخستنی ڕاستیەکان کە ئازارەکان سارێژ دەکات و پرۆسەیەک کە هەستی سوودخوازی دەگەیەنێت. بەهەمان شێوە، پێویستیی پاراستنی نهێنیەکان و زانیاریەکان زۆر گرنگە. بەکارهێنانی چەمکێک کە ڕیشەی ئەفریقی-کۆڵۆمبی هەیە، وەک comadreo، پاڵپشتی دەکات لە خاوەندارێتی خۆجێیی پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکان. نموونەیەکی تر لە نیپاڵ ئەوەمان بە بیر دەهێنێتەوە کە "سەلامەتی لە کۆمەڵدایە"، و بە ئەگەری زۆرەوە کە بەشێک لە ژنانی بە کۆمەڵ دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە.

**ڕاسپاردە:** بۆ پشتگیریکردن لە ڕێبازێکی بە ناوەند کردنی ڕزگاربوو بۆ دەستخستنی ڕاستیەکان، ئەم هەنگاوانە پێشنیار دەکرێن:

1. لە داڕشتنی پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکاندا، هەوڵ بدەن دەستەواژە و چەمکی خۆجێیی بەکار بهێنن بۆ ئەوەی باشتر ئامانجی پرۆسەکە بگەیەنن، و هاوکات ئەوەتان لە بیر بێت کە ڕێزگرتن لە ژنان وەکو ڕزگاربوو، دەتوانێت هێز ببەخشیت بە کەسانی تر.



2. ئەوانەی کە بەڵگە سەرەکیەکان کۆ دەکەنەوە و تۆماریان دەکەن دەبێ لە بواری شارەزاییەکانی گوێگرتندا فێر بکرێن و ڕاهێنان ببینن.
3. بەپێی کێشە ئاسایشیەکان، بنەمای "زیان مەگەیەنە" پێویستی بە ڕێکاری ڕوون هەیە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی نهێنی، ڕەزامەندیی ئاگاهانە، و دروستکردنی ژینگەیەکی ئاسوودە بۆ ئەوەی ژنانی ڕزگاربوو قسە بکەن. ئەمە زۆر گرنگە بە تایبەت لەو حاڵەتانەدا کە ئەگەری تۆڵەسەندنەوە لە لایەن ئەنجامدەری تاوانەوە هەیە.
4. هەوڵ بدەن ڕێگەی جێگرەوە بدۆزنەوە بۆ شێوازی باوی گەواهیدانی تاکەکەسی بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕاستیانەش کە لەڕێگەی دەنگی بەکۆمەڵەوە ئاشکرا دەکرێن وەربگرن و پشتڕاست بکەنەوە

- لەوانەیە پێویست بێت زیاتر تەرکیز بکەنە سەر ئەو توندوتیژی و جیاکارییانەی کە ژنان لە ماوەی جەنگ دا ئەزموونی دەکەن بۆ ئەوەی تۆمارێکی ڕوون لەبارەی جەنگەکە ئامادە بکەن، بەڵام ئەمە هەم شیکردنەوەی ئەو بەسەرهاتانە، و هەم وەڵامدانەوەیان، سنووردار دەکات. زۆرێک لە کۆمیسیۆنەکانی دەرخستنی ڕاستیەکان ڕاسپێردراون کە بگەڕێن بۆ هۆکارە بنەڕەتیەکانی شەڕەکە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بگیردرێت. لە حاڵەتی توندوتیژیی سێکسیدا، ئەمە پێویستی بە تێگەیشتن لە توندوتیژی دژی ژنان بە تێپەڕبوونی کات هەیە. دەستپێشخەریەکانی دوای شەڕ لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە هەلومەرجی پێش شەڕ بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چ شتێک ڕێخۆشکەر بووە بۆ بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری. ئەوەی کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆڵۆمبیا ژنانی بانگهێشت کرد کە هەموو چیرۆکەکانی خۆیان باس بکەن، نەک تەنیا ئەو ڕووداوانەی کە لە کاتی شەڕی چەکداریدا بەسەریاندا هاتووە، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی توندوتیژی جێندەری بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لێک بدرێتەوە و هاوکات توانای خۆڕاگریی ژنانی ڕزگاربوو بەرجەستە دەکات.

**ڕاسپاردە:** هەرچەند بەبەڵگەنامە کردنی هەموو چیرۆکەکانی ژیانی ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی و منداڵەکانیان ڕەنگە لە ڕووی کات و سەرچاوەوە ئەستەم بێت، یان بەو واتایە بێت کە چەندایەتی قوربانیی چۆنایەتیی قووڵ کراوە، ڕەنگە سوودە درێژماوەکانی بەهای ئەم کارەی هەبێت، بەتایبەت ئەگەر هەندێ ڕێکخراوی خۆجێیی هەبن کە دوای کۆتاییهاتنی کاری کۆمیسیۆنی فەرمی درێژە بە پرۆسەی دەستخستنی ڕاستیەکان بدەن. هەندێ شێوازی داهێنەرانە وەک "کێشانی نەخشەی جەستە" دەتوانێت کۆمەک بکات بەم پرۆسانە. لەم شێوازەدا لە ڕزگاربووان داوا دەکرێت نەخشەیەکی جەستەیان بکێشن بە ئەندازەی جەستەی واقعییان و پاشان لەنێویدا ئەو وێنە و دەقانە دابنێن کە نیشاندەری بەسەرهاتەکانی ژیانیان-بەر لە جەنگ، لە ماوەی جەنگ و دوای جەنگ.

# 2. نان:

# ئەوەی کە ڕزگاربووان پێویستیان پێیە بۆ مانەوە لە ژیان

”من یەکجار زۆر دەبیستم کە باسی نەبوونی لێپرسینەوە دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی هەستی بێمتمانەیی بە توانایی دادگا نیشتمانییەکان بۆ دابینکردنی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ژنانی قوربانیی توندوتیژی“.[20]

ڕاستی بەس نییە. دووبارە و دووبارە، ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی کە لە پرۆسەکانی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگە و دەستخستنی ڕاستیەکاندا بەشدارییان کردووە باسی ئەوەیان کردووە کە لە بوارەکانی دابینکردنی خۆراکدا، داینی تێچووی خوێندنی منداڵەکانیان، و خۆدزینەوە لە فزوولی و گاڵتەپێکردنی کۆمەڵگەکەیان کێشەیان هەیە. ساڵی 2012 لە تیمۆری ڕۆژهەڵات، هەوت ساڵ دوای تەواوبوونی کاری کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان، کۆمەڵەی نیشتمانیی قوربانیان (NVA) پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی ئەنجامدا.[21] لەو توێژینەوەیەدا، ئەو ژنانەی کە بڕیاریاندا لەگەڵ CAVR باسی ئەزموونی خۆیان لە دەستدرێژی سێکسی بکەن، هەستێکی زۆر ناخۆشیان هەبوو لەبارەی ئەوەی کە چیرۆکەکانیان تۆمار دەکرێن بەڵام بێ پاڵپشتی وێڵ دەکرێن کە خۆیان بژێویی خۆیان دابین بکەن. یەکێک لە ڕزگاربووان پرسیاری کرد کە بۆچی ئیتر هیچ هەواڵێک لە کۆمیسیۆن نییە، و ئاخۆ شایەتنامەکەی ئەو لە یەکێک لە دەزگاکانی حکومەت ئەرشیڤ کراوە و پشتگوێ خراوە: «ئایا ئازارەکانی من ئێوەی سەرگەرم کرد؟» ژنێکی تر کە لە دانیشتنێکی



گشتیی CAVR دا باسی بەسەرهاتەکانی خۆی دەکرد، بێهیوایی قووڵی خۆی دەربڕی. هەرچەند ئەو لە ئاکامی لاقەکردندا دوو منداڵی بووبوو، کە یەکێکیان کەمئەندام بوو، یارمەتیەکی زۆر کەمی بۆ دابین دەکات. ئەو بۆ گەورەکردنی دوو کچەکەی کێشەی هەیە. و دڵتەزێنەکە ئەوەیە، کە یەکێک لە کچەکانیشی لەنێو کۆمەڵگەکەیاندا تووشی دەستدرێژیی سێکسی بووە. دایکی دەڵێت «ئێستا ژیانی ئەویش وەکو هی منە»..

لەم ئامرازەدا، نان وەکوو هێمایەک بە کار دەهێنرێت بۆ نیشاندانی ئەو هەنگاوانەی کە دەبێ بەپەلە هەڵبگیردرێن بۆ ئەوەی ڕزگاربووان بەردەوام بن لە ژیان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پرۆسەکانی دادوەریی ڕاگوزەر زۆر خاو و هێواشن، پێویستە تەرکیز بکرێتە سەر پێداویستییەکانی ڕزگاربووان و خێزانەکانیان. ئەمە بریتییە لە یارمەتیدانی ڕزگاربووان بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکانیان، هەروەها خاوەنداریەتیی زەوی و ژیانێکی شکۆمەندانە. بەڵام، ڕزگاربووان باسی ئەوە دەکەن کە تووشی بەدناوی و دوورخستنەوە دەبن کە کاریگەری دادەنێت لەسەر ڕزگاربوونیان. لەم بەشەدا، باسی یارمەتیی بەپەلە بۆ ڕزگاربووان دەکەین، لەگەڵ مافی دەستگەیشتنیان بە دادوەری ، هەرچەندە عەیبداریش بێت. بۆ ڕزگاربووان، هەنگاوە دادوەرییەکان نیشانەی چارەسەرێکی گرنگی کۆمەڵگەیین بۆ سزادانی تاوانکاران، و ڕاگەیاندنی کردەوەکانیان وەک تاوان.

## 2.1 یارمەتیی بەپەلە و توانابەخشین

ڕزگاربووان باسی کاریگەریی سێلایەنەی توندوتیژیی سێکسی لەسەر ئاسایش، تەندروستی، و ڕەوشی ئابووریيان دەکەن. لە هەندێ شوێن وەک نایجیریا، گوشاری جەستەیی لەسەر ژنانی ڕزگاربوو بەردەوام بوو، چونکە توندوتیژیی سێکسی بە ئاسانی کۆتایی نەدەهات. زۆرێک لەو ژنانەی کە لە کەمپەکانی بۆکۆحەرام ڕزگار کرابوون دوای ئەوەی کە لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان جێگیر کران بەردەوام لەلایەن هێزە چەکدارەکان و کاربەدەستانی ئاسایشەوە دەستدرێژیی سێکسی کرایە سەریان. ڕەنگە لە دیدی ژنانەوە، جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان دەستدرێژیکەران و بەناو پارێزەرەکانیان دا نەبێت-جیاوازیی نێوان ئەوەی کە کێ دوژمنە و کێ دۆستە ڕوون نییە چونکە ژنەکان لە کەمپێکەوە (بۆکۆ حەرام) دەگوازرێنەوە بۆ کەمپێکی تر (ئاوارە ناوخۆییەکان). ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی بێمتمانەیی قووڵ، و کێشەی سەلامەتی عاتفی/دەروونی. حاڵەتەکانی ناسوور و برینە توندەکانی تری کۆئەندامی زاوزێ کە لە ئاکامی توندوتیژیی سێکسیەوە دروست بوون، کە لە هەندێ وڵات وەک ڕواندا، سیەرالیۆن، ئوگاندا، و کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ هەواڵیان لێ دراوە، هەندێ نموونەی ترن لە کاریگەریی جەستەیی توندوتیژیی سێکسی.[22] لە ڕواندا، ڕێبەرانی هوتوو پیاوانی تووشبوو بە ئێچ.ئای.ڤی-ئایدزیان هان دەدا کە ڕێبەرایەتیی لاقەکردنی ژنانی توتسی بکەن، کە هەندێکیان دواتر دووگیان بوون. زۆرێک لە ژنانی ڕواندایی ئێستا بە ئێچ.ئای.ڤی-ئایدزەوە دەژین و دەبێ منداڵانێک گەورە بکەن کە لە ئاکامی ڕاستەوخۆی توندوتیژیی سێکسیدا تووشی ئەم ڤایرۆسە بوونە. هەندێ لە ژنانی ڕزگاربوو لە کۆلۆمبیا هەندێ کێشەی سروشتی سێکسییان هەیە، لەوانە نەخۆشیی ژنانە، و ئیتر ناتوانن متمانە بە پیاوان بکەن. ئەمە کاریگەریی خراپ دادەنێت لەسەر توانای ئەوان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی جێگیر و دروستکردنەوەی ژیانی عاتفی و سێکسییان.

زۆرێک لە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی لەبەر هەژاری ناتوانن ئەم کێشە تەندروستیانە چارەسەر بکەن. ڕەنگە لە ئاکامی شەڕی چەکداریدا هەژاری دروست ببێت، بەڵام زۆرێک لە ژنان لە ماوەی شەڕ و دواتریش لە هەژاریدا دەژین چونکە لە هەموو ژیانیاندا هەر هەژار بوونە، و سەرباری قوربانیبوونیان، بەدناویش دۆخی هەژارییەکەیان خراپتر دەکات. لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی ئابووریی لەسەر بنەمای جێندەر لە ماوەی بەر لە شەڕدا نیشان دەدات ژنان مووچەی ناتەواو یان دواکەوتوویان وەردەگرت یان هەر مووچەیان پێ نەدەدرا؛ مووچەی خانەنشینی و بیمەیان پێ نەدەدرا؛ مووچەی زیادەکاریان پێ نەدەدرا؛ کاری بێمووچەیان پێ دەکرا؛ کاری بەزۆریان پێ دەکرا لە ناوچەگەلی مەترسیدار؛ و هەروەها بە ناوزڕاندن و زەوتکردن ڕێگری دەکرا لەوەی کە سکاڵا بکەن.[23] لە زۆر شوێن، وەک ڕواندا، کەلتووری پیاوسالاری و یاسا نەریتیەکان دەبوونە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ژنان پێش کۆمەڵکوژیەکە دەسەڵاتی سیاسی یان ئابووریی زۆر کەمیان هەبێت.

هەژاریی ژنان بەرلە شەڕ دەتوانێک کۆمەک بکات بە چەوساندنەوەی سێکسییان لە ماوەی شەڕ





و تەنانەت دوای شەڕیش. لە تیمۆری ڕۆژهەڵات بە ئاشکرا دەتوانین پەیوەندی نێوان هەژاری و توندوتیژیی سێکسی ببینین. بۆردومان و داگیرکاری و ئۆپەراسیۆنی بەردەوام لە گوندەکان لەلایەن سوپای ئیندۆنیزیاوە بەتوندی سووڕە کشتوکاڵیەکانی تێکدا و ئەمەش بووە هۆی برسێتی و قاتوقڕی. لەم بارودۆخەدا، سەربازێکی ئیندۆنیزی خواردنی دەدا بە دایک و باوکی کچێک یان ژنێکی گەنج بۆ ئەوەی «ڕازی بێت» کە لەگەڵیدا بخەوێت، تەنانەت لەو کاتانەدا کە لەسەر ئەرک نەبوو لە ماڵی ئەوان دەمایەوە. هاوشێوەی ئەمە، تاکتیکێکی سوودوەرگرتن لە لاوازیی ئابووری لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە نایجیریا دەبینرێت. لەو کەمپانەدا زۆرێک لە پێداویستیە سەرەکیەکان کەمن. سەربازەکان خواردن و شتەکانی تریان دەشاردەوە، و پاشان لە بەرامبەر لوتفی سێکسیدا دەیاندا بە ژنەکان، کە هەندێکیان لە دەستی بۆکۆ حەرام «ڕزگار کرابوون».

ئەو بەدناویەی کە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی ڕووبەڕووی دەبنەوە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی کە لە چالاکیە ئابووریە ڕۆژانەکانیان بەشداری بکەن و بژێویی خێزانەکانیان دابین بکەن. ئەگەریش لە ئاکامی توندوتیژیی سێکسیدا منداڵیان بووبێت کێشە و ئاڵنگاریەکانیان زۆرتر دەبن. لە تیمۆری ڕۆژهەڵات، ژنان بۆ ماوەی چەند مانگ، یان تەنانەت چەند ساڵ، لە پۆست و بنکە سەربازیەکانی ئیندۆنیزیا ڕادەگیران، ناچار دەکران بێبەرامبەر کاری ناوماڵ بکەن و هەموو ڕۆژێک لاقە دەکران. زۆرێک لەم ژنە ڕزگاربووانە و منداڵەکانیان ئێستا لە هەژاریدا دەژین، و ئەوانەیان کە خێزانەکان حاشایان لێ دەکەن باری ئەم هەژاریە لەسەر شانیان قورستر دەبێت و دەبێتە هۆی هەڵاواردنی زیاتر. بارودۆخێکی هاوشێوەی ئەمە لە ڕواندا هەواڵی لێ دراوە، لەوێ ژنانێک کە لە ئاکامی لاقەکردنی جینۆسایدی منداڵیان بووە و بڕیاریان داوە منداڵەکەیان ڕابگرن لە پشتگیریی خێزانی نەریتییان بێبەش بوون بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزانەکەیان کوژرابوون یان ئاوارە ببوون، یان بەهۆی ئەوەی کە خێزانەکانی ئەو ژنانە منداڵەکانیان وەکو بەربەستێک بۆ سازێژکردنی ئازارەکانی دایکەکانیان دەبینی و دەبوونە مایەی گرژی.[24]



**بەرد و گوڵ - ئامرازە هاوبەشەکان بۆ نەهێشتنی پارێزبەندی لە ئاسیا**

AJAR، لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ گروپەکانی ژنان لە ئیندۆنیزیا، تیمۆری ڕۆژهەڵات و میانمار، زنجیرەیەک ئامرازی توێژینەوەی هاوبەشیان دارشت بۆ ئەوەی باشتر تێبگەن کە ژنان چۆن ئەزموونی پارێزبەندی دەکەن، و 140 ژن لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی فێرکردندا بەشدارییان کرد و باسی ئەزموونەکانی خۆیانیان کرد. نزیکەی 40 ژن، لەوانە ڕزگاربووان، فێری هەندێ شارەزایی کران بۆ ئەوەی ئاسانتر باسی تەجروبەکانیان لە پێشێلکاری بکەن، و بیر بکەنەوە لە هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری، و بنیاتنانەوەی ژیانیان. ڕاپۆرتی AJAR بە ناوی «بەرگەگرتنی پارێزبەندی: ژنانی ڕزگاربوو لە درندەیی بەبێ دادپەروەری»[25] (2015) باسی دەستکەوتەکانی ئەم پرۆژەی توێژینەوە دەکات، و بە زمانەکانی ئیندۆنیزی، تێتوم، و میانماری وەرگێردراوەتەوە.

یەکێک لە زانیاریەکان لەگەڵ نامیلکەیەک بوو لەبارەی ئامرازەکانی توێژینەوەی کرداری، بە ناوی «بەرد و گوڵ: ڕێنمایەک بۆ تێگەیشتن لە ژنانی ڕزگاربوو و کارکردن لە پێناوی ئەوان».[26] ئەم ناونیشانە لە یەکێک لەو چالاکیانە وەرگیرا کە تێدا ژنان بیریان دەکردەوە لە مافی خۆیان بۆ دەستگەیشتن بە ڕاستیەکان، دادپەروەری، سارێژی برینەکانیان و ژیانی دوور لە توندوتیژی، وە بەرد و گوڵیان بەکار دەهێنا بۆ نیشاندانی نەخۆشی یان خۆشی. ئەم



ئامرازانە کەشێکیان دروست کردووە بۆ بیرکردنەوە، و بە ژنانی ڕزگاربوو ڕێگە دەدەن کە باشتر تێبگەن لەو زنجیرە توندوتیژیەی کە زۆرجار پێش و پاش شەڕ تووشی دەبن. ئەم ئامرازە هاوبەشانە دەرفەتی ئەوە بۆ ژنان دەڕەخسێنن کە لەبارەی ئەزموونی خۆیان لە پێشێلبوونی مافە مەدەنی-سیاسیەکان قسە بکەن، لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە هەندێ چالاکی وەک کێشانی نەخشەی جەستە، هێڵی کاتی، کێشانی نەخشەی سەرچاوەکان، ئەو ئامرازانەی تری توێژینەوەی کرداری کە بۆ کار لەسەر مافەکانی مرۆڤ گونجێنراون. ئەم نامیلکەیە هەروەها هەندێ دانیشتن ساز دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاربووان بتوانن میکانیزمەکانی خۆیان بۆ ڕزگاربوون و ڕاهاتن لەگەڵ ترۆما باس بکەن. دانیشتنی کۆتایی ئەم نامیلکەیە تەرکیز دەکاتە سەر شارەزاییەکانی داکۆکیکردن، و هانی بەشداربووان دەدات کە بیر بکەنەوە لە پرۆسەکە و هاوبەشکردنی دەستکەوتەکانی وۆرکشۆپەکە لەگەڵ کەسانی تر.

تا ئێستا شێوازی بەرد و گوڵ بۆ هەزاران ڕزگاربوو لە سەرانسەری ئاسیا بە کار هێنراوە. نامیلکەی دووەم بە ناوی «موزاییک: بنیاتنانەوەی ژیان و کۆمەڵگە دوای ئەشکەنجە»[27] تیشک دەخاتە سەر کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەشکەنجە.



**شاری خۆشی و سندوقی جیهانیی ڕزگاربووان:**
**دابینکردنی پێداویستیە بەپەلەکان و هێز بەخشین بە ڕزگاربووان**

نموونەیەکی گرنگ لە هێز بەخشین بە ڕزگاربووان بەرنامەیەکە بە ناوی شاری خۆشی، کە بەرنامەیەکی گشتگیری فێرکردنی ڕابەرایەتیە کە لەلایەن ڕێکخراوی Panzi-ەوە دانراوە بۆ ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی لە بوکاڤوو لە کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ (DRC). دوای چەندین ساڵ دەرمان و چارەسەرکردنی ژنانی قوربانیی لاقەکردن لە نەخۆشخانەی پانزی، دوکتۆر دێنسی موکویگێ مانگی حوزەیرانی 2011 ناوەندێکی ڕاهێنانی لە ماڵەوەی ڕێکخست، بۆ ئەوەی یارمەتیی ژنان بدات کە لەڕێگەی چارەسەر و شارەزاییەکانی ژیانەوە بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی ڕابردوویان چارەسەر بکەن. ژنانی ڕزگاربوو لە بەرنامەیەکی ڕاهێنانی شەش مانگەدا بەشداری دەکەن، کە وەکوو کۆمەڵەیەکی خۆڕێکخەر و خوێندنگەیەک ساز کراوە، و فێری هەندێ وانەی جۆربەجۆر دەکرێن، لە کشتوکاڵ و چێشتلێنان و خوێندەواری و شارەزایی کۆمپیوتەرەوە بگرە هەتا ڕابەرایەتی، شانۆ و بیرمەندی. لەو کاتەوە کە ئەم بەرنامەیە دانراوە، زۆرتر لە 1400 ژن خولی ڕاهێنانیان تەواو کردووە. «شاری شادی» نموونەیەکە لەوەی کە چۆن ڕێبازێکی گشتیی بەهێزکردن دەتوانێت ڕزگاربووان بگۆڕێت و بیانکات بە پێشەنگی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، سەرەڕای بەدناوی و هەڵاواردنی دژی ئەوان لە کۆمەڵگادا.

بە پشتبەستن بەم ئەزموونە، و بە هاوکاری لەگەڵ هاوبراوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ، نادیا موراد، دوکتۆر موکویگێ سندووقی جیهانیی ڕزگاربووانی (GSF) لە ساڵی 2019 دامەزراند بە ئامانجی دابینکردنی قەرەبوو بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە شەڕ لە سەرانسەری جیهان. GSF لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کار دەکات بۆ دابینکردنی قەرەبووی کاتی لەو باروودۆخانەدا کە حکومەتەکان و ئەنجامدەرانی تاوان ئامادە نین یان ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بهێنن. لە هەمان کاتدا، ئەم سندووقە داکۆکی دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان قەرەبوو دابین بکەن بۆ قوربانیانی توندوتیژیی سێکسیی کاتی شەڕ و هەروەها لە ڕووی باشترین ئەزموونەکان هەندێ قاڵب دابڕێژێت بۆ بەرنامەگەلێکی قەرەبووکردنەوە کە ڕزگاربوو تەوەرە بێت.

دەسپێشخەرییەکی کۆنتر و هاوشێوەی ئەمە بریتیە لە سندوقی خۆبەخشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە (UNVFT)، کە ساڵی 1981 لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرا. UNVFT لەڕێگەی بەخشینی یارمەتیی بچووک بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پاڵپشتی دەکات لە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە و خێزانەکانیان. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یارمەتیی پزیشکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و یاسایی دابین دەکەن، لەوانە هەندێ دەستپێشخەری بە ڕابەرایەتیی ڕزگاربووەکان. ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسیی کاتی شەڕ دەخرێنە نێو سوودبەرانی پێشەنگی خۆیان.[28]

**پەپوولەگەلێک بە باڵی نوێوە، دروستکردنی تۆڕی داهاتوو (Red Mariposas de Alas Nuevas Construyendo Futuro)، کۆلۆمبیا:**

ستراتیژیی comadreo، کە لە بەشی پێشوودا وەسف کرا، ڕێبازێکی گشتگیر و دەروونی-ڕۆحانی بە کار دەهێنێت بۆ پاڵپشتیکردن، لەسەر بنەمای گوێگرتن لە پێداویستیەکانی ڕزگاربووان. بەشێک لەم ستراتیژییە بریتیە لە دابینکردنی یارمەتی بۆ ئەوان لە ماوەی ئازیەتباریدا، دابینکردنی پاڵپشتیی قەیران و کۆمەککردن بە ڕزگاربووان بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە میکانیزمەکانی تەندروستی یان دادوەری (یان هەرشتێک کە ڕزگاربوو دەڵێت پێویستی پێیە). پاشان ستراتیژیەکی پاراستنیش هەیە کە بەپێی تایبەتمەندیەکانی هەر دۆسیەیەک دادەنرێت. ئەم ستراتیژییە لە کاتی فریاگوزاریدا یارمەتیی دارایی دابین دەکات، بۆ نموونە کاتێک کە ڕزگاربوویەک ناچارە گەڕەکەکەی یان شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێت. ئەمە یارمەتییان دەدات کە بەپێی باروودۆخ، لە ماڵێک، پەناگەیەک یان هۆتێلێک نیشتەجێ بن و خۆیان بپارێزن.

**مێدیکا، بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا:**

ئەم ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیە لە 1993 دامەزرا و پاڵپشتیی دەروونی و پزیشکی دابین دەکات بۆ ژنان و منداڵانی قوربانیی توندوتیژیی کاتی جەنگ هەروەها دوای جەنگ. لە ماوەی نزیکەی 27 ساڵدا، مێدیکا زۆرتر لە 470000 خزمەتی جیاوازی دابین کردووە بۆ سوودبەرەکانی. 2207 ژن و کچ لە «خانووی سەلامەت» نیشتەجێ کراون، 7443 کەس لە ناوەندی دەروونناسی خزمەتیان وەرگرتووە، 2000 منداڵ لە «خانەی منداڵان» نیشتەجێ کراون، 1681 ژن لە خولەکانی ڕاهێنانی پیشەییدا بەشدارییان کردووە، 4497 پەیوەندی لە هێڵی یارمەتیی SOS وەرگیراون، و زۆرتر لە 13000 بەشداربوو لە خولەکانی ڕاهێنان لەبارەی دەروونبریندراری، توندوتیژیی جێندەری، مافەکانی ژنان، پەیوەندیکردنی ناتوندوتیژی، دیالۆگ، ئاشتەوایی، دیالۆگی ئاشتیی نێوان ئایینەکان، و پێکەوەژیان بەشدارییان کردووە. هەڵمەتێکی مێدیکا بە ناوی «بۆ شکۆی ڕزگاربووان» بە ڕاگەیاندنی بەرنامەی بوودجەدانانی بەپیرەوەچوونی جێندەری و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا، یەکەمین تۆڕە دامەزراوەییەکانی بۆ پاڵپشتیی قوربانیان دروست کرد، بۆ ئەوەی لە دادگاییکردنی تاوانەکانی کاتی جەنگ و کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی لە زێنیتسا، دۆبۆی، و کانتۆنی ناوەندی بۆسنیا شایەتی بدەن. ئەم تۆڕانە دروست کران بۆ ئەوەی ڕێبازێکی یەکسان بۆ هەموو قوربانیان بگیردرێتە بەر و هەموویان چارەسەر بکرێن، بەتایبەت ژنان، کە دوای لاقەکردن لە کاتی شەڕ و جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی ڕزگاریان ببوو.

**نایجیریا:**

**ناوەندی یەکسانیی جێندەر، ئاشتی و پەرەپێدان، مایدوگووری**

نموونەیەکی گرنگ لە دەستێوەردانەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی نایجیریا هی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە. هەرچەند ڕەنگە تەرکیزی دەستێوەردانەکان لەسەر هیچ لایەنێکی تایبەتی دامەزراندنەوەی ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و منداڵەکانیان بەپێی پێویست نەبێت، ئەوان بەگشتی پێداویستیە گرنگەکانی قوربانیان دابین دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکاندان. بە وتەی پرۆفیسۆر پاتریشیا دۆنلی، کە بەرێوەبەری جێبەجێکردنە لە ناوەندی یەکسانیی ڕەگەزی، ئاشتی و پەرەپێدان، لە مایدوگووری، زۆربەی دەستێوەردانە خێراکان بۆ ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی کاتی شەڕ لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەکرێن. بەشێک لەم دەستێوەردانانە بریتین لە پاڵپشتیی ماددی بەپەلە لەوانە نیشتەجێکردن، خوێندن، خۆردوخۆراک، و جلوبەرگ. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیا لە دابینکردنی پاڵپشتیی ماددی هەروەها پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی و چاودێریی سەلامەتی دەروونی دابین دەکەن بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و جێندەری کە لە کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان دەژین. هەروا کە ئەو خۆی وتی، «ئێمە خەریکین زۆر کار دەکەین. هەندێکجار، بە یارمەتیی حکومەت، هەندێکجاریش، بە پاڵپشتیی مەزنی ڕێکخراو و کەسانی بەخشەر. کۆمەڵگەکان دەزانن کە کارەکانی ئێمە چەندە گرنگن، و پاڵپشتی دەکەن لەو کارانەی کە دەیکەین.»[29]

## 2.2 دەستگەیشتن بە ئامرازەکانی دادوەری

لە هەموو شوێنێک، ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسیی کاتی شەڕ تووشی بەدناوی دەبن بەهۆی ئەو پیاوانەی کە لاقەیانیان کردووە؛ منداڵانی لەدایکبووی شەڕ تووشی بەدناوی دەبن بەهۆی ئەو پیاوانەی کە باوکیانن. ئەم پەیوەندیە لەگەڵ دوژمن هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە وەبیرهێنەری ئەوەیە کە خێزانەکان و کۆمەڵگەکانی ژنانی ڕزگاربوو نەیانتوانیوە خۆیان بپارێزن. خێزانەکان و کۆمەڵگەکان بەجێگەی ڕاهاتن لەگەڵ ئەم شەرمەزاریە، بارگرانیەکەی دەخەنە سەر شانی ئەو ژن و منداڵانەی کە دەیانخەنەوە بیری شکست و دۆڕانەکەیان.





**دادگا ناوخۆیی و تێکەڵەکان**

لە بارودۆخی شەڕدا لە سەرانسەری جیهان، پارێزبەندی و سزانەدرانی تاوانکار هێشتا نەریتێکە کە زۆربەی ژنانی قوربانیی توندوتیژیی سێکسی ئەزموونی دەکەن. ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی هەوڵدانی دۆسیەکانیان بە لایەنی جێبەجێکەری یاسا ڕووبەڕووی کۆسپ دەبنەوە، چونکە هەندێ کێشە هەن وەک مەترسی، نەبوونی متمانە، و ئەستەم بوونی ڕاپۆرتدان دژی تاوانکارێک کە ڕەنگە ئەندامی هێزە ئەمنیەکان بێت. ساڵی 2015، AJAR پرۆژەیەکی توێژینەوەیەکی کرداریی هاوبەش ئەنجام دا لەگەڵ 140 ژنی ڕزگاربوو لە توندوتیژی لە میانمار، تیمۆری ڕۆژهەڵات و ئیندۆنیزیا. لەو 140 ژنە، تەنیا 10 دانەیان توانییان کەیسەکانیان ببەنە دادگا:

- **لە میانمار، لە هەر 29** ژن 3 دانەیان هەوڵی دا کە مافی خۆی وەربگرێت: دوانیان سەرکەوتوو بوون، و دەرەنجامی ئەوی تر خێزانەکەی ڕازی نەکرد. لە هەرسێ دۆسیەکەدا، پرۆسەکە بووە هۆی هەراسانکردن و کێشەی زیاتر بۆ قوربانیان یان خێزانەکانیان.
- **لە تیمۆری ڕۆژهەڵات**، لە هەر 51 ژن تەنیا یەک ژن توانی دۆسیەی توندوتیژیی سێکسیی خۆی بباتە دادگا و لە ئاکامدا تاوانبار مەحکووم کرا بە

لاقەکردن وەکو تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی. شەش کەسی تر توانیان مافی خۆیان وەربگرن بۆ کوژرانی مێردەکانیان لە ماوەی توندوتیژیەکانی 1999دا.

- **لە ئیندۆنیزیا**، لە 60 ژن هیچ کامیان نەیانتوانی دادپەروەری وەربگرن بۆ ئەو پێشێلکاریانەی کە دژیان کرابوو. لە «ئاچێ»، ئەو ژنانەی کە بە ئاشکرا باسی توندوتیژیی سێکسی دەکەن ئەگەر نەتوانن دۆسیەی خۆیان بسەلمێنن، خۆیان دەخەنە بەر مەترسیی تۆمەتباربوون بە زینا بەپێی شەریعەی ئیسلام.

لە هەرسێ وڵاتەکە، قوربانیانی ژن و کۆمەڵگەکانیان باوەڕیان وابوو کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری یان قەرەبووکردنەوە تەنیا کێشە و ئازاری زۆرتریان بۆ دروست دەکات و لە کۆتاییدا دەبێ واز بهێنن و تەسلیمی بارودۆخ ببن. هەنگاو هەڵنەگرتنی جێبەجێکەرانی یاسا و دەسەڵاتی دادوەری بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی تاوانکاران، دۆخەکە خراپتر دەکات. هەرچی ماوەی پارێزبەندی و سزانەدران زیاتر بێت، متمانە و توانای ژنان بۆ دەربڕینی ئەو نادادوەریەی کە ئەزموونیان کردووە و هەروەها هەوڵدانیان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لاواز و لاوازتر دەبێت.

ئەو ژنانەی کە پێداگرانە تێدەکۆشن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری، بەدەگمەن خەڵات دەکرێن. AJAR دوو دۆسیەی لاقەکردن لە پارێزگای کاچین لە میانماری بە بەڵگەوە تۆمار کردووە. لە یەکێک لە کەیسەکاندا، ژنێک لاقە کرا، پاشان ماتۆڕسکیلی خێزانەکەی لەلایەن پیاوانێکەوە بردرا کە ڕەنگە پۆلیس بووبێتن. کاتێک ئەو هەواڵی دۆسیەکەی بە دەسەڵاتداران دا، ڕووبەڕووی تۆقاندن و باوەڕ پێنەکردن بووەوە:

> ئەوان هەموو ماتۆڕسکیلەکانیان نیشانم دا بەڵام ئەوەی ئێمە لەوێ نەبوو. پاشان وتیان ئەفسەرێک ماتۆڕسکیلەکەی ئێمە بە کار دەهێنێت. هێشتا تازەیە. تەنانەت بە کاریشمان نەهێنابوو. کاتێک بیر لە ماتۆڕسکیلەکەم دەکەمەوە بەڕاستی هەست بە تووڕەیی و خەم دەکەم. زۆر بە زەحمەت کڕیمان... پێشتر خێزانەکەمان زۆر شاد و بەختەوەر بووین، بەڵام چیتر ناتوانین لەسەر کێوەکان کشتوکاڵ بکەین. من دەبێ تا جێگایەک کە دەتوانم منداڵەکانم بەخێو بکەم. هەموویان لە خوێندنگە دەخوێنن. ئەمساڵ ناچار بووم برنج بکڕم چونکە لە زەویەکانمان برنجی تەواومان نەبوو بۆ خێزانەکەمان.[30]

گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە. ڕزگاربووانی کۆیلایەتیی سێکسی لەلایەن سوپای ژاپۆنەوە، بە هاوکاری لەگەڵ گروپەکانی هاوخەمیی ژنانی ژاپۆنی، زنجیرەیەک داوای یاساییان لە دادگای ناوچەی تۆکیۆ تۆمار کردووە. ڕزگاربووی کۆری، کیم هاک-سون، بێدەنگیی خۆی لەسەر کۆیلایەتیی سێکسی لەلایەن سوپاوە شکاند و لە ساڵی 1991 داوای یاساییی خۆی تۆمار کرد. ئەو ڕوونی کردەوە کە نیەتی ئەوەیە ڕاستیەکان دەربخات. «بۆچی ئەوان (حکومەتی ژاپۆن) درۆ دەکەن و دەڵێن ئێمە بوونمان نییە لە حاڵێکدا ئێمە هەین و لێرەین؟ ئەمە دەبێ ئێستا چارەسەر بکرێت.»[31] ئەم داوا یاساییە خەڵکی ژاپۆنی ناچار کرد کە بۆ یەکەمین جار گوێ لەم چیرۆکە بگرن. لە دەیەی 1990ـەوە زیاتر لە 10 داوای یاسایی لە دادگاکانی ژاپۆن تۆمار کراون، و بەردەوام ڕەت کراونەتەوە بە بیانووی ئەوەی کە هەموو ئەرکە یاساییەکان بە ڕێکەوتنامەی ئاشتیی دوولایەنە کە لە نێوان ژاپۆن و چەند وڵاتدا واژۆ کراون بە جێ هێنراون.

**گوێگرتن لە ژنان و هاوەڵێکردنیان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ دادگا**

لە سریلانکا، گروپێک لە پارێزەرانی ژن ڕێبازێکیان داناوە بۆ پشتگیری لە پەیوەندی ڕزگاربووان لەگەڵ دادگاکان. بەشێک لەم ڕێبازە بریتیە لە تێگەیشتن لە ئاستی دەمارگیریی یاسا دژی ژنان، و هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو کۆسپە کۆمەڵایەتی و کەلتووریانە کە لە بەردەمی ژناندان پێش ئەوەی دۆسیەیەک ببەنە دادگا وەکو دوایین ڕێگەچارە. بەم پێیە، پارێزەران هان دەدرێن کە گوێ لە هەموو چیرۆکەکە بگرن، و دڵنیا ببن کە دەرفەت دەدرێت بە ڕزگاربووان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن. پارێزەران «دەبێ لە کاتی مامەڵە لەگەڵ دوودڵی و هەستی گومانی کەسی ڕزگاربوو، هێنان و بردنی ئەو، و 'بیروهۆشی ناتەواوی بەتاقەت بن'. پێویستە ئەوان تێبگەن کە دادپەروەری ئەزموونێکی نوێیە بۆ قوربانیان. کەسی ڕزگاربوو دەتوانێت لە درێژەی ڕێگادا ڕای خۆی لەبارەی ئەو شتەی کە دەیەوێت بگۆڕێت.»[32] بۆ ئەوەی ڕزگاربووان بچنە نێو پرۆسەی یاساییەوە، پێویستە پارێزەرەکان ئامادە بن کە یاسا ڕوون بکەنەوە و بەڵێن بدەن کە لە هەموو پرۆسەی یاساییدا لەگەڵ کەسی ڕزگاربوو دەبن، و لەگەڵ سیستەمی پاڵپشتیی ئەوان کار بکەن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە چاوەڕوانی چ شتێک لە پرۆسەی یاسایی بکەن، بۆ نموونە کاردانەوەی نەرێنیی پرۆسەی یاسایی بەرامبەر بە هەبوونی زانیاریی دژبەیەک لەنێو شایەتنامەکانی ئەواندا. وە دوایین شت، پارێزەرەکان فێربوونە کە چیرۆکی تەواوی بەسەرهاتەکانی ڕزگاربووان پێشکەش بکەن و کاریگەریی توندوتیژی بەرجەستە بکەن، بەڵام بە ڕەزامەندیی کەسی ڕزگاربوو لەبارەی چۆنیەتیی پێشکەشکردنی چیرۆکەکەی. ئەوان هەروەها دەزانن کە پێویستە لەگەڵ پارێزەران و سیاسەتدانەرانی هاوبیری خۆیان هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی هەندێ چاکسازیی یاسایی کە بتوانێت دەستگەیشتنی ژنانی ڕزگاربوو بە دادپەروەری باشتر بکات.

**کینیا:**

**دۆسیەی یاسایی بۆ لێپێچینەوە لە حکومەت بۆ توندوتیژیی دوای هەڵبژاردن.**

لەپاش توندوتیژیەکەی دوای هەڵبژاردنی 2007–2008 کە توندوتیژیی سێکسیشی تێدابوو و بوو بەهۆی کوژرانی زیاتر لە هەزار کەس و ئاوارەبوونی ناوخۆیی سەدان هەزار کەسی تر (IDP)، چەند هەڵمەتی دادوەریی ڕاگوزەر بەڵێنیان دا کە بۆ توندوتیژیەکان لێپێچینەوە بکەن. بەشێک لەم هەڵمەتانە بریتی بوو لە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی دەرخستنی ڕاستیەکان و ئاشتەوایی (2008–2013)؛ هەنگاوە یاساییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (2010–2015)؛ داوای لێبوردنی فەرمی لەلایەن سەرۆککۆمار کینیاتا، و بەڵێندانی سندووقێکی قەرەبووی دادپەروەرانە (2015) بۆ ئەوەی قەرەبووی قوربانیان بکاتەوە.

بەڵام، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمیسیۆنێکی دەرخستنی ڕاستیەکان و ئاشتەوایی و چەندین ڕاسپاردەی ئەو لە پەرلەمان ڕاگیران، ئەو تۆمەتانەی کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دابوویە پای شەش ئەنجامدەری تاوان هەموویان لەمیانەی تۆمەتی تۆقاندنی شایەتحاڵان، وەرگیرانەوە یان پشتڕاست نەکرانەوە، بەڵێنی قەرەبووکردنەوە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، دادگا نیشتمانیەکان بەزۆری نەیانتوانی تاوانەکانی دوای هەڵبژاردن دادگایی بکەن. گروپێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە تێگەیشتبوون لەو دەرونبریندارییە بەردەوام و دژوارییە ئابووریەی کە ڕووبەڕووی ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی دوای هەڵبژاردن ببووەوە، کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ پاڵپشتیکردن لەوان بدۆزنەوە. ئەم گروپە بە جێگەی ئەوەی کە هەوڵی لێپێچینەوە لە تاکەکەس بدات، خودی دەوڵەتی کینیایان دایە دادگا بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەرکی خۆی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەجێ نەهێناوە.

ساڵی 2013، شەش ژن و دوو پیاو بە تۆمەتی کەمتەرخەمی شکاتیان لە حکومەتی کینیا کرد. ساڵی 2020، دادگای باڵای کینیا حکومەتی بە تاوانبار زانی. بەپێی ڕاگەیاندنێکی «پزیشکان بۆ مافی مرۆڤ»، دادگا گەیشت بەو ئەنجامەی کە حکومەت بەرپرسیارە لەوەی کە «لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی سەربەخۆ و کاریگەری لەبارەی توندوتیژیی سێکسی و ڕەگەزی (SGBV) [sexual- and gender-based violence]- تاوانە پەیوەندیدارەکان لە ماوەی توندوتیژیی دوای هەڵبژاردن نەکردووە.»[33] چوار کەس لەو هەشت کەسە، هەرکامیان قەرەبووی 35000 دۆلاریان وەرگرت.

ئەم بڕیارە گرنگە نموونەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ ڕزگاربووانی تر کە ڕەنگە ئێستا هان بدرێن بۆ ئەوەی لەڕێگەی پرۆسەی دادوەریەوە داوای دادپەروەری بکەن بۆ ئەم تاوانانەی ڕابردوو. ئەمە هەروەها پەیامی ئەوە دەدات بە پۆلیس کە پێویستە چاکسازی



بکەن تاوەکوو دڵنیا بین کە لێکۆڵینەوەی گونجاو لەبارەی تاوانە سێکسیەکان دەکرێت. سەرەڕای ئەمە، تەنانەت ئەم بڕیارەی دادگای باڵا تێکەڵ و پێکەڵە. هەروا کە لە ماوەی «دانوستانی دامەزرانەوە و دادوەریی ڕاگوزەر»ی GIJTRدا لە 10ی ئازاری 2021 باس کرا، هۆکاری ئەوەی کە ئەو چوار کەسەی تر کە دۆسیەی خۆیان بردبووە دادگا قەرەبوو نەکرانەوە ئەوە بوو کە ئەوان لە کاتی تاوانەکەدا ڕاپۆرتیان نەدابوو بە پۆلیس. کەوایە، بڕیاری دادوەر نیشانی دەدات کە ئەو لە سروشتی توندوتیژیی جێندەر کە کاری ڕاپۆرتدان لەلایەن ڕزگاربووانەوە دژوارتر دەکات تێنەگەیشتووە.[34]

چونکە کێشهاتنی شەڕ توانای دەسەڵاتی دادوەری بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لاواز دەکات، هەندێ وڵات دادگای تێکەڵیان دروست کردووە، واتە هەندێ دادگای ناوخۆیی کە بە یاسا نێودەوڵەتیەکان کار دەکەن و ڕێگە بە بەشداریکردن دەدەن بە دادوەران، داواکارانی گشتی و لێکۆڵەرانی نێودەوڵەتی. لەوەتەی 2000ـەکانەوە، سێ دادگای تێکەڵ هەبوونە: سیەرالیۆن، کامبۆدیا، و تیمۆری ڕۆژهەڵات.

**ژوورە نائاساییەکان لە دادگاکانی کەمبۆدیا/(2006) ECCC هەتا ئێستا):**

**هەندێ پێشوەچوون لەسەر دادگاییکردنی تاوانە سێکسیەکان لە سەردەمی ڕژێمی خەمیرە سوورەکان**

ECCC دادگایەکی تێکەڵە کە ساڵی 2003 لەلایەن حکومەتی کامبۆدیا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرا، بۆ لێپێچینەوەی ئەو کۆمەڵکوژیەی کە خەمیرە سوورەکان کردیان. دادگا ستانداردی نێودەوڵەتی بە کار دێنێت و پشتگیری و بەشداریی نێودەوڵەتیی لەگەڵدایە-دوو کەس لە پێنج دادوەرەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستنیشان دەکرێن. لە 2007ـەوە کە ECCC دادگاییکردنی دەست پێکردووە، تەنیا چەند دۆسیەیەک تەواو کراون. لە هەندێ لە کەیسەکاندا، دادگا تۆمەتی داوەتە پاڵ تاوانباران بەڵام هێشتا ئەوان دادگایی نەکراون.[35]

سیاسەتی هاوسەرگیریی بەزۆر لە ڕژێمی خەمیرە سوورەکاندا بە مەبەستی پەرەپێدانی هێزی کار بوو بە هۆی لاقەکردن لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا. لاقەکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیریی بەزۆریش زۆر ڕووی دەدا، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا ژنان نەیاندەوێرا

ڕاپۆرت بدەن. بەپێی یەکێک لە بنەماکانی خمێرە سوورەکان سێکسی پێش هاوسەرگیری و هەراسانکردنی سێکسی قەدەخە بوو، و سزایان مەرگ بوو. ژنان لەلایەن بەرپرسانی باڵا و مێردەکانیان لە هاوسەرگیریی بەزۆردا ئازار دەدران بەڵام دەترسان کە بەئاشکرا باسی ئەم ئازارانە بکەن. سەرباری ئەمە، ECCC ڕایگەیاند کە دادگا بەڵگەی ئەوتۆی نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی دۆسیەی توندوتیژیی جێندەر دادگایی بکات. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا ECCC دانیشتنی تایبەت بە هاوسەرگیریی بەزۆری بەڕێوە برد، و تەنانەت ئەمەش پێویستی بە گوشاری زۆر لەلایەن ڕزگاربووان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەبوو. لە ساڵی 2016دا، لە کۆتایدا هەشت ژن بانگکران بۆ ئەوەی لە دانیشتنی ECCC دا دەربارەی ئەزموونەکانی هاوسەرگیری بەزۆر گەواهی بدەن. دانیشتنی تایبەت بە هاوسەرگیری بەزۆر هانی زۆرێک لە ژنانی دا کە بەئاشکرا قسە بکەن-هەندێکیان لە ژووری دادگا، هەندێکی تر لە ئەو دانیشتنانەی کە لە لایەن پرۆژەی بەرگریکارانی کامبۆدیا لە ساڵی 2010 تا 2012 ڕێکخران. ئەم ژنانە لەلایەن بەشی پشتگیری قوربانیانی ECCC و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ناوچەکە یارمەتی دەدران.

لەکۆتاییدا، ECCC حوکمی دا کە هاوسەرگیری بەزۆر و لاقەکردن لەو چوارچێوەیەدا تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین، 779 ڕزگاربوو لە هاوسەرگیری بەزۆر وەک لایەنی مەدەنی ناسێنران. گرنگە سەرنج بدەین بە ئەو ڕۆڵە ئەساسیە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کەیسەکانی تایبەت بە هاوسەرگیریی بەزۆردا هەیانبوو (کەیسی 002/02) لە ڕێگەی ئاسانکاری کردن بۆ دانیشتنەکانی ژنان و بەبەڵگەکردنی شایەتیەکانی ژنان. لە هەمان کاتدا، ڕەچاونەکردنی کەیسەکانی لاقەکردن، لەوانە لاقەکردنی بەکۆمەڵ، کە جیا لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیریی بەزۆر ڕوویان دابوو لەلایەن ECCC-ەوە نادادوەرییە بەرامبەر بە کەسانی ڕزگاربوو لەم تاوانانە کە دانیان پێدا نەنراوە و بە لاوازی لە بەرامبەر هەڵاوردن و توندوتیژیی زیاتر دا وێڵ کراون.

**دادگای تێکەڵی تاوانە جددییەکان لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و بەڵێنی جێبەجێنەکراوی سندووقێکی متمانە**

لە بەرامبەر ئەو توندوتیژییانەی کە لە ساڵی 1999 لە کاتی ڕیفراندۆمدا ڕوویان دا، نەتەوە یەکگرتوەکان وەک سەرپەرشتیاری هەرێمەکە «پانێڵێکی تایبەت»ی دروست کرد لەناو دادگایەکی ناوخۆیی تازە دامەزراو لە تیمۆری ڕۆژهەڵات کە دەسەڵاتی دادوەری هەبوو لەسەر بابەتەکانی کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ، و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی کە



لەو کاتەدا کرابوون، وە هەروەها تاوانەکانی کوشتن، دەستدرێژیی سێکسی، و ئەشکەنجە کە لەنێوان 1ی کانوونی دووەمی 1999 و 25ی تشرینی یەکەمی 1999 ئەنجام درابوون.[36] دادگای هاوبەش ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە، لەوانە نەبوونی ویستی سیاسی و دەستنەگەیشتن بەو کەسانەی کە بەرپرسیاری سەرەکی بوون، و بەلاڕێدابردنی دادگا و تەرکیزکردنە سەر ئەو کوشتنانەی کە لە ساڵی 1999 ڕوویان دابوو.

سەرەڕای ڕوودانی بەربڵاوی توندوتیژی سێکسی، تەنیا شەش تۆمەت (لە 95 تۆمەت) بۆ تاوانی جێندەری بوون، کە تاوانی سێکسیشی دەگرتەوە.[37] هیچ کەسێک بە تاوانی کۆیلایەتیی سێکسی تۆمەتبار نەکرا، و هەروەها لە تۆمەتنامەی نیشتمانیدا دژی حەوت فەرماندەی سوپا و پۆلیسی ئیندۆنیزیا و پارێزگاری پێشووی تیمۆری ڕۆژهەڵات، تۆمەتی بەرپرسیاریەتی هاوبەشی تاوانکاری و بەرپرسیارەتی دەرکردنی فەرمانی لاقەکردن نەدرایە پاڵ هیچ کامیان. ئەگەر سەیرێکی ڕابردوو بکەین، دەبینین کە نەبوونی ستراتیژییەکی ڕوون و ڕێکوپێک و پرسەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە سێکسیەکان، ئەم ڕێبازە پچڕپچڕ و شپرزەی لێ کەوتووەتەوە.[38]



هەروەها لە پەیڕەوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دامەزراندنی ئەم دادگا تێکەڵە «ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی سەلامەتی، ئاسوودەیی جەستەیی و دەروونی، کەرامەت و پاراستنی نهێنیی قوربانیان و گەواهیدەران» لە بەرچاو گیراوە لەگەڵ سندووقێکی متمانە «بۆ بەرژەوەندیی ئەو قوربانیانەی کە لەژێر دەسەڵاتی دادوەری پانێڵەکاندان، و هەروەها بۆ خێزانەکانی ئەم قوربانیانە».[39] بەڵام، سندووقی متمانە قەد دانەمەزرێنرا. یەکێک لە ئەندامانی نێودەوڵەتی تەرخان کرا بۆ ئەوەی لەنێو یەکەی تاوانە جددییەکاندا نووسینگەی پاراستنی شایەتەکان بەڕێوە ببات، بەڵام بەهۆی کەمبوونی ئیمکانیات و کەمبوونی ئۆتۆمبیل، ئەو قوربانیانەی کە لە پرۆسەی تاوانە جددیەکاندا بەشدارییان دەکرد بە قبوڵکردنی مەترسیەکەی ئەم کارەیان دەکرد.[40] شایەتەکان ئاساییانە بە گواستنەوەی گشتی هاتووچوویان دەکرد یان لە ئۆتۆمبێلی SCUدا دەگوازرانەوە، هەندێکجار لەگەڵ شایەتەکانی لایەنی بەرامبەر یان، خراپتر لەمە، لەگەڵ تۆمەتبارەکە دەگوازرانەوە.

ئەگەر لە گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوا بکرایە کە پاڵپشتی لە قوربانیان بکەن و هەروەها هەوڵ بدرایە بودجە لە دەرەوە دەست بخرێت، بە شێوەی هەمان مۆدێل کە دواتر CAVR دایرشت، هەندێ لەم کێشە و گرفتانە کەم دەبوونەوە. تەنانەت لە کاتی

داگیرکاریی سەربازی ئیندۆنیزیادا، قوربانیان و شایەتحاڵانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن چەندین ڕێکخراوی کلێسەیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە پاراستن و پاڵپشتییان بۆ دابین کرا، بەڵام، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر کەم هەوڵیان دا کە لە دەرەوەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارێکی نوێ و داهێنەرانە بکەن. جێگای تێبینیە کە هەندێک لێکۆڵەر و داواکاری گشتیی نێودەوڵەتی ئیمکانیات و سەرچاوەی شەخسیی خۆیان بەکار هێنا بۆ پشتیوانیکردن لە قوربانیان، بەڵام ئەم دەستپێشخەریە جێستایشانە هەرگیز نەکران بە دامەزراوەیی.

## دادگا نێودەوڵەتیەکان

لە دەیەی 1990 گۆڕانێکی گەورە لە خەبات بۆ بەدیهێنانی دادوەریی نێودەوڵەتیدا دروست بوو، بە دامەزرانی دوو دادگای تایبەتی، یەکەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو (ICTY لە 1993) و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا (ICTR لە 1994)، بە دوای ئەمانەش دا دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC، 1998) بۆ هەمیشە دامەزرا. دادگا نێودەوڵەتیەکان وەکو یەکەمین دادگا کە توندوتیژیی سێکسییان لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتیدا گونجاند کۆمەکێکی گەورەیان کرد. ICTY دەریخست کە لاقەکردن تاوان دژی مرۆڤایەتیە. ICTRیش حوکمێکی بۆ لاقەکردن وەکو تاوانێک دژی مرۆڤایەتی دەرکرد، و هەروەها دەریخست کە لاقەکردن کردارێکی کۆمەڵکوژیە.

### بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا

**«تێکەڵ و پێکەڵ»ی دادگای نێودەوڵەتی:**

**دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو (1993 هەتا 2017)**

ئەم دادگایە، کە لە لاهای هۆڵەندا بەڕێوە چوو، لە چەند ڕووەوە هەستیاریی جێندەری نیشان دا. تەنانەت بەرلەوەی دادگاییکردن دەست پێ بکات، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆقابوو لە ڕاپۆرتەکانی توندوتیژیی سێکسی، بەتایبەت لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا. ڕاپۆرتێکی سکرتێری گشتی کە بووە هۆی نووسینی یاسای ICTY پێشنیاری ئەوەی کرد کە ژنانی شیاو بۆ فەرمانگەی داواکاری گشتی دەستنیشان بکرێن چونکە دادگا کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دادگایی دەکات.[41] جگە لە حوکمەکەی سەبارەت بە دەستدرێژی سێکسی وەک تاوانێک دژی مرۆڤایەتی، ڕێکارەکانی دادگای ICTY پاراستنی تایبەتی دابین کردبوو بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسیی پەیوەندیدار بە شەڕ کە وەک شایەت دەچوونە دادگا. ئەمە جیاواز بوو لەو پراکتیکەی کە هێشتا لە زۆرێک لە سیستمە



دادوەریە نیشتمانیەکاندا هەیە و تێیدا لەبارەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارە سێکسیەکانی کەسی ڕزگاربوو پرسیار دەکرێت و داوا دەکرێت کە کەسێکی سێیەم چیرۆکی کەسی ڕزگاربوو پشتڕاست بکاتەوە بە جۆرێک کە هەست دەکرێت ئەوە کەسی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسیە کە دادگایی دەکرێت نەک ئەو کەسەی کە تۆمەتبارە بە توندوتیژی. ڕێوشوێنەکانی ICTY بۆ پاراستنی کەسانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی بریتی بوون لە ئەمانە:

- ڕێگە بە پێشکەشکردنی بەڵگەی ڕەفتاری سێکسیی پێشتر و دواتر نەدەدرا.
- لەبنەڕەتدا ڕێگە بە پێشکەشکردنی بەڵگەی ڕازیبوون نەدەدرا (بە واتایەکی تر، لە بارودۆخی شەڕی چەکداریدا ئەستەمە ڕزگاربوویەک بە ڕەزامەندی سێکس بکات).
- هیچ شایەتی یان پاڵپشتیەکی تری لایەنی سێیەم پێویست نەبوو بۆ سەلماندنی شایەتیەکانی کەسی ڕزگاربوو.

بەشی قوربانی و شایەتی (VWS) لە دادگای ICTY ، کە یەکەم بەش لەم جۆرە بوو لە دادوەریی نێودەوڵەتیدا، هەروەها هەوڵی دا کە مەترسیەکانی سەر شایەتەکان، لەوانە شایەتەکانی توندوتیژیی سێکسی کەمتر بکاتەوە. بەپێی ماڵپەڕی فەرمی UN ICTY، کارمەندانی شارەزای VWS ڕێوشوێنی پاراستن و دەروونناسییان گرتە بەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو شایەتەکان دەتوانن بە سەلامەتی شایەتی بدەن بەبێ ئەوەی تووشی زیانی زیاتر یان دەروونبریندار ببن. ئەم ڕێوشوێنانە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- ناو و زانیاریی ناسنامەی شایەتەکان لە تۆماری گشتیی ICTY دا نەدەنووسرا.
- نازناوێک بۆ شایەتەکە دیاری دەکرا.
- هەرکاتێک دادگاییکردن لە تەلەفزیۆنەوە بڵاو بکرایەتەوە، ڕوومەت و دەنگی شایەتەکە دەگۆڕدرا بۆ ئەوەی نەتوانن بیناسنەوە.
- شایەتەکە دەیتوانی بڕیار بدات کە لە دانیشتنێکی داخراو دا شایەتی بدات.
- شایەتەکە دەیتوانی بڕیار بدات لە دوورەوە لەڕێگەی ڤیدیۆوە شایەتی بدات.

VWS هەستیاریی جێندەری زیاتری نیشان دەدا لەڕێگەی گوێگرتن لە ڕەخنەکان لەبارەی پرۆسەکە بۆ نموونە ئەو شایەتانەی کە دەیانوت هەست دەکەن بێڕێزییان پێ دەکرێت یان هەراسان دەکرێن، یان هەست دەکەن زانیاریی تەواویان پێ نادرێت لەبارەی ئەو کەیسەی کە تێدا شایەتی دەدەن، یان هەست دەکەن پارەی کڕینی جلوبەرگی گونجاو

بۆ شایەتیدان لە دادگای لاهایان نیە. VWS هەوڵی دا بە دارشتن و پەرەپێدانی هەندێ بنەما و سیاسەت، لە میانەی پرۆسەکەدا، وەڵام بداتەوە.

سەرباری ئەم هەوڵانە، و ئەو ڕاستیەی کە زۆرتر لە سێیەکی ئەو کەسانەی کە لەلایەن ICTY-ەوە مەحکوم کران تاوانبار بوون بە توندوتیژیی سێکسی، لە کاتی ئامادەکردنی تۆمەتنامەدا دادگا هەندێ لە تۆمەتەکانی پەیوەندیدار بە توندوتیژیی سێکسیی کەم کردەوە، لەو کاتەدا کە دادگا لە ژێر فشاردا بوو بۆ ئەوەی ڕەوتی لێپێچینەوە خێراتر بکات. شایەتەکان تووڕیی و بێهیوایی خۆیان لە سووکبوونی حوکمەکان دەردەبڕی، و هەستیان دەکرد ئەو هەوڵانەی کە داویانە بۆ شایەتیدان و گێڕانەوەی بیرەوەریە پڕئازارەکانیان شایەنی ئەوە نەبووە. هەڵبەت، کاردانەوەی هەموو ڕزگاربووان وەکو یەک نەبوو، بۆیە ئەمەش بۆ خۆی تێکەڵ و پێکەڵیەکی تر بوو. هەندێک لە قوربانیان هەوڵیان دا شکایەت بدەنە چەند دادگای بیانی و داوای قەرەبووکردنەوە بکەن، و لە ئاکامدا دادگایەکی ناوچەیی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا حوکمی دا کە ملیۆنان دۆلار قەرەبوو بدرێت بە 12 ئافرەتی ڕزگاربوو لە لاقەکردن و ئەشکەنجە لە کەمپێکی بێگاری لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند هەرچەندە قەرەبووەکە نەدراوە، یەکێک لە ڕزگاربووەکان پێی وایە کە ئەم حوکمە ئەرێنیە، چونکە بڕیاری دادگا دانی بەو ڕووداوانەدا ناوە کە بە سەر ئەو و ژنەکانی تردا هاتووە.

لە هەندێ حاڵەتدا، تاوانباران زووتر لە وەختی خۆی و دوای گوزەراندنی تەنیا بەشێک لە سزایەکان ئازاد کراون و گەڕاوانەتەوە نێو کۆمەڵگەکان و ئەمەش، جیا لە کێشەکانی تری، هیچ خزمەتێکی بە پرۆسەی ئاشتەوایی نەکردووە. کێشەیەکی تر ئەوە بوو کە قەرەبووکردنەوە زۆربەی کات لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگا بڕیاری لێ دەدرا و دەکەوتە دەستی دادگا ناوخۆییەکان. هەتا ساڵی 2015، هیچ قەرەبوویەکی ئابووری نەبوو، و کەسانی مەدەنیی ڕزگاربوو لە شەڕ بە بەراورد لەگەڵ کۆنە جەنگاوەرانی شەڕ قەرەبوویەکی کەمتریان وەردەگرت.

لە یاسای ICTYدا هاتووە کە دادگای نێودەوڵەتی و دادگای نیشتمانی لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا دەتوانن هاوکات لەسەر ئەو دۆسیانە کار بکەن کە پەیوەندییان بە تاوانی نێودەوڵەتیەوە هەیە. بە واتایەکی تر، دادگاکان لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا ناچار نەبوون چاوەڕێ بکەن هەتا پرۆسەی دادگایی لە ICTY تەواو دەبێت ئینجا دەست بکەن بە لێپێچینەوە بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکان. هەروەها، کاتێک کاری ICTY تەواو بوو، دادگاکانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا دۆسیەی زیاتریان هەبوو بۆ ئەوەی کە چارەسەریان بکەن.



## ڕادەستکردن بە دادگا ناوخۆییەکان، و باشترکردنی زانیاری و هەستیاری

وەک بەشێک لە ستراتیژیی تەواوکردنی، ICTY هەوڵی دا سیستەمی دادوەریی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا ئامادە بکات بۆ دادگاییکردنەکانی دۆسیەکانی تاوانی جەنگ کە دەیگواستەوە بۆ ئەوێ. سەرەڕای ئەمە، سیستەمی دادوەریی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا ئامادە نەبوو بۆ قەبارە و جۆری ئەو دادگاییکردنانەی کە دەبوا بەڕێوەی ببردایە. ساڵی 2008 ژووری تایبەتی تاوانە جەنگیەکان (WCC) بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنرا بەبێ ئیمکانیاتی تەواو، لە حاڵێکدا کە زیاتر لە 15000 دۆسیە چاوەڕوانی دادگاییکردن بوون. میکانیزمەکانی تر بۆ پاڵپشتی و پاراستنی شایەتەکان بریتی بوون لە بەشی پشتگیری شایەتی WCC، یاسایەک بۆ پاراستنی شایەتەکان، دەزگای لێکۆڵینەوە و پاراستنی حکومی (SIPA) و یەکەی پاراستنی شایەتی SIPA.

سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانە، نەبوونی پاراستنی پێویست بۆ شایەتەکان لە کەیسەکانی توندوتیژی سێکسیدا سەرەتا کێشەیەکی گەورە بوو. هەندێ ڕاپۆرت هەبوون دەربارەی هەراسانکردن و تۆقاندن؛ ناوی چەند دانە لە شایەتەکان ئاشکرا کرا؛ هەندێک لە تاوانکاران بەرتیلیان دەدا بە شایەتەکان بۆ ئەوەی گەواهییەکانیان وەربگرنەوە؛ پەیوەندیەکی لاواز لەنێوان یەکەی پاراستن و شایەتەکانی تاوانی توندوتیژی سێکسیدا هەبوو؛ زۆربەی ئەفسەرەکانی پۆلیس پیاو بوون و هەندێکیان تاوانبار بوون، ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی کە شایەتەکان نەتوانن بە ئازادی لەگەڵیان قسە بکەن؛ پرۆسەکانی دادگا هەمیشە شەفاف نەبوون؛ وە کێشەی گواستنەوە بۆ دانیشتنی دادگا هەبوو-یان بەهۆی خراپیی ڕێگاکانی یان بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لە شایەتە ژنەکان دەبوایە سواری هەمان پاس بوونایە کە ئەندامانی خێزانی تاوانکارەکەیان تێدا بوو و دەهاتن بۆ هەمان دانیشتنی دادگاییکردن. کاتێک SIPA لە گوندە بچووکەکان سەردانی ژنانیان دەکرد، بە ئاسانی بە ئۆتۆمبێلە نیشانکراوەکانیان ئەوانیان دەناسیەوە. ئەو ژنانەی کە SIPA پەیوەندی پێیانەوە دەکرد، دواتر دەبوا بۆ دراوسێکانیان ڕوون بکەنەوە کە بۆچی SIPA سەردانیانی کردووە. ئەم بارودۆخە بۆ ژنانی شایەتی توندوتیژی سێکسی هەڕەمەکی بوو. لە لایەکەوە، ڕەنگە ئافرەتێکی ڕزگاربوو بیویستایە ڕاستەوخۆ لە دادگادا ڕووبەڕووی تاوانکارەکە ببێتەوە بەڵام دانیشتنێکی داخراو دژی ویستی ئەو دەسەپێنرا بە سەریدا، و لە لایەکی ترەوە، هەندێک لە ژنان هەستیان دەکرد فشاریان لەسەرە بۆ ئەوەی شایەتی بدەن یان هەستیان دەکرد ڕێز لە بڕیاریان بۆ شایەتی نەدان ناگیردرێت.

دوای جێبەجێکردنی ستراتیژیی نیشتمانیی تاوانە جەنگیەکان لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا لە ساڵی 2008، کە ڕێگەی دەدا بە گواستنەوەی کەیسەکانی تاوانی جەنگ لە دادگای فیدراڵییەوە بۆ دادگاکانی خوارتر، بە پشتیوانییەکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەندێک پێشکەوتنی بەرچاو بینراوە:

- ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا (OSCE) دەستی کرد بە چاودێریکردنی کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی و خولی ڕاهێنانی تایبەتی بەڕێوە برد.
- چەند دەسپێشخەری تایبەت بوونەتە هۆی باشترکردنی هەماهەنگی و قەرەبووکردنەوە.

- ICTY هەوڵێکی تایبەتی داوە بۆ گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی.
- لێکۆڵەرەکان، داواکارە گشتییەکان و دادوەرەکان شێوازی مامەڵەی خۆیان لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی باشتر کرد.
- ڕێوشوێنەکانی پاراستنی شایەتەکان فراوانتر کران، و هەندێک کار کران بۆ کەمکردنەوەی نەنگ و بەدناوی.
- شتێک کە جێگەی سەرنجی تایبەتە ئەوەیە کە لە تەواوی دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە کەیسەکانی تاوانی جەنگ ئەفسەرانی پشتیوانی شایەت دانران.
- بەپێی پێناسەی توندوتیژیی سێکسی لە یاسای سزادانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، پێویستە لایەنی زۆرەکی بوون لە دادگادا بسەلمێنرێت، ئەمەش شایەتیدانی بۆ ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی دژوار دەکرد. لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا، لە ساڵی 2015 ئەم یاسایە گۆڕدرا و زیاتر لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان گونجێنرا.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانەدا، ئێستا ژمارەیەکی زۆرتر لەو کەیسانەی کە پەیوەندییان بە توندوتیژی سێکسیەوە هەیە دادگایی دەکرێن. لە ساڵی 2011 تا 2013، تەقریبەن لە هەر چوار کەیسی تاوانە جەنگیەکان یەک کەیس هێمانێکی توندوتیژی سێکسی تێدابوو. لە 2014 تا 2016، ئەمە بۆ نزیکەی یەک کەیس لە هەر سێ کەیس زیادی کرد. هێشتا هەندێ بۆشایی لە خزمەتەکانی پاڵپشتی، و هەندێ کێشە لە شێوازی تۆمەتبارکردن، چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوەدا هەیە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ، سووربوون لەسەر دادپەروەری بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی بووەتە هۆی باشتربوونی زۆر لایەنی سیستەمی دادوەری لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا.

**دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا/ICTR (ساڵی 1994 هەتا 2015):**
**شکست لە پشت ناوبانگیدا**

هەروەک لە دۆخەکانی تردا پێویست بوو، لێرەشدا هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا پێویست بوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لە تۆمەت دانەپاڵ و تۆمەتنامەکانی دادگادا مەسەلەی توندوتیژیی سێکسیش ڕەچاو دەکرێت. یەکێک لەو ڕەخنەیانەی کە لە ICTR دەگیردرێت باسی چەند جار شکستهێنان لە دەستبەرکردنی دادپەروەری بۆ ژنانی قوربانیی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی شەڕ لە ڕواندا دەکات:

- حکومەتی ڕواندا، کە تەنیا تەرکیزی کردبووە سەر ڕێبازە دادوەرییەکانی سزادان و چاککردنەوە بۆ لێپرسینەوەی تاوانکاران، نەیتوانی پێداویستیەکانی ڕزگاربووان لە توندوتیژیی سێکسی چارسەر بکات لەڕێگەی میکانیزمەکانی تری دادوەریی ڕاگوزەر وەک کۆمیسیۆنی دەرخستنی ڕاستیەکان و هەڵسەنگاندنی بەرپرسانی حکومی، لەوانە کارمەندانیئاسایش.
- حکومەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی وەکو هاوکارێک بۆ یارمەتیدانی ڕزگاربووان لە کۆمەڵکوژی لە بەرچاو نەدەگرت.
- پارێزەران باسی ئەوەیان کردووە کە دادگاییکردنی مەسەلەی توندوتیژی سێکسی دواتر بیری لێ کراوەتەوە و نەبوونی ویستی سیاسیش بووەتە هۆی ناتەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان، ڕاهێنانی خراپی دەستەی دادوەری، وە کەمبوونی ڕێژەی دادگاییکردن بۆ تاوانی سێکسی بە جۆرێک کە 90٪ی حوکمەکانی ICTR حوکمی لاقەکردنیان تێدا نەبوو.[42]
- ICTR، سەرەڕای هەبوونی بودجە و کارمەندی زۆر، تەنیا چەند کەیسێکی دادگایی کرد. هەندێک هۆکار کە بۆ ئەمە دراون بریتین لە نەبوونی هیچ ستراتیژیەکی ڕوون بۆ دادگاییکردن و هەروەها خراپ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کەیسەکان.
- کات و ئیمکانیاتت بەفیڕۆ دران بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی سیاسیی پلەنزم لەجیاتی سەرکردە سیاسیە باڵاکان.
- بەهۆی لاوازبوونی پەیوەندیەکان، ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و ئەوانی تر زۆر کەمیان لەبارەی کاری ICTR دەزانی.
- یاسای ICTR قەرەبووی دابین نەکرد بۆ کەسانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی.
- هەندێک لە ژنە ڕزگاربووەکان کە شایەتییان داوە لە کاتی لێپرسینەوە لە دادگا هەستیان کردووە سوکایەتیان پێ دەکرێت وەها کە ژنانی تر زیاتر دوودڵ بوونە لەوەی کە لە دادگا شایەتی بدەن یان نا.

ساڵی 1996، تەنیا چەند ساڵێک دوای کۆمەڵکوژییەکە، ڕواندا یاسایەکی دەرکرد بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی پەیوەست بە کۆمەڵکوژی. هاوشێوەی ئەو دۆخەی کە بۆ دادگا نیشتمانیەکان لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا دروست ببوو، سیستەمی دادوەریی ڕواندایش ڕووبەڕووی ژمارەیەک یەکجار زۆر کەیس ببووەوە. هەزاران کەیس دادگایی کران، بەڵام هەر وەک ICTR، ڕێژەی دادگاییکردنی تاوانە سێکسیەکان کەم بوو. سەرچاوەیەک نیشان دەدات کە لە کۆی زیاتر لە 1000 کەیس، تەنیا 32 کەیس تۆمەتی لاقەکردنیان تێدا بووە.[43] ئەو هۆکارانەی کە دەوریان هەبوو لەم ڕێژە کەمەدا بریتین لە: دوودڵیی ڕزگاربووان

بۆ هاتنەپێشەوە بەهۆی مەترسیی بەدنابوون و هەراسانکردن، نەبوونی ژنان لە سیستەمی دادوەری، وە یاسایەکی سزادان کە هیچ پێناسەیەکی بۆ لاقەکردن وەکو تاوانێک نەبوو. دوڵەت کە ئیمکانیاتی کەم و لاوازی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەیسانە هەبوو، لە حاڵێکدا کە دەیبینی ئەو دەستە لە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی کە تووشی ئێچ.ئای.ڤی/ئایدز بوونە لە ماوەی چاوەڕوانی بۆ هاتنی کەیسەکانیان بۆ دادگا دەمرن، بڕیاری دا کە کەیسەکان بگوازێتەوە بۆ دادگاکانی گاچاچا. بەڵام، ئەمە وای لە زۆرێک لە ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی کرد کە هەست بکەن خەیانەت کراوە لە هیوایان بۆ دادگاییکردنی لاقەکەران.

## 2.3 ئەو وانانەی کە فێری بووین

- بە هەمان شێوەی ئامرازەکانی تۆمارکردنی بەڵگەو دەستخستنی ڕاستیەکان، ڕێبازەکانی دادپەروەری و لێپێچینەوەیش نیشان دەدەن کە پێویستە کەش و ڕێکاری سەلامەت بۆ ژنانی ڕزگاربوو دابین بکرێن. زۆرجار هەندێ ڕاپۆرت دێن لەبارەی ئەو دەستە لە ژنانی ڕزگاربوو کە دوودڵن لەوەی کە لە پرۆسەکانی لێپێچینەوەی تاوانباراندا بەشداری بکەن چونکە هیچ دڵنیا نین لەوەی کە ناویان یان ناسنامەیان دەپارێزرێت. هەراسانکردن و بەدناوبوون ئەو کۆسپانەن کە ڕێگری دەکەن لەوەی کە ژنان دەستیان بە سیستەمی دادوەری بگات، و پێویستە هەوڵ بدرێت ئەم کۆسپانە لاببرێن. لە هەمان کاتدا، ئەو ژنانەی کە ئامادەن وە تەنانەت بەتامەزرۆن کە لە دادگایەک یان مەکۆیەکی گشتیدا ڕووبەڕووی ئەنجامدەرانی تاوان ببنەوە، نابێت ڕێگرییان لێ بکرێت.

**ڕاسپاردە:** ئەوانەی کە بەرپرسیارن لە پرۆسەی دادوەری و لێپێچینەوە پێویستە پێشەنگی بدەن بە دابینکردنی ڕێکار و «کەشی سەلامەت» کە بریتیە لە:

- ئامادەکردن و هاوڕێیەتیکردنی ژنانی گەواهیدەر بە درێژایی پرۆسەی دادوەریی فەرمی یان نافەرمی
- هەبوونی بژاردەی گەواهیدان بە شێوەی نەناسراو یان ئاشکرا
- هەبوونی هەندێ ڕێوشوێنی ئاشکرا بۆ پاراستنی گەواهیدەرەکان (ئەگەر ناتوانن ئەمە گەرەنتی بکەن، ژنی ڕزگاربوو مافی ئەوەی هەیە بزانێت ڕووبەڕووی چ مەترسیگەلێک دەبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارێکی ئاگاهانە لەبارەی گەواهیدان بدات)





- ڕاهێنانی کارمەندەکان بەپێی پێویست بۆ نەهێشتنی هەر ئەگەرێکی هەراسانکردن، و دڵنیابوون لەوەی کە بە ڕێز و شکۆوە لەگەڵ ژنان ڕەفتار دەکرێت

بەبێ ئەم ڕێوشوێنانەیش، ڕەنگە ژنانی ڕزگاربوو لەم پرۆسانەدا بەشداری بکەن و یارمەتی بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی یاسا و ڕێکارە یاساییەکان، بەڵام لەوانەیە ئەمە بە بەهای سارێژنەبوونی ئازارەکانیان تەواو ببێت.

- بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەشداریکردنی ژنانی ڕزگاربوو لە پرۆسەکانی دادوەری و لێپێچینەوەدا دەبێت پەیوەست بە مەترسیە ئیحتمالکراوەکانی پەیوەست بە دووبارە دامەزرانەوەی ئەوان لێک بدرێتەوە. ڕێوشوێنەکانی پاراستنی گەواهیدەرەکان زیاتر لەسەر ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی خێرا کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی تەرکیز دەکەن، نەک لەسەر مەترسیە عاتفی و دەروونیەکان کە پەیوەندیان هەیە بە شەرپێفرۆشتنی درێژخایەن و بەدناوکردن لەلایەن ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگاوە.

**ڕاسپاردە:** ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن ئەو پرۆتۆکۆلانەی پاراستنی گەواهیدەر و ڕزگاربوو کە ئێستا هەن و پەیوەندییان بە دووبارە دامەزرانەوە هەیە پەرە بدەن.

- هەندێ وڵات بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر بنەمایەکی بەهێزتریان هەیە بۆ دارشتنی ستراتیژیەکانی دووبارە دامەزرانەوە بۆ ژنانی ڕزگاربوو. لە هەندێ کەیسدا، دادگا نیشتمانیەکان ماف و ئەرکی ئەوەیان هەیە کە دادگاییکردنی پەیوەندیدار بە تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەڕێوە ببەن، وەک تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کۆمەڵکوژی و تاوانە جەنگیەکان. دەتوانین چەند نموونە لەمە لە ئوگاندا، بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، ڕواندا، و گواتیمالا بدۆزینەوە، کە لەوێ دادگایەکی نیشتمانی دوو ئەفسەری سەربازیی پێشووی بە تاوانبار زانی بۆ تاوانگەلێک کە دژی 11 ژنی ڕەسەنی ناوچەکە کرابوون.[44] لە پاڵی ئەو دادگا نیشتمانیانەدا کە لەبارەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان بڕیار دەدەن، یاسا و سیاسەت و چوارچێوە سیاسیە نیشتمانیەکان، توانایی ئەوەیان هەیە کە کۆمەک بکەن بە دووبارە دامەزرانەوە. هەندێ یاسای تر لەوانەیە بە پشتگوێخستنی توندوتیژی و بەدناوکردنی ژنانی ڕزگاربوو، کۆسپ و بەربەست دروست بکەن. نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون بۆ لاقەکردن و توندوتیژیی سێکسی لە سیستەمی سزادانی ڕواندا بووە هۆی ئەوەی کە دادگا جیاجیاکان بە پێی خۆیان توندوتیژیی سێکسی پێناسە بکەن. ئەمە بووە هۆی نایەکسانی لە بڕیارەکانی دادگادا.

**ڕاسپاردە:** : ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ توێژینەوە بکەن و کاریگەری دابنێن لەسەر ئەو ژینگە یاساییەی کە فۆرم دەدات بە ڕای گشتی و ڕەفتاری خەڵک. هەوڵەکانی لۆبیکردن پێش، لە میانە، و پاش شەڕ دەبێ ئەمانەی خوارەوە بگرێتەوە:

- دانانی یاسایەک کە مافەکانی ژنان و منداڵان بپارێزێت، و سەرنجی تایبەت بدات بەو بنەمایانەی دووبارە دامەزرانەوە کە ئێستا هەن (بۆ نموونە، بەو شێوەی کە لە یاسای توندوتیژیی خێزانی لە تیمۆری ڕۆژهەڵات بینرا).

- ئەگەر لە یاسای سزادانی وڵاتێکدا پێناسەیەکی ڕوون بۆ لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی نییە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ هەوڵ بدەن پێکەوە لۆبی بکەن بۆ ئەوەی یاساکە هەموار بکرێت.

- دەبێ چاودێریی ڕێکارەکان و دادگاییکردنەکان لە سیستەمی دادوەریی ڕاگوزەردا و هەروەها چاودێریی ڕێبازەکانی لێپێچینەوەی نافەرمی بکرێت. دەبێ ئامادە بن کە فشار دروست بکەن تاوەکو دڵنیا بن لەوەی کە: (1) کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی خۆیاندا دادگایی دەکرێن؛ (2) داواکارانی گشتی بەڕوونی لە تاوانە سێکسیەکان تێدەگەن؛ (3) لە دامەزراوە دادوەریەکاندا هاوسەنگیەکی جێندەری هەیە؛ (4) ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی تەواو و هەستیار بابەتەکان ڕووماڵ دەکات؛ (5) داواکارانی گشتی ئەگەرەکانی تۆڵەسەندنەوە، لەوانە بەدناوکردن پێشبینی دەکەن، بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی تۆمەتەکان و



تۆمەتنامەکاندا ئەم لایەنەی دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان لە بەرچاو بگیردرێت.

- لەوانەیە دەستگەیشتنی بەردەوام بە نوێترین زانیاریەکان لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی شەڕ ئەستەم بێت. لێرەدا، تۆڕە خۆجێییەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن، بۆ نموونە ئەو گرووپە بچووکانە کە بەرپرسیارن لە چاودێریکردن و ڕاگەیاندنی هەواڵەکانی توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی شەڕ بە تۆڕگەلی گەورەتر. دەکرێت ئەم زانیاریانە بەکار بهێنرێن بۆ ڕێکخستنی کەمپینی پەروەردەیی ناوچەیی و نیشتمانی بۆ پشتیوانکردن لە دووبارە دامەزرانەوە.

**ڕاسپاردە:** ئەو یاسادانەر و سیاسەتسازانە کە پشتیوانی دەکەن بدۆزنەوە و پەیوەندییان پێوە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بنەمایەکی بەهێزتر دروست بکەن بۆ پاڵپشتیکردن لە هەوڵەکانی دووبارە دامەزرانەوە.

- ئەو وانانەی کە لە کاری مەیدانی فێر بووین نیشان دەدەن کە لە زۆربەی پرۆسەکانی دادوەریی ڕاگوزەردا منداڵانی لەدایکبووی شەڕ ڕاستەوخۆ لە بەرچاو نەگیردراون. ئەمە لەو ڕاستیەدا دەبینین کە لە بەشی پێشوو سەبارەت بە باشترین ڕێکارە دادوەریەکان، پرسی منداڵانی لەدایکبووی شەڕ هەر باس نەکراوە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ ڕێوشوێنێکی دادوەری یان سیاسیی ئەوتۆ نەبووە کە بەپێی پێویست بارودۆخی ئەوان کە زۆربەی کات پڕمەترسیە لە بەرچاو بگرێت و چارەسەری بکات. زۆرێک لەو کێشە و ئاڵنگاریانەی کە ئەوان ڕووبەڕووی دەبنەوە پێویستی بە وەڵامی سیاسیی خێرا هەیە بۆ نموونە دابینکردنی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ئەوان، وەک گەواهیی لەدایکبوون و مافی هاووڵاتیبوون، مافی بەشداربوون لە تەندروستی و خوێندن، و پاراستن لە توندوتیژی، لەوانە شەڕپێفرۆشتن و بەدناوکردن.

**ڕاسپاردە:** ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکوانانی مەیدانی دەبێ ئەو ئامرازانەی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵان کە بەردەستن بەکار بهێنن، و لەگەڵ پسپۆڕانی یاسایی کار بکەن تاوەکوو لەڕێگەی میکانیزمە فەرمیەکانی دادوەری لە ماوەی دادوەریی ڕاگوزەر و دواتریش، هەندێک بەڵگە هێنانەوە ئامادە بکەن کە بتوانن بەکاریان بهێنن بۆ کۆتاییهێنان بە بەدناوکردن و جۆرەکانی تری هەڵاواردن.

# 3. چای:
# گروپەکانی چاودێری و بەڵێنی هەرگیز دووبارە نەکردنەوە

«بەڕاستی بۆ من زۆر دژوار بوو کە خۆم لە هەڵاواردن و جیاوازیدانان لەلایەن خێزانەکەمەوە ڕزگار بکەم. منداڵەکانم باوکیان یەکێک نەبوو بەڵام من وەکو خێزانێک گەورەیانم کرد. خەم دامدەگرێت کە دەبینم ئەوان لە شوێنی کارکردنیان، کاتێک چیرۆکی خێزانەکەمان باس دەکرێت، دیسان ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. بەڵام پاڵپشتیی کەسانی تر بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانم دەنگ هەڵبێنم. دەزانم زۆر کەسی تر وەک ئێمە هەن. بەڵام کەس هۆشی پێیانەوە نییە. ئەوان هیوا و هێزێکی زۆریان لە دەست داوە، چۆن دەتوانن منداڵەکانیان گەورە بکەن؟ کەس نییە کە ئاگای لێیان بێت بۆ ئەوەی بتوانن ژیانیان وەکو هاووڵاتیەکی تەواو باشتر بکەن. ڕاسپاردەی من بۆ حکومەت ئەوەیە دۆخێک قوربانیەکان دروست بکات-بە تەنها ئافرەتان نین کەوا دووچاری توندوتیژی سێکسی دەبنەوە. تکایە ئاگاداری منداڵەکانمان بە تاوەکو ببن بە هاوڵاتی خاوەن گشت مافێک.“[45]

چای گرنگی دروستکردنی بازنەی چاودێری بەرجەستە دەکات-لە ناو خێزان و کۆمەڵگە-کە پشتیوانی ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی و منداڵەکانیان دەکات، دەرگا بۆ یەکڕیزی کۆمەڵایەتی و ئاشتبوونەوە دەکاتەوە. ئەمە دڵنیاکردنەوەی دەرفەتەکان دەگرێتەوە بۆ ڕزگاربووەکانمان بۆ چاکبوونەوە لە دەروونبریندارى، لەگەڵ دەستپێشخەریەکان بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی ناکۆکی، بە لەخۆگرتنی شێوازەکانی توندوتیژی جێندەر و توندوتیژی سێکسی کە ڕەنگە دووبارە بێتەوە یان دووبارە دروست بکرێتەوە لە دۆخەکانی دوای جەنگ. لەم بەشەدا، ئێمە جەخت لە سەر وانەکان دەکەینەوە بۆ هێنانەدی مافەکانی قوربانیەکان بۆ **قەرەبوو و پەیمانی هەرگیز** دووبارە نەکردنەوەی توندوتیژیی ڕابردوو.





### 3.1 ئامرازەکانی قەرەبوو کردنەوە

ڕزگاربووانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان مافی قەرەبوویان هەیە بۆ ئازاری جەستەیی، عەقڵی، عاتیفی و ئابوری کە لە ماوەی ناکۆکی و ماوەی توندوتیژی دووچاری بوونە. بڕیاری ئەنجومەنی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGA) سەبارەت بە بنەما بنەڕەتیەکان و ڕێنماییە پەیوەستەکان بە قەرەبووکردنەوە (بڕیاری UNGAـی 60/147) پێناسەی ئەم مافە دەکات، بە لەخۆگرتنی ئەرکەکانی سەر دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی. زیاتر شێوازەکانی قەرەبووکردنەوە دیاری دەکات کە گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی، قەرەبووکردنەوە، شیاندنەوە دەگرێتەوە؛ بوارەکانی ڕەزامەندی ڕزگاربووان، وەک داوای لێبوردن، گەڕان بۆ کەسانی ونبوو؛ سزای ئەوانەی سەرپێچیان ئەنجامداوە؛ و مەبەست چییە لە زەمانەتکردنی دووبارە نەبوونەوە. بەگوێرەی بڕیارەکە ”پێویستە دەوڵەتەکان کار بکەن بۆ دامەزراندنی پرۆگرامی نیشتیمانی بۆ قەرەبووکردنەوە و هاوکاری تر بۆ قوربانیەکان لە حاڵەتێک کەوا لایەنە بەرپرسەکانی ئازارەکە ناتوانن یان نایانەوێت ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.“[46] ئەم تێگەیشتنە بەڕوونی هەوڵی پێبژاردن دەدات بۆ پرۆسەیەکی دادوەری فەرمی کە تیایدا دادوەرەکە بڕیارێک دەدات دەربارەی تاوانە ئەنجامدراوەکان و جۆر و بڕیاری پێبژاردنەکە بۆ ئەوانەی زیانیان بەرکەوتووە. پێبژاردن بە ڕێژەی سروشتی تاوانەکان دەدرێتەوە-پێبژاردنی چڕ و گەورەتر پلەی تاوانی توندتریان پێدەدرێت.

لێرەدا بەکارهێنانی ئامرازەکان لەجیاتی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ناکۆکی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەکرێت ئاڵۆز بێت. لە بنەڕەتدا، گرنگە کە پێبژاردنەکان لە سەر بنەمای مافەکان بێت نەوەک لە سەر پێویستییەکان بۆ بەرز ڕاگرتنی یاسای نێودەوڵەتی کە توندوتیژی سێکسی وەک تاوانێک بەرامبەر مرۆڤایەتی یان ڕەگەزێکی جینۆساید دەناسێنێت. هێشتا ژمارەیەک کێشە دروست دەبن ئەگەر پێبژاردنەکان بوەستێتە سەر بڕیارەکانی دادگایەک کە زۆر بە هێواشی کار لە سەر کەیسەکان دەکات و ڕەنگە



کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی بەوردی دەستنیشان نەکات. هەروەها بەڵگەی جیاکاری لە پلانی پێبژاردندا هەیە. بۆ نموونە، لە نیپاڵ، حکومەت دانی نەناوە بە توندوتیژییە سێکسییەی کە لە ماوەی ململانێدا ئەنجامدراوە. ئەمە واتە کە ئافرەتان و منداڵانی لەدایکبووی کاتی جەنگ وەک قوربانیەکانی منداڵان دانیان پێدا نانرێت و بۆیە لە سیاسەتی قەرەبووکردنەوەی کاتی بەدەرکراون. هەروەها شایستە نین بۆ هاوکاری و بۆشایی سەلامەت هاوشێوەی ڕزگاربووان کە دووچاری دەروونبرینداریی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە.

شێوازە کەلتوری و پێکهاتانەییەکانی جیاکاری لە دژی ئافرەتان، و عەیبەی پەیوەست بە سێکس و توندوتیژیی سێکسی، وا دەکات بۆ ئافرەتان زەحمەت بێت لە دادگا گەواهی بدەن. لە بەرامبەردا ئەمە دەبێتە بەربەستێک بۆیان بۆ دەستگەیشتن بە پێبژاردنی داواکراوی دادگایی. تەنانەت کاتێک ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی کە دووچاری زیانی گەورەی دەروونی، ئابوری و زۆرجار جەستەیی بوونە گەواهی دەدەن، ئەو قەرەبووەی وەک ڕزگاربووی مەدەنی وەری دەگرن زۆر کەمترە لەوەی دەوڵەت بە جەنگاوەری دێرینی دەدات. گەرچی ڕەنگە دادگایەک فەرمانی پێبژاردن بکات وەک قەرەبوو کردنەوە و شیاندنەوە کە چاکبوونەوە لە دەروونبرینداری دەگرێتەوە، بەڵام زەحمەتە ئەگەر ئەستەم نەبێت پەسەندی یاسایی کردنی کۆمەڵایەتی-کەلتوری ڕزگاربووەکە بکرێت لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەکەیان. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە دادگاکان بەرپرسیارن لە دادگایی کردنی تاوانکارەکانی توندوتیژی سێکسی، هێشتا کێشەی پەیوەست بە مافەکانی منداڵانی لەدایکبووی کاتی جەنگیان لە بڕیارەکانیان دانەناوە، هێشتا منداڵانی لەدایک بووی کاتی جەنگ مافی قەرەبوویان هەیە کە بە دان پێدانانی دەوڵەت بە بوونیان دەست پێدەکات.

بەهۆی ئەم بەربەرستانەوە، زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری جیهان



چاوەڕوانی دادگاکان ناکەن بەڵام پەرە بە ڕێگاکان دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی زیانی عاتیفی، جەستەیی و ئابوری بۆ سەر ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی کاتی جەنگ. هەندێک لەم داهێنانانە لایەنەکانی نەنگی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکەن کە دەکرێت پشتیوانی لە ئاوێتەکردنەوە بکات. قەرەبووی دادگایی و شێوازی نافەرمی پێویستن. داکۆکی بۆ قەرەبوو کردنەوە بە فەرمانی دادگا نابێت هەوڵەکانی تر ڕەت بکاتەوە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبوو لە کاتی جەنگ. هەروەها، هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ چارەسەرکردنی دەروونبرینداری، گەڕاندنەوەی متمانە بەخۆبوون، و ڕێزگرتن لە نیازی مافەکانی قەرەبووکردنەوە کاتێک دەوڵەت ناتوانێت یان نایەوێت ئەمە بکات بۆیە نابێت گرنگی داواکردنی لێپرسراویەتی کەسی تاوانکار و دەوڵەت پشتگوێ بخات.

پێویستە جەخت بکرێت کەوا هەوڵەکان بۆ ناسینی قەرەبوو بۆ تاوانی جێندەری و سێکسی کە لە ماوەی ناکۆکی چەکداریدا ڕوویداوە پێویستە ببێتە سەکۆیەک بۆ دەستنیشانکردنی ئەم تاوانانە کە پێش و دوای ناکۆکیەکە ڕوو دەدەن. بەبێ هەوڵی بەردەوام بۆ دەستنیشانکردنی بەردەوامی توندوتیژی و جیاکاری بنیاتنراو لە سەر جێندەر لە دوای ناکۆکی، بەهای قەرەبووی فەرمی و چاکبوونەوەی نافەرمی و بەهێزکردنی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبوو لە کاتی جەنگدا سنووردار دەبێت.

**بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا**

**کاراکردنی یاساکە کە کار بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی بکات**

بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا لە دوو قەوارەی نیمچە سەربەخۆ پێک دێت-فیدراڵیەتی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا(BiH) و کۆماری سرپسکا (RS). لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، هیچ یاسایەک نییە قەرەبووکردنەوەی جەنگ ڕێک بخات، و پرۆگرامێک بۆ باشترکردنی دۆخی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی لەوەتەی ساڵی 2011 وەستاوە. لە قەوارەکەی (RS)، یاساکەی ساڵی 1999 دەربارەی بنەماکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پاراستنی قوربانیە مەدەنیەکانی جەنگ و پاراستنی ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە دان بە ڕزگاربووانی دەستدرێژی سێکسی نانێت وەک جۆرێکی جیاوازی قوربانی.[47] ڕزگاربووانی دەستدرێژی سێکسی پێویستە بەڵگەی پزیشکی پێشکەش بکەن کە ئەوە بسەلمێنێت کە بە لایەنی کەم ”برینداری 60%“یان هەیە، سنووری ئاسایی بۆ گشت زیانە مەدەنیەکان. توانایان بۆ شایستەبوون بۆ دەرماڵەی مانگانە دەوەستێتە سەر پلەی زیانی جەستەییان بەو شێوازەی لە لایەن لیژنەی تەندروستی و پزیشکی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. داواکارەکان لە RS پێویستە داواکاریەکان لە شارەوانیەکان تۆمار بکەن کە تێیدا دەژین، ئەمەش هۆکاری دووبارە بوونەوەی دەروونبرینداری بوو بۆ ڕزگاربووەکانی توندوتیژی سێکسی چونکە ئەوانە هەمان شوێن بوون کە توندوتیژیەکانی تێدا

ڕوودابوو. دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکان لە (RS) لە ساڵی 2007 کۆتایی هات سەرەڕای چەندین بەربەست بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی وەک هەڵچوونی کۆمەڵایەتی، نەنگ، کێشەی جەستەیی، بەربەستی دەروونی ئەوەی کەسێک چیرۆکی توندوتیژی سێکسی خۆی بگێڕێتەوە، نەبوونی زانیاری دەربارەی ئەگەری دەرماڵەکان، و بوونی ترسی ئەمنی. لە ئەنجامدا، زۆرێک لە ڕزگاربووەکان تەنها بەم دواییانە داواکاریان بۆ هاوکاری پێشکەش کردووە.

لە BiH، ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی ڕەنگە دووچاری کێشەیەکی هاوشێوە بووبن، بەڵام لە ساڵی 2006 ئەم یاسایە هەموار کرایەوە بۆ دروستکردنی جۆرێکی تایبەتی قوربانیەکانی توندوتیژی سێکسی تاوەکو بە شێوەیەکی فەرمی بناسێنرێن وەک قوربانی مەدەنی جەنگ. لە سەر بنەمای ئەم یاسا هەموارکراوە، ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی کە داواکاری پێشکەش دەکەن و دەسەلمێنرێت کەوا قوربانی جەنگن دەرماڵەیەکی مانگانە وەردەگرن.[48] وەک لە (RS)، ئافرەتێکی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی کە دەیەوێت داواکاری بۆ هاوکاری پێشکەش بکات وەک قوربانیەکی مەدەنی جەنگ پێویستە پشتڕاستکردنەوەی باروودخەکەی خۆی هەبێت. لە BiH ئەمە واتە بڕوانامەیەک لە Žene-Žrtva Rata(ئافرەتانی قوربانی جەنگ)، تاکە دامەزراوەی تەرخانکراو کە ئەم جۆرە بڕوانامەیە پێشکەشی ئافرەتان دەکات.[49] تا کۆتایی ساڵی 2016، بڕی 1000 ئافرەت دۆخی یاساییان وەک قوربانی جەنگ بەدەست هێنا.[50]

ڕەنگە چەندین هۆکار وای کردبێت ئەم یاسایە باشتر بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی لە قەوارەی BiH کاری کردبێت بەراورد بە RS، بەڵام دوو خاڵ زەقن. لە BiH، جۆرێکی تایبەت لە یاساکە بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی دروست کرا. ئەم دانپێدانانە ڕوونە بۆیان ئاسانتر دەکات شایستە بن وەک قوربانی مەدەنی جەنگ کە شایستەی مووچەن. جیاوازی ڕوونی دووەم ئەوەیە لە BiH هەڵسەنگاندنی دۆخی ئافرەتەکەیە، لەم حاڵەتەدا قوربانی دەستدرێژی سێکسی، لە لایەن ڕێکخراوی تایبەتمەندی ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرێت کە تایبەتە بە ئافرەتانی قوربانیەکان لە کاتێکدا لە RS پشکنینەکە لە لایەن هەمان لیژنەی تەندروستی پزیشکیەوە دەکرێت کە هەمان پێوەر بۆ بڕینداری لە پشکنینەکانی هەموو ئەوانە بەکاردێنێت کە داوای دۆخ وەک قوربانی دەکەن.



### عێراق

**یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی یەزیدی: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەوا کار تەنها بۆ پێبژاردن دەکەن**

لە ساڵی 2014، داعش دەستی بە کۆمەڵکوژی ئەندامانی کەمینەی یەزیدی کرد کە بەدوای کۆنترۆڵی ئایینی، سیاسی و سەربازیی بوون لە باکووری عێراق. داعش ئافرەتان و کچانی یەزیدی ڕفاند، لەگەڵ ئەوانەی لە کەمینە ڕەگەزییەکانی تر بوون، ئەوانی بە کۆیلایەتی سێکسی فرۆشت. زۆرینەی ئەو ئافرەتانە ئێستا لە ناوەوە و دەرەوە ئاوارەن، هێشتا ڕزگاربووەکان ڕۆژانە ڕزگار دەکرێن. لە 1ی ئاداری 2021، پەرلەمانی عێراقیی یاسایەکی پەسەند کرد بۆ پێشکەشکردنی قەرەبووکردنەوە، شیاندنەوە و خوێندن بۆ ئەو ئافرەتە یەزیدیانە لە لایەن داعشەوە ڕفێنرابوون.

عێراق خۆی یاسای پێبژاردنەوەی هەیە-یاسای ژمارە 20. قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانیەکانی کردە سەربازییەکان، هەڵە سەربازییەکان، و کردارە تیرۆریستیەکان. بەڵام، ئەم یاسایە توندوتیژی بنیاتنراو لە سەر جێندەر یان بەزۆر کارپێکردنی منداڵان ناگرێتە خۆ. بە تەنها دەستنیشانکردنی پێویستیەکانی ڕزگاربووەکان لە دوای جینۆساید لە لایەن داعشەوە بەس نییە کە توندوتیژی سێکسی ئەنجامدراوە، بەتایبەتی بەرامبەر ئافرەتان و کچانی یەزیدی.

یاسایەکی تری نوێی قەرەبووکردنەوە کە جەخت دەکاتە سەر ئافرەتانی ڕزگاربووی یەزیدی لە ساڵی 2019 لە لایەن سەرۆککۆمارەوە ڕاگەیەنرا. لە سەرەتادا، ڕەشنووسی یاساکە ڕەخنەی لێگیرا بەهۆی ئەوەی داواکاری ڕزگاربووەکانی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵام هاوپەیمانیەتیەکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها بۆ پێبژاردنەوە لە عێراق کاریان کرد بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان پێویستیەکانی ڕزگاربووەکان و ئەوەی لە یاساکەدا هەبوو. یاسا نوێیەکە ئێستا پێشکەوتوترە، لە زۆر بواردا، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەوانەی چەندین ساڵ زۆر کاریان لە سەری کردووە. منداڵانی یەزیدی کە بە زۆر لە لایەن داعشەوە بردران ئەوانیش شایستەی قەرەبوون. ئافرەتانی ڕزگاربووی یەزیدی مووچەی خانەنشینی مانگانە، پارچەیەک زەوی یان شوێنی نیشتەجێکردنی بەخۆڕایی وەردەگرن، لەگەڵ خزمەتگوزاری پزیشکی، بە لەخۆگرتنی پشتیوانی تەندروستی عەقڵی و پشتیوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی. هەروەها دەقی تایبەت هەیە بۆ گەڕان و ڕزگارکردنی ئەوانەی هێشتا ونن، و هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بۆ پشتیوانیکردنی دووبارە ناشتنەوە بەگوێرەی نەریتە ئاینییەکان. 3ی ئاب، ئەو ڕۆژەی جینۆسایدەکە تیایدا لە ساڵی 2014 دەستی پێکرد، هەروەها وەک ڕۆژێکی یادکردنەوەی نیشتیمانی ناسێنراوە.

هێشتا هەندێک کەموکوڕی لە یاساکەدا هەیە. ڕەشنووسی یەکەم تەنها باسی ڕزگاربووانی

یەزیدی کرد، بۆیە هاوپەیمانیەتەکە داکۆکی لە مافی ڕزگاربووانی کۆمەڵگەکانی تر کرد کە یەزیدی نین، وەک مەسیحیەکان. لە کاتێکدا ئێستا دەرماڵەکان دەستەبەری چوار کەمینەی ئاینیی دەکەن، هێشتا گروپی تر هەن کە باس نەکراون. هەروەها گەرچی هەوڵەکان بۆ دڵنیاکردنی ڕوونەدانەوە ئاماژەیان پێکراوە، هیچ ڕێگایەک باس نەکراوە، بۆیە سەختە بیر بکەیتەوە ئەمە چۆن بەدی دێت.

زۆرجار یاساکان لە دۆخی ڕاستەقینەی ڕزگاربووانی عێراق جیاوازن، کە تیایدا سەدان هەزار کەس هێشتا لە کەمپی ئاوارە ناوخۆییەکان دەژین.[51] بۆیە ڕوون نییە چۆن یاساکە جێبەجێ دەکرێت تاوەکو ڕزگاربووان چێژ لە سوودەکانی وەربگرن. بۆ نموونە، ڕەنگە ڕزگاربووان لە کەمپەکان پشتیوانی دەروونی-کۆمەڵایەتیان هەبێت، بەڵام چی دەربارەی بژاردە ئابوریەکان؟ چی دەربارەی ئاسایشیان؟ زۆرێک لە ڕزگاربووان بەهۆی کێشەی ئەمنیەوە نایانەوێت بۆ ماڵەکانیان بگەڕێنەوە. ئاوەدانکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی مینەکانی زۆر بەهێواشی ئەنجام دەدرێت. خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی وەک نەخۆشخانە زۆر پێویستن، و بەڵێنی هەرگیز دووبارە نەبوونەوە زەحمەتە جێبەجێ بکرێت بە بێ چاکسازی ئاوەدانکردنەوە، پەرەپێدان، و کەرتی ئەمنی.

حوکمە ڕوونەکان بۆ منداڵانی لەدایکبووی جەنگیش لە یاساکەدا نییە. کەلتوری یەزیدی ئەوە دەسەپێنێت کەوا یەزیدی پێویستە منداڵی یەزیدی هەبێت. بۆ ئەوەی منداڵەکان پەسەند بکرێن، پێویستە لە هەمان گروپی ڕەگەزی بن. لە عێراق، منداڵان لە ژێر ناو و ئاینی باوکیان تۆمار دەکرێن، نەوەک ناوی دایکیان. ئەو ناسنامانەش ئاماژە بە ناسنامەی ئاینی دەکەن هەروەها هۆکارە بۆ نەنگی. لە هەمان کاتدا، منداڵان مافی قەرەبوویان هەیە کە جیاوازە لە مافی دایکەکە بۆ قەرەبووکردنەوە. ئەم یاسایە ڕێگەی بە منداڵانی لە دایکبووی کاتی جەنگ داوە تا لە ژێر ناوی دایکیان تۆمار بکرێن بەبێ تێوەگلانی کاروبارە ناوخۆییەکانی سەرکردە یەزیدیەکان.

بەڵام، نەبوونی ویستی سیاسی وا بکات ئەمە بەدی بێت ڕەنگدانەوەی جیاکاری مێژوویيە بەرامبەر یەزیدیەکان و ئەو نایەکسانیەیە کە سەرەتا ڕێگەیان پێداوە ئەوان بیچێژن. پێویستیەک هەیە بۆ هەموارکردنی یاسای باری کەسی بۆ ئەوەی هاوتایان بکات لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕێخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی مافی قەرەبووی منداڵانی لەدایکبووی کاتی جەنگ.

گەرچی شتێکی ناواقیعیە پێشبینی بکەیت یاساکە هەموو شتێک چارەسەر دەکات، ئەم یاسا نوێیەی قەرەبووکردنەوە، سەرەڕای خاڵە لاوازەکانی، دان بە جینۆساید دەنێت و ئەگەر هەیە کاریگەری سەرەکی هەبێت لەسەر بنیاتنانەوەی ژیانی ڕزگاربووان کە هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

### دەربڕینی هونەری وەک قەرەبووکردنەوە

دەربڕینە هونەریەکان بۆ ئەزموونی ئافرەتانی کاتی ململانێ بەهۆی چەندین هۆکارەوە گرنگن. ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی کاتی جەنگ کە یارمەتیدەرن لە پلانداناان و بەشداری کردن لە کارە هونەریەکان وێنەی خۆیان لە زیاتر لە قوربانیەک مەزنتر دەکەن. ڕەنگە ئێستا وەک نووسەر، ئەکتەر، موزیکژەن، سەماکەر، و بەرهەمهێنەری بەڕێز بناسێنرێن، کە دەکرێت متمانە بەخۆ کردن و هەستی بەهای خۆ زانین باشتر بکات. کاتێک گروپێک لە ڕزگاربووان بەشدارن، کاری هونەری دەکرێت وەک بەستەری بەهێزکردن بێت بۆ هاوڕێیەتی و پشتگیری سوودبەخش بۆ داکۆکیکردنی سیاسی. هەروەها کارە هونەریەکان شێوازێکن بۆ بەرپاکردنی مافی ئازادی کۆبوونەوە و شوێنە گشتییە زیندووەکان لە دوای ماوەیەکی زۆردارانەی مێژوو کە شوێنە گشتیەکان و دەربڕینی داهێنان کپ دەکات.



### هونەرە کاراکان: ڕزگاربووان لە سەر شانۆ

ئافرەتانی ڕزگاربوو و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووبەڕووی لایەنگیری ئەکادیمی و یاسایی چەندین ڕێگای دادپەروەری بوونەتەوە لە ڕێگەی هاوبەشی کردنی ئەزموونی ئافرەتان بۆ ململانێ لە ڕێگەی دەربڕینە هونەریە جیاوازەکان.

لە **کەمبۆدیا**، سەمای Pka Sla Krom Angkar، کە بە واتای "گوڵی گوێزی بێتیل" دێت، لە ژێر دەسەڵاتی خمێرە سوورەکان، وەک یەکەم شێوازی پێبژاردن دیاریکرا بۆ هاوسەرگیری ناچارکراو لە لایەن ECCC[52]. بەگوێرەی ڕۆژمێری گرەی، سەماکە مێژووی زارەکی ئافرەتان لە خۆ دەگرێت کە لە ماوەی خمێرە سوورەکان ژیاون لەگەڵ سەرگوزشتەی ئەو ڕزگاربووانەی شایەتیان لە ECCC داوە و لە ڕاوێژکاریەکان بەشداریان کردووە لەگەڵ ڕێکخەرەکانی سەماکە.[53] سەماکە لە لایەن سۆفیلین چیم ساپیرۆ دیزاینکرا و وێنەی گیرا، ڕزگاربوویەکی خمێری سوور کە ئیلهامی لە چیرۆکی خۆی و چیرۆکی ئافرەتانی تری ڕزگاربوو وەرگرت. ئینجا بوویە پرۆژەیەکی هاوبەشی چیم ساپیرۆ و سێ لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کەمبۆدیا. سەماکە لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2017 بڵاوکرایەوە کە ڕزگاربووان و کەسانی تری مەدەنی لەخۆ گرت کە لە پرۆسەی داهێنەرانە بەشدار بووبوون. لە دوای بڵاوکردنەوەی لە پنوم پێن، سەماکە چەندین جار لە شوێنی جیاوازی سەرانسەری کەمبۆدیا پێشکەش کرا. پێشنیازی سەماکە وەک پرۆژەیەکی قەرەبوو لە ساڵی 2014 پێشکەشکرا، تا مانگی حوزەیرانی ساڵی 2015، لە لایەن ژووری دادگایی ECCC لەگەڵ 12 پرۆژەی تر پەسەندکرا. ئەم سەمایە مەبەستی پەرەپێدانی تێگەیشتنی خەڵکە بۆ توندوتیژی بنیاتنراو لە سەر جێندەر لە ژێر دەسەڵاتی خمێری سووردا و برەو بە گفتوگۆی نێوان نەوەکان دەدات دەربارەی ڕابردوو.[54]

لە ساڵی 2018 لە تیمۆری ڕۆژهەڵات، ACbit، ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئافرەتانە کە پشتیوانی لە ڕزگاربووانی ململانێی ڕابردوو دەکات، هەڵمەتێکی نیشتیمانی ئەنجامدا کە برەوی بە ئافرەتانی ڕزگاربوو دا وەک پاڵەوان، بەشێکی بۆ هاوسەنگی تێڕوانینێکی نیشتیمانی کە تەنها دان بە جەنگاوەرانی دێرینی ناکۆکیە چەکداریەکان وەک پاڵەوان دەنێت. بەیەکەوە لەگەڵ دادپەروەری و مافی ئاسیا (AJAR)، ACbit فایەرفلایز دروستکرد: ڕووناکی لە تاریکیدا، کتێبێکی کۆمیکە کە چیرۆکی حەوت ئافرەتی ڕزگاربوو دەگێڕێتەوە.[55] ئەم کتێبە کۆمیکە بوو بە بنچینەی بەرهەمهێنانێکی شانۆیی هەمان ناونیشان کە لە ناوەندێکی ئەشکەنجەدانی پێشووتر ئەنجام درا.[56] چیرۆکەکانی ئافرەتان هەروەها نیگا بە موزیکژەنە تیمۆرییەکان دەدات بۆ ئاوازدانانی گۆرانی کە ڕێز لە ئازایەتی و گونجاوییان دەگرێت.

### هێزی چاکبوونەوەی بۆنە و مەراسیمەکان

گەڕان بە ناو میکانیزمی دادپەروەریی نەریتی بەو شێوازەی لە برگەی "ئامرازەکانی دادپەروەری"ی سەرەوە باسکراوە بەرەو ئەوەیە کەوا لە سەر نەریتێک بێت کەوا پیاو تیایدا زاڵە لە کەلتورە پیاوسالاریەکاندا. بەڵام، زۆرێک لە داب و نەریتە ڕەسەنەکان نموونەی زانیاری، کردار و ڕێوڕەسمی ئافرەتان دەگرێتەوە کە ئەگەری هەیە دەروونبریندار و دابڕان سارێژ بکەن کە بەهۆی توندوتیژی و تاوانی بنیاتنراو لە سەر جێندەر دروست بووە. هێزی سارێژ بوونی نەریتەکان و بۆنەکان دەکرێت تاکەکان ئەزموونی بکەن لەگەڵ ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەی ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن و چاودێریان دەکات.

**کەمبۆدیا:**

**بۆنەکانی دووبارە هاوسەرگیری کردنەوە کە باوباپیران دەگرێتەوە**

لە کەمبۆدیا، هاوسەرگیری نەریتی چەندین ڕۆژ دەخایەنێت و مەراسیم بۆ ڕێزلێنان لە دایک و باوک و باوباپیران لەخۆ دەگرێت. گرنگە کە باوباپیران زانیاریان دەربارەی هاوسەرگیریەکە هەبێت تا بتوانن دانی پێدا بنێن و پیرۆزی بکەن. ئەمە یارمەتیدەرە لە دڵنیاکردنی ئەوەی کە هاوسەرگیریەکە ئاشتیخوازانە دەبێت و کە هاوسەرەکە دڵخۆش و سەرکەوتوو دەبن. هاوسەرگیری ناچارکراو لە ماوەی حوکمی خمێری سووردا ڕێگەی بە داب و نەریتە تەقلیدیەکان نەدەدا. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی خمێری سوور، هەندێک لە هاوسەرگیریە بەزۆرەملێکان بە تەلاق کۆتاییان هات، بەڵام هاوسەرەکانی تر هیوای پیرۆزی خێزان، کۆمەڵگە و باوباپیرانیان خواست کە شەرعیەتی کەلتوری بە هاوسەرگیریەکەیان دەدات. بۆ هەستکردن بە گرنگی ئاهەنگی هاوسەرگیری نەریتی، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، گەنجانی ئاشتی (YFP)، چەندین ئاهەنگی دووبارە هاوسەرگیری لەوەتەی ساڵی 2015ەوە ڕێکخستووە بۆ ئەو هاوسەرانەی چەندین دەیەی پێشووتر بە ناچاری هاوسەرگیریان کردبوو.[57]

**کۆلۆمبیا**

**پشتیوانی دەروونی-ڕوحی و ژیری کۆنی ئافرەتان**

Red Mariposas de Alas Nuevas Construyendo Futuro (پەپولە باڵ تازەکان، بنیاتنانی تۆڕی ئاینده) بە تایبەتی کار لە بەندەری شاری بوناڤێنتوار دەکات، کە تیایدا ژمارەیەک گروپی چەکداری نایاسایی کە بەرژەوەندی جیاوازی سیاسی و ئابوریان هەیە هێشتا کۆنترۆڵی ناوچەکە دەکەن سەرەڕای ڕێککەوتنی ئاشتی ساڵی 2016. لە ناوەڕاستی ئەم دۆخە چەکداریەدا کە تیایدا ئافرەتان قوربانی توندوتیژین، Red Mariposas ڕاشکاوە دەربارەی ستراتیژیەتی بەناوەندکردنی ڕزگاربوو کە لە سەر داب و نەریتەکانی ئافرەتانی ڕەشپێستی بوناڤێنتوار کار دەکات.

کۆمادیرۆ ستراتیژیەتێکە کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەم پشتیوانی ئەم تۆڕە بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو لە بوناڤێنتوار. بۆشاییەکی ئارام دابین دەکات بۆ گوێگرتن و پشتیوانی کە تیایدا ئافرەتێک دەتوانێت دەست بە گەشتی ساڕێژ بوون بکات. کۆمادیرۆ ستراتیژیەتێکە کە چەندین پێکهاتەی هەیە ڕیشەیان لە ناو چەمکی comadre،دایە، کە نازناوێکی باوباپیرانەیە. comadre بریتیە لە ئافرەتێک کە هاوڕێیەکی نزیکی دایك یان خێزانی دایکەکەیە و کەسی یەکەمە کە ئاو بە منداڵی تازە لە دایک بوو دادەکات. ئەم کردارە پابەندی دەکات بە بەشداری کردن لە پەروەردەی منداڵەکە و بەخێوکردنی، بەشێوەیەکی بنچینەیی وەک دایکێکی ڕوحی، کە ئەرکی پشتیوانی دەکرێت بۆ دایکەکە و منداڵەکەش.

هەروەک لە کاتی ئالوگۆڕی یەکخستن و دادپەروەری ڕاگوزەری GIJTR ڕوونکرایەوە لە 9ی ئاداری 2021، Red Mariposas دوو جۆری کەیسی هەبوو. یەکێکیان ئەوەیە کەوا ئافرەتێک بڕیار دەدات سکاڵایەک تۆمار بکات. لە ماوەی ستراتیژیەتی comadreo، ئافرەتەکە کەسێکی هەیە کە پشتیوانی عەقڵی و عاتیفی پێشکەش دەکات، بۆ ڕێنوێنی کردنی لە کاتی بابەتە یاساییەکان و پێشکەشکردنی پاراستن. ئەگەر ئافرەتێک لە دژی گروپێکی چەکدار قسە بکات، ڕەنگە تەنها چەند خولەکێکی کەمی هەبێت بۆ جێهێشتنی گەڕەکەکە. هەندێک جار بۆ شوێنێکی سەلامەت دەبرێت کە تیایدا چاودێری پێشکەش دەکرێت. گواستنەوە دابین دەکرێت بۆیە دەتوانێت بە سەلامەتی گەڕەکەکە جێبهێڵێت، بەڵام هەروەها بۆ یارمەتیدانی لە گەیشتن بەو شوێنانەی دەیەوێت وەک نووسینگەی پارێزەری ناوچەکە، کلینیک بۆ پشکنینی پزیشکی یاسایی یان بۆ دادگایەکی خێزان.

ئافرەتانی تر هێرشکەرەکە تاوانبار ناکەن، و Red Mariposas هەوڵی پشتیوانی کردنیان دەدات لەم بڕیارەدا. هەروەک ئەندامێکی Red Mariposas باسی کرد ”ئێمە هەرگیز ناڵێین چی پێویستە بکرێت... چونکە هەست دەکەین هەموو کەسێک پرۆسەی خۆی هەیە. تەنانەت ئەگەر دووچاری هەمان توندوتیژی سێکسی بوو بن، تەنانەت ئەگەر بۆ کاری دەستی زۆرەملێ برا بن، هەموویان ئەزموونی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە پرۆسەکانیان جیاواز دەبێت. ئێمە هەرگیز ناچاریان ناکەین ئاماژە بە هێرشکەرەکانیان بکەن؛ ئێمە بە سادەیی ڕێنوێنیان دەکەن لە پرۆسەکەیان و کە دەکرێت تا هۆڵی دادگا بچێت“.[58]

بۆ ئەوانەی سکاڵا تۆمار دەکەن و ئەوانەیش تۆماری ناکەن، ڕەنگە پشتیوانیەکە یارمەتی لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی comadreo بگرێتەوە و لەگەڵ تەندروستی عەقڵییان. ڕەنگە ئافرەتان بەشداری لە ڕاهێنانی قوتابخانە بکەن لەگەڵ مۆدیولەکان دەربارەی ئاشتی، چاودێری خودی، پاراستنی خودی و چاودێری هاوبەش. ڕاهێنانەکان دەیەوێت بناغەیەک دروست بکات کە تیایدا ئافرەتان لە مافەکانیان بگەن و ئەوە ببینن کەوا سووڕێکی توندوتیژی شتێکی سروشتی نییە کەوا پەسەند بکرێت.

لە پرۆسەی چاودێری خودی، ڕەنگە ئافرەتێک ڕێگایەک بەرەو ساڕێژ بوون هەڵبژێرێت کە دەروونناسی ڕاهێنراو یان ڕێنوێنی دەروونی-ڕوحی لەخۆ دەگرێت بۆ یارمەتیدانی. ئەم ڕێنوێنیانە تەرخان کراون بۆ ئەو کارە و بەکارهێنانی درەخت، مەرهەم، نزای باوباپیران لە نەریتەکانی ساڕێژ بوون دەگرێتەوە. ئەم کرداردانە، کە لە ناو نەریتەکانی کۆمەڵگەی ئەفریقی-کۆلۆمبی هەیە، یارمەتیدەرە لە نیشاندانی ئەوەی کەوا Red Mariposas زۆر ئارەزوومەندی ڕزگاربووەکەیە و چی بە سەر هاتووە، تەنانەت لە دەرەوەی ئەوەی کەوا ڕەنگە خۆی بتوانێت باسی بکات.

### کردارەکانی ساڕێژ بوون لە سەر ڕێڕەوەکە بەرەو ئاوێتەبوونەوە و دادپەروەری بۆ منداڵانی لەدایک بووی لە کاتی جەنگ

منداڵانی لە دایک بووی جەنگ دووچاری چەندین ئاستەنگ دەبنەوە و پێویستە بتوانن بژین لەو وڵاتانەی حکومەتەکانیان هیچ ویستێکی سیاسی نیە بۆ دەسنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانە. هەندێک کێشە کە بەردەوام لە توێژینەوە جیاوازەکانی دۆخ و ڕاپۆرتە مەیدانیەکان ئاماژەیان پێکراوە کە بۆ ئەم ئامرازە بەکارهاتوون ئەمانە دەگرێتەوە:

**کێشەکانی پەیوەست بە ناسنامە:** کاریگەری بەهێزی کۆمەڵگە باوک سالارەکان کە داننان بە کەسێک و پەسەندکردنی لە ناو خێزان بە ناسنامەی ئەو پیاوە دەبەستنەوە کەوا هۆکاری دووگیان بوونی دایکەکە بووە کە ئەمە ڕیشەی کێشەکەیە. نەبوونی ئەندامێتی ڕوون لە

خێزان یان تیرەی باوک، منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دووچاری پەڵە، توندوتیژی، جیاکاری، و پەراوێزخستن دەبنەوە. لە ئۆگاندا، منداڵەکان بە هۆکاری ئەوەی ئەندامی تیرە نین ڕەت دەکرێنەوە، کە دەکەونە ژێر لەکەداربوون بەهۆی دۆخی LRA-ی ئەو پیاوەی دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر دایکیان. بەبێ تیرەیەکی باوکایەتی، هیچ دەسگەیشتنێکیان بۆ ناسنامە و دۆخی کۆمەڵایەتی، زەوی و سەرچاوەکان نییە. لە تەیموری خۆرهەڵات، ڕەنگە منداڵانی کچ دووچاری جیاکاری تایبەت ببنەوە کاتێک پیاوان ڕەتی ئەوە دەکەنەوە هاوسەرگیریان لەگەڵ بکەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا ”هاوشێوەی دایکیان وان.“

هەروەها لە تەیموری خۆرهەڵات، وڵاتێکی کاسۆلیکی، هەندێک منداڵی لەدایکبووی جەنگ تەعمیدکردنیشیان ڕەت کراوەتەوە، کە جیاکاری کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات لە لایەن خێزانەکان و کۆمەڵگە بۆ ئەو منداڵانەی وەک بە بێ هاوسەرگیری لە دایک بوونە. جیاکاریەکە بە تەنها کۆمەڵایەتی و ئاینیی نیە بەڵکو کار دەکاتە سەر مافەکانی تری مرۆڤی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ.

**منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بنەڕەتیترین مافیان نییە:** کاتێک تاوانباری توندوتیژی سێکسی دەسنیشان ناکرێت، ڕەنگە بارودۆخەکە ئەو منداڵانەی لە دایک بووی جەنگن دووچاری ئاستەنگی یاسایی بکاتەوە لە دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکانی ناسنامە یان داواکردنی میرات.

- **بەڵگەنامە بنەڕەتیەکانی ناسنامە:** کاتێک نەنگ و جیاکاری بە دامەزراوەیی دەکرێن، مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ زیاتر دەکەونە ژێر هەڕەشەوە. منداڵانی لەدایکبووی جەنگ لە تەیموری خۆرهەڵات دووچاری کاریگەری دووهێندەری نادادپەروەری بوونە. بەبێ پەڕاوەکانی ڕەگەزنامە، منداڵێکی لەدایکبووی جەنگ ناتوانێت ناسنامەی نیشتیمانی هەبێت، کە پێویستە بۆ شتەکانی تری وەک کردنەوەی ئەژمێری بانکیی. منداڵێکی تری لەدایکبووی جەنگ کە لە گوندێکی تر دەژیا کە گوندەکە لافاوێکی توند تێیدا ڕوویدا، بەڵام کاتێک پاڵپشتی دارایی قەرەبووی باری لەناکاو دابەش کرا، ناوی ئەو کەسانە لە لیستەکەدا نەبوو. ژمارەیەک وڵات باس لەوە دەکەن کەوا هیچ پاراستنێکی ئابوری نییە بۆ منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بۆیە زۆرێکیان هەژاری دایکیان بۆ بە میرات دەمێنێتەوە بەهۆی پەڵەی لکێنراو کە ڕێگری دەکات لە دەستگەیشتنیان بە خوێندن و پەرەسەندنی ئابووری کۆمەڵایەتی.
- **کێشەکانی پەیوەست بە میرات:** ل: ئەوانی تر هیچ پاراستنێک یان دان پێدانانێکیان نییە لە لایەن ئەندامە سەرەکیەکانی خێزان کە دڵنیایی دەستگەیشتن بکاتەوە بۆ زەوی و خانووبەرە. ئەم منداڵانەی لەدایکبووی جەنگن بە هەڕەشەی بێلانەیی دەژین. بۆ نموونە، منداڵێکی لەدایکبووی جەنگ لە تەیموری خۆرهەڵات وتی ”من زەویم نیە. من لەگەڵ باپیرم دەژیم. مامم دەڵێت کاتێک باپیرم دەمرێت، من هیچی تر ناتوانم لەم ماڵە بژیم... بەو دەدرێت.“[59] یەکێکی تر باسی لە ژیان بەسەربردن بە تەنها کرد لە ژوورێکی بەکرێ چونکە زڕباوکیان ڕەتی کردۆتەوە پەسەندی بکات لە خانووەکە لەگەڵ دایکیان بژین.

**پەیوەندی شپرزە لە نێوان دایکان و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ:** هۆکارەکانی پەیوەندی شپرزە لە نێوان دایکان و منداڵەکانیان کەوا لە جەنگ لە دایک بوونە، هۆکار و پلەکەی جیاوازە. هەندێک دایک هەرگیز منداڵەکانیان نەویستووە یان پەسەندیان نەکردوون و هیچ سۆزێکیان پێیان نەداوە. ئەوانی تر کێشەیان هەیە لەوەی لایان بن چونکە بوونیان توندوتیژی سێکسیەکەیان بیر دەخاتەوە کە دووچاری بوونە یان چونکە منداڵەکانیان وەک سەرچاوەیەک بۆ نەنگی کۆمەڵایەتی دەبینن کەوا دووچاری دەبن. هەندێک لە دایکەکان منداڵەکانی خۆیان زۆر خۆش دەوێت کە لە جەنگ لە دایک بوونە، بەڵام ڕاستیەکەیان لێ دەشارنەوە، بەو هیوایەی تووشی ناخۆشیان نەکەن. چەندین دایک هەست بە تاوان دەکەن بۆ هەستە تێکەڵەکە کە هەیانە یان بە هۆی ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانیان ڕاستگۆ نەبوونە. منداڵەکان هەست بە هەستی تێکەڵی دایکیان یان ڕەتکردنەوەیان دەکەن بەڵام ناتوانن تێبگەن، بۆیە بەدوای ئاسوودەیی لە لایەن خزمانی تر دەگەڕێن (داپیر/باپیر، پوور، و مام و خاڵ).

**دەروونبرینداریی نێوان نەوەکان:** : گەرچی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی ئەمە پێویستە، ڕاپۆرتە مەیدانیەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کەوا ئەگەر دایکی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ هیچ یارمەتیەکیان نەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەم، بێزاری و دەروونبرینداری، و ئەو زیانەی بەریان کەوتووە بەهەند وەرناگیرێت، بارودۆخەکەیان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر گەشەی منداڵەکانیان، بەو منداڵانەشەوە کە لە ئەزموونی توندوتیژی سێکسی لە دایک نەبوونە. پەیوەندییە شپرزەکان لەگەڵ دایکیان و ئەندامانی تری خێزان و کۆمەڵگە زۆرجار وا دەکات منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دووچاری فشار، خەمۆکی، تەرکیز نەمان، و کێشەی ناو قوتابخانە و کێشەی ماددەی هۆشبەر ببنەوە.

- ئەو ڕەفتارانەی پێشنیاری ئازاری نێوان نەوەکان دەکات لە **کۆڵۆمبیا** ئەوە ژمارەی زۆری گەنجانی نێرینەی ناو کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە پەلکێش کراون (هەندێک جار لە لایەن ئەندامانی خێزانەکانی خۆیانەوە) بۆ ناو گروپە نیمچە سەربازیەکان کە کرداری کوشتن و ونکردن، بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و چەک ئەنجام دەدەن. دەشێت دووچاری پەلکێشکردن بکرێن بۆ ئەو گروپانە چونکە گروپەکان توانای چەکداریان پێدەدەن، لەگەڵ توانای بردنی ئافرەت بەهێز و ڕاکردن لە دەستی هەژاری. ئەوان خوێندن وەک دەرفەت نابینن بەڵکو وەک کۆسپێک دەبینن.
- **لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا**، کێشەی فشاری دوای دەروونبرینداری (PTSD) زۆرجار دەبێتە ئازاری نێوان نەوەکان هەروەک لە منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەبینرێت کە

بەردەوام هەوڵ دەدەن خۆیان لە ناو کۆمەڵگە بگونجێنن بۆ خۆ بە دوور گرتن لە لایەنگری کۆمەڵایەتی. شکستهێنانیان لە دۆزینەوەی کەسێکی پێشەنگی بەهێز دەبێتە هۆی نەبوونی متمانە بەخۆ کردن، ترسان لە جێهێشتن و ڕەتکردنەوە، کێشەی دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و عاتیفیەکان، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، و خۆجیاکردنەوەی زیاتر.

- منداڵانی لە دایک بووی هاوسەرگیری ناچارکراو لە **کامبۆدیاش** دووچاری کاریگەری ترۆما بوو بوون کە ئەندامانی خێزانەکەیان دووچاری بوو بوون.
- **لە تەیموری خۆرهەڵات**، ستەمی پێکهاتەیی کە دەروونبرینداریی دوای ململانێ بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ناکۆکی زیاتر دەکات، وەک هەژاری، توندوتیژی خێزانی، جیاکاری جێندەری، و لە نێوان نەوەکانیشدایە، کە ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی بەدەستیەوە دەناڵێنن کە کێشەی بەخێوکردن و پارێزگاری کردنیان لە منداڵەکانیان هەیە کە کاتێک گەورە دەبن، دووچاری هەمان کێشە دەبنەوە.
- لە **ڕواندا**، منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەکەونە ژێر باری شەرمەزاری و مامەڵەی خراپ کەوا دایکیان لە ژیانیاندا دووچاری دەبن و هەروەها دووچاری نەنگ و شەرمەزاری دەبنەوە و دەروونبرینداریيەکەش هەڵدەگرن.

لە کاتێکدا ئامرازەکانی تری دادپەروەری پەیوەست بە بەڵگەنامەکردن، گەڕان بەدوای ڕاستی، و وانەکانی دادپەروەری و لایەنی پێشبینیکراوی ئاوێتەکردنەوەی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ، هەندێک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەستیان بە کاری ڕاستەوخۆ کردووە لەگەڵ منداڵانی لەدایکبووی جەنگ و خێزانەکانیان.

**نێجیریا**

تۆڕی JIRE DOLE: ئاوێتەکردنەوەی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ

نموونەیەکی ئاوێتەکردنەوەی کۆمەڵایەتی منداڵانی جەنگ لە نێجیریاوە بەردەستە. Jire Dole، کە بە واتای "پێویستە ڕاستی هەبێت" دێت، تۆڕێکی کۆمەڵگەیە کە لە لایەن ئافرەتانەوە سەرکردایەتی دەکرێت کە ڕووماڵی ناوچەی باکووری خۆرهەڵاتی نێجیریا دەکات. ئەم تۆڕە داوای ڕاستی دەکات دەربارەی ئەو کەسانەی ون بوونە جا بەهۆی چەکدارانی بۆکۆ حەرام بێت یان بەهۆی کردە سەربازییەکانەوە بێت. هەروەها پابەندی شیاندنەوە و ئاوێتەکردنەوەی ڕزگاربووانە، بە تایبەتی منداڵانی لەدایکبووی



جەنگ. بەگوێرەی حاجیە گانا، سەرۆکی دەستەی ئافرەتانی کانوم و سەرۆکی تۆڕەکە، دادپەروەری ڕاستەقینە ناکرێت بەدی بێت مەگەر ڕاستیەکە دەربارەی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ نەوترێن، بە لەخۆگرتنی توندوتیژی سێکسی و جێندەری، کە لە دژی کچان و ئافرەتان ئەنجامدراوە.

هەندێکجار، پێش ئەوەی ئافرەتان و کچان ڕزگار بکرێن، خۆیان منداڵیان هەیە کە لە لایەن چەکدارانی بۆکۆ حەرامەوە ناویان لێ نراوە. لە کۆمەڵگەی نێجیری، هەموو منداڵێک پێویستە ناوی خێزانی هەبێت، بۆ پشتیوانی کردنی ئاوێتەکردنەوەی ئەم منداڵانە و دایکیان، Jire Dole بەخشینێک دەکات و بزنێک بۆ ناو لێنان یان ناولێنانەوەکە دەکڕێت، ئاهەنگی منداڵەکە بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ نەریتی ناوخۆیی. ئەگەر دایکەکە نەتوانێت ناوێک لە منداڵەکە بنێت، نازناوی پیاوماقوڵێکی کۆمەڵگەکە بەکاردێت کەوا پشتیوانی Jire Doleی کردووە. لە یەک حاڵەتدا، خێزانی ئافرەتەکە بڕیاریاندا ناوی برای ئافرەتەکە بە کچەکە بدەن کە ئەو کاتە لە دایک بوو کە دایکەکە هێشتا دەست بەسەر بوو. ئەم نەریتە بەرجەستەیە کاریگەریەکی دەستبەجێی لە سەر منداڵانی لەدایکبووی جەنگ و دایکیان هەیە لە ڕێگەی پارمەتیدانیان بۆ خۆ پاککردنەوە لەو شتانەی لە کاتی دەست بەسەرکردن ناچارکرا بوون بیکەن لە ڕێگەی "ناونانەوەی" ئەو ئەزموونانە. سوودێکی تری ئەم ڕێگەیە ئەوەیە کەوا کۆمەڵگەکان دەتوانن پەیوەست بن بە ئاهەنگی نەریتی کەوا خۆیان پەسەندی دەکەن و متمانەیان پێی هەیە. ئەم ڕێگە کەلتوریە بانگێشتی دان پێدانان، پەسەندکردن و بەشداری کردنی گشتی دەکات لەوەی زۆرجار هەنگاوی یەکەمی ڕزگاربووەکەیە بەرەو ساڕێژ بوون و ئاوێتە بوونەوە. هەروەها Jire Dole بەخشین بە جووتیارانی تۆڕەکە دەدات. هەروەک حاجیە دەڵێت:

"خەڵکی پێزانیان بۆ کارەکە لە Jire Dole هەیە. بەڵام پێویستمان بە پشتیوانی زۆری کۆمەک بەخشەکانە، تاوەکو ئەوەی دەتوانین بیکەین بە بوارێکی فراوانتر بکرێت. ئەوە ئێمەین کە دەزانین چۆن یارمەتیدەر بین لە گەڕاندنەوەی ئافرەتان و منداڵان بۆ ئاوێتەبوونەوە لە ناو کۆمەڵگە. ئێمە ڕۆژانە یارمەتی لە ڕابەرە ئاینییەکان، بە تایبەتی کەنیسە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەردەگرین. زیاتر ئارەزوومەندن بۆ بینینی کۆتاییهاتن بە نەنگی ڕزگاربووان لەچاو حکومەت، و ئێمەش ئەمە دەکەین... ئێمە [this] بۆ خۆمان ئەنجامی دەدەین، چونکە کاتێک ئەوان خۆشحاڵن، ئەوە ئێمەش خۆشحاڵین. هەموو کەسێک خۆشحاڵە." [60]

### تەیموری خۆرهەڵات

**ACBIT به بۆشایی سەلامەتی دایك و مندالٚ دەست پێدەکات**

ئاسۆیاساون چێگا! Ba Ita، یان ACbit، وەک "دەستەی چێگا! بۆ ئێمە" وەردەگێڕدرێت. Chega! ئاماژەیە بۆ دوایین ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاستی تەیموری خۆرهەڵات و وەک "هەرگیز دووبارە نەبێتەوە" یان "بەسە" وەردەگێڕدرێت. ACbit لە ساڵی 2010 دامەزرا بۆ برەودان بە ئەنجام و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە، لەگەڵ سەرنجی تایبەت بۆ ڕاسپاردەی پەیوەست بە ئافرەتانی ڕزگاربووی ململانێ.
لە کاتی لۆبیکردنی حکومەت، هەروەها ACbit پشتیوانی ئافرەتانی ڕزگاربوو دەکات لە ڕێگەی وۆرکشۆپەکانی سارێژ بوونی دەروونبریندارى، ڕاهێنانی کار، و ستایشە گشتیەکان، و ناوەندێکی ڕۆشنبیری بۆ ئافرەتان لە سەرانسەری تەیموری خۆرهەڵات دروست کردووە. هەروەها پەیوەندی بە لایەنی تروە کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی بە زۆر بۆ ئەندەنوسیا براون لە ساڵی 1970کان و 1980کان و ئاسانکاری بۆ سەردانکردن ڕێکخست بۆیان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزانەکانیان لە تەیموری خۆرهەڵات، کە هەندێکیان لە هەندێک حاڵەتدا وایان زانیبوو منداڵەکانیان مردوون. هەروەها ACbit بەدوای هۆشیارکردنەوەی خەڵکی گشتیە دەربارەی توندوتیژی بنیاتنراو لە سەر جێندەر لە ماوەی ململانێی ڕابردوو و هەروەک تا ئێستا بەردەوامە، و هەروەها دەربارەی مافەکانی مرۆڤی ئافرەت.

لە سەرەتای 2016، ACbit پەیوەندی بە هێزەکانی AJAR کرد بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ لە نێوان ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان کەوا بەهۆی توندوتیژی سێکسی لە ماوەی ململانێیەکە لە دایک بووبوون. زۆرێک شێوازی بەشدارییکردن هانی کراوەیی و مەودای بە دایکەکاندا بۆ باسکردنی ئەزموونیان لە ماوەی ململانێدا لەگەڵ منداڵەکانیان. لەو تەکنیکانە وەک جووتکردنی هێماکان لەگەڵ بارودۆخی ڕابردوو و ئێستایان، نەخشەکردنی جەستە، گفتوگۆ دەربارەی ئەوەی کە دەبێتە باوك لە ژیانی منداڵەکاندا، و "کارتی پۆستەی خۆشەویستی" وەک کەناڵێک بۆ دایکان و منداڵان بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ یەکتر کراوە بن (هەندێکجار کارتی پۆستە بۆ کەسێک نووسرا کە لە ژیان نەما بوو). وانەیەکی عاتیفی لەگەڵ خوشکێکی بەڕێزی کاسۆلیکی بەهایەکی تایبەتی هەبوو کە یارمەتی منداڵەکانی دا هەست بە قبوڵکراوی بکەن لە لایەن کۆمەڵگەی ئایینی سەرەکی لە تیمۆری خۆرهەڵات کە خۆی نوێنەرایەتیانی دەکرد. وۆرکشۆپەکان هاریکار بوون لە بەهێزکردنی پەیوەندیەکان لە نێوان منداڵان و دایکیان، و لە هەندێک حاڵەتدا، چاکیان دەکردنەوە.

بڕیاری دەستپێکردنی کاری داکۆکی لە جیاتی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ لە ڕێگەی جەختکردنە سەر پەیوەندیی نێوان دایکەکان و منداڵەکانیان کەوا لە جەنگ لە دایک بوو بوون بەئەنقەست بوو. هەستکردن بەوەی لایەنی دەروونبریندارى نێوان نەوەکان بۆ ئەم خێزانانە، ڕاست بوو کە پرۆسەی سارێژ بوون لە نێوان نەوەکانیش دەبێت. زامنکردنی پەیوەندییەکی عاتیفی بەهێز لە نێوان دایکەکان و منداڵەکانیان یارمەتیدەرە لە ئامادە کردنیان بۆ داکۆکی بەردەوامی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. پێشکەشکارێک مەبەستە سەرەکیەکانی پوخت کرد کە لە وۆرکشۆپەکە وروژێنرا لەگەڵ منداڵانی لەدایکبووی جەنگ و گێڕانەوەی بەکۆمەڵ بەم شێوەیە:

> "بەهۆی جەنگەوە، دایکەکانمان پێویست بوو دووچاری پێشێلکاری چاوەڕوان نەکراو ببنەوە. نەوەک یەک جار یان دووجار، بەڵکو چەندین جار، بۆ ماوەیەکی زۆر. بەڵام لە دەرەوەی ئەم تاریکیەدا، هەروەها ڕووناکییش هەبوو. دایکەکانمان دووگیان بوون بەهۆی ئەو توندوتیژیەی دووچاری بوون. خۆشەویستیان هەڵبژارد بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان، و لە بەرامبەردا خۆشەویستی منداڵەکانیان یارمەتی ئەوانیدا لە نائومێدی ڕزگار بن... چی پێویستە بگۆڕدرێت؟ پێویستە دەوڵەت بایەخ بە مافەکانمان بدات، کە یارمەتیدانمان دەگرێتەوە لەگەڵ زەماڵەی خوێندن، یارمەتیدانمان لە وەرگرتنی بڕوانامەی لە دایکبوون، پارێزگاری کردن لە مافەکانمان، و دەستنیشانکردنی چەندین کێشەی تر. پێویستە کۆمەڵگەکانمان لەوە بگەن کە ڕوویداوە و بوەستن لە جیاکاری کردن لە دژی ئێمە." [61]

## 3.2 وانە وەرگیراوەکان




وڵاتەکانی دۆخی گواستنەوە باس لە تۆمارێکی ترسناکی قەرەبووکردنەوە و خزمەتگوزاریەکان بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ دەکەن، و تەنانەت دۆخی خراپتریش بۆ منداڵانی لەدایکبووی جەنگ هەیە. یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1994 دامەزرا، هیچ دەقێکی نیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربوو. لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، کە تیایدا ڕەنگە قەرەبووکردنەوە لە ڕێگەی ڕێکاری تاوانکارییەوە لە دادگا دەست بخرێت، ئافرەتێکی ڕزگاربوو پێویستە دووجار بیر




بکاتەوە پێش ئەوەی داوای قەرەبوو کردنەوە بکات. کە تیایدا ڕەنگە قەرەبووەکان پێویستیان بە پرۆسەی دادوەری هەبێت، ئافرەتێکی ڕزگاربوو ناتوانێت پارەی پارێزەر بدات بۆ یارمەتیدانی لە پێشکەشکردنی داواکاریەک یان ناتوانێت پارەی تێچووەکانی دادگا بدات، ڕووبەڕووی دووبارە دەروونبریندار دەبێتەوە بەهۆی نەبوونی پشتیوانی دەروونی-کۆمەڵایەتی، کە دەشێت پارێزگاری لە دەست بدات سەبارەت بە ناسنامەی خۆی، و ڕەنگە داواکاریەکەی ڕەت بکرێتەوە بەهۆی سنوورداری کاتی دیاریکراو لە لایەن دادگاوە.

- کێشە هەیە لە پرۆگرامەکانی شیاندنەوە و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی کە بایەخ بە جێندەر نادەن. لە کەمبۆدیا، تەنها قەرەبووکردنەوەی ڕەمزی لە ڕێگەی هونەرەوە پەرەی پێدراوە و لە لایەن ECCC پەسەندکراوە بۆ ڕزگاربووانی هاوسەرگیری ناچارکراو. ڕواندا باس لە هیچ قەرەبوویەک ناکاتەوە بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکە شایستەی قەرەبوو بێت وەک ڕزگاربووی جینۆساید، هیچ پشتیوانیەک نەدراوە بۆ چارەسەرکردنی دەروونبرینداریی عەقڵی و دەروونی. لە ئۆگاندا، ڕێکەوتننامەی ئاشتی جوبا دادگایی کردنی تاوانکاری پێشکەشکرد، بەڵام بایەخی بە قوربانیەکانی تەندروستی دەروونی-کۆمەڵایەتی و تەندروستی عەقڵی نەدا.



**ڕاسپاردە:** میکانیزمە ڕاگوزەرەکانی دادپەروەری بێ کێشە نین بەڵام دەشێت قەرەبووکردنەوە پێشکەشی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بکەن. ئەمڕۆ، ناکرێت هیچ بەهانەیەک هەبێت بۆ هیچ دەستەیەکی دادوەری نێودەوڵەتی کە قەرەبوو پێشکەشی ڕزگاربووانی ئافرەت نەکاتەوە، و پێویستە منداڵەکانیشان بگرێتەوە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕەکانیان پێویستە لۆبی دادگاکان و لیژنەکانی ڕاستیەکان بکەن بۆ پێشکەشکردنی قەرەبوو بە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داتاکانیان لەگەڵ دامەزراوە فەرمیەکان هاوبەش بکەن، ئەمە توانایان پێدەبەخشێت بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە و دۆسیەیەکی بەهێزیش دەبیت بۆ ئەم جۆە قەرەبووە.

- لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی دۆخ و ڕاپۆرتە مەیدانیەکانی هاوبەشانی GIJTR و ڕزگاربووان ، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هاوەڵێتیان دەکەن، بەردەوام سێ بواری پێویستیان دیاری کردووە: پشتیوانی دەروونی بۆ دەستنیشانکردنی دەروونبرینداری، خوێندن، و پشتیوانی ئابوری، بە لەخۆگرتنی دەرفەتەکانی کار. بۆ زۆربەی منداڵان، پێویستیەکی تری لەناکاو بریتیە لە دەستگەیشتن بۆ بەڵگەنامە بنەڕەتیەکانی ناسنامە کە پێویستن بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی پشتیوانی. پێشەنگیدان بەم پێویستیانە دەکرێت دەست بکات بە چارەسەری کێشە پەیوەستەکان بە ئاوێتەکردنەوەی وەک دان نان پێدانان بە بەهای کەسیی و کاریگەری ئەرێنی کە ئەمە دەکرێت لە سەر تێگەیشتن و خود پەسەندکرنی هەبێت.

**ڕاسپاردە:** مەشقەوەرانی TJ پێویستە هەوڵ بدەن بەشداری بە زۆرینەی ڕزگاربووە لاوازەکان بکەن لە دیزاینکردن و جێبەجێکردنی قەرەبووکردنەوە لەناکاوەکان، جا فەرمی یان نافەرمی بن، بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کەوا پێویستیە بێهاوتاکانیان بە تەواوی نوێنەرایەتی دەکرێت و دەقیش دانراوە بۆ دەسنیشانکردنیان. هەر پلاتفۆرمێک یان پرۆگرامێک بۆ قەرەبوو یان خزمەتگوزاریەکانی تری پشتیوانی پێویستی بە پێناسەیەکی گشتگری ڕزگاربووانە کە منداڵەکانیشان دەگرێتەوە.

- ڕێگە تایبەتەکانی قەرەبووکردنەوە ڕەنگە هەندێک سارێژی کاتی بە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان ببەخشن، بەڵام گۆڕانکاری لە بارودۆخەکانی ژیان، بە لەخۆگرتنی ئاوێتەکردنەوە، و پشتیوانی پێویست بۆ بەدیهێنانی، پێویستی بە ڕێگای گشتگر و درێژخایەنە کە ڕێژەی شێوازەکان بەهەند وەردەگرێت: بە کۆمەڵ، تاکە کەسی، ڕەمزی و ماددی.

**ڕاسپاردە:** : ڕێگەیەکی گشتگیر دەکرێت لە بواری قەرەبووکردنەوەی پێشکەشکراوەوە ڕوون بێت، بەڵام هەروەها پێویستە لە بواری هەڵسەنگاندنی گشتگیری پێویستیەکانیش ڕوون بێت. لە پێناو ئەمەش، چەندین کردار دەکرێت یارمەتیدەر بن:

- هەوڵی فراوانکردنی بە بەڵگەکردن و داتابەیسەکان دەربارەی ئافرەتانی ڕزگاربوو تاوەکو گشتگیرتر بن لە ڕێگەی لەخۆگرتنی منداڵانی لەدایکبووی جەنگ، ئەزموونی تایبەتی نەنگ بوون و هەراسانکردن وەک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی پەیوەست بە ئاوێتەکردنەوە، و دەستنیشانکردنی پێویستیە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانی قەرەبووکردنەوە (لەوانەش پشتیوانی بۆ ئاوێتەکردنەوە).
- دەسنیشانکردنی ئاژانس و کەسە جیاوازەکان کە دەتوانن هەنووکەیی ترین پێویستیەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەسنیشان بکەن. لە دۆخی وەک کۆڵۆمبیا، ئوگاندا، نێجیریا، و عێراق، ڕەنگە ئەمە وەک ڕێککەوتنێکی دوای ئاشتی دەسنیشان بکرێت بەڵام هێشتا دوای ململانێ نیە، چونکە ململانێی چەکدار یان هەڕەشەکەی بەردەوامە، ئافرەتانی ڕزگاربوو، منداڵانی لەدایکبووی جەنگ، و کەسانی تری مەدەنی ڕەنگە سەلامەتی و ئاسایشی بنەڕەتیان هەبێت یان ڕەنگە لە ناو کەمپی ئاوارە ناوخۆییەکانن کە دان-نان بە قەرەبووکردنەوە زەحمەت دەکات. لەم بارودۆخانەدا، پێویستیەکی لەپێشینە بریتیە لە دڵنیاکردنی سەلامەتی ئافرەتان و منداڵەکانیان.
- لە هەمان کاتدا، پێویستە ڕزگاربووان بخرێنە ناو کاری ڕێکخراوەکان و هاوپەیمانیەتەکان بۆ دانانی ستراتیژیەتی وەڵامی درێژخایەن بۆ سارێژ بوون و چاکبوونەوەی جەستەیی، عاتیفی، پەروەردەیی و ئابوری



- گەرچی فشار پێویستە بۆ دادگاکان بۆ پێدانی قەرەبووی گونجاو بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان، هەوڵدان بۆ کاریگەری خستنە سەر یاسا و سیاسەتی نیشتیمانی بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ پێویستیە تایبەتەکانی ڕزگاربووانی توندوتیژی بنیاتنراو لەسەر جێندەر لە ململانێ و منداڵەکانیان دەکرێت بەشدار بێت لە ئاوێتەکردنەوەیان لە ناو کۆمەڵگە و ئابوریدا. یاسای ئافرەتانی ڕزگاربووی یەزیدی لە عێراق بەڵگەیە کەوا یاسای نیشتیمانی دەیەوێت دەسنیشانی پێویستە تایبەتەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو بکات. هەروەها دامەزراوەیەکی یاسایی بەهێز پێویستە بۆ مافەکانی ئافرەتان کە تێیدا قەرەبووکردنەوە جیاوازییەک دروست دەکات. بۆ نموونە ئافرەتان لە کۆڵۆمبیا هەست بەوە دەکەن کەوا بێ سیاسەتەکانی دەوڵەت، دڵنیاکەرەوەیە کە ژیانێکی دەستەبەرکراو و شکۆداریان هەیە، ئەوکات هەر پێوەرێکی قەرەبوو دەست بخەن ئەوە بەڕاستی تەنها چاکبوونەوەی کاتی پێشکەش دەکات.

ڕەنگە قەرەبووکردنەوە بکەوێتە ژێر گۆڕانکاری ویستی سیاسی و ئاوهەوا -زیاتر لە کاتی گواستنەوە لە وڵاتێک. بۆ نموونە، لە تیمۆری خۆرهەڵات، ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بە چەندین شێواز پشتگوێ خرا بوون.

لە لایەک، حکومەتی دوای ململانێ پێشەنگی بە گەشەی ئابوری و پشتیوانی کۆمەڵایەتی بە گروپی تایبەت دا-دایکی تەنیا، کەسانی کەمئەندام، و کەسانی بەتەمەن-کە ئافرەتانی ڕزگاربوو ناگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، بودجەی حکومەت بۆ خانەنشینی زیاتر بۆ جەنگاوەرانی دێرینی ململانێ دەچێت، کە وەک جەنگاوەری چەکدار پێناس کراون، و ئافرەتانی پشتگوێ خست کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە بەرگری کردن، یان ئەوانەی دووچاری توندوتیژی سێکسی بوونەوە. بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا باس لە پلانەکانی قەرەبوو کردنەوە دەکەن کە جیاکاری لە دژی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی دەکات، بەراورد بە جەنگاوەرانی دێرین کە دەستگەیشتنیان بە سوودی کۆمەڵایەتی زیاتر هەیە.

**ڕاسپاردە:**

- بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووان، بگەڕێ بە دوای لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی پێناسەی جەنگاوەرانی دێرین بۆ لەخۆگرتنی ئافرەتانی ڕزگاربوو، بۆ دەستگەیشتن بە دەرماڵەکان و پێزانین.
- کارکردن بە یاسای قەرەبووی تایبەت بە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لە دایک بووی جەنگ.

- کارکردن بۆ بە یاسایی کردنی قەرەبووی فەرمی و نافەرمی لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسی فراوانتر بۆ پشتیوانیکردنی سیاسەت و چوارچێوەکان کە شێوازی "هەرگیز دووبارە نەبوونەوە" بۆ دادپەروەری ڕاگوزەر بەهێز دەکات.
- گەڕان بەدوای ئەگەرەکان کە بەدواداچوونی باشتر بە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەبەخشێت بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە زامنی پێزانینی دەوڵەت ناکات بۆ دۆخەکەیان وەک ڕزگاربووی ململانێ، بۆیە ڕەنگە سازشکردن هەبێت کە ڕەچاو بکرێت.

- نەریتە کەلتورییەکان دەکرێت بەشدار بن لە سارێژ بوون بۆ ڕزگاربووان و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ، لەگەڵ کاریگەری هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی پەسەندکردنی ڕزگاربووان و منداڵەکانیان. باشترین کردارەکان ئاماژە بۆ شێوازەکانی ناو کەلتوری باوکسالاری (وەک ڕێڕەوسمی ناونان بۆ منداڵان لە نێجیریا و هەوڵەکان بۆ بەدەست هێنانی تەعمیدی کەنیسە لە تیمۆری خۆرهەڵات) و لە دەرەوەی (زیندووکردنەوەی نەریتی ئافرەتانی کۆنی بەکارهاتوو لە ڕێڕەوسمەکانی سارێژ بوون لە کۆلۆمبیا). لە هەمان کاتدا، کۆمەڵێک شێوازی هونەری ڕەنگە بەردەست بن بۆ ڕزگاربووان کە دەربڕینی جێگرەوەی ڕاستی پێشکەش دەکات کە سارێژکەرن.

**ڕاسپاردە:** کارکردن لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵگە و ڕابەرە ئاینییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەستگەیشتن بۆ نەریتە کەلتوری و ئاینییەکان کە پشتیوانی لە ئاوێتەکردنەوە دەکات، وەک ڕێڕەوسمەکانی ناونان، ڕێڕەوسمی باڵغبوونی بوونی نێرینە و مێینە، یان بۆ ناو کۆمەڵگە ئاینییەکان.

- توێژینەوە لە دابە تەقلیدیەکان کە دەکرێت زیندوو بکرێنەوە و بگونجێنرێن بۆ پشتیوانی کردنی سارێژ بوونی کەسیی و سارێژ کردنی پەیوەندیەکان کە دەکرێت پشتیوانی ئاوێتەکردنەوە بکات. سەرنجی تایبەت بۆ سارێژکردنی پەیوەندییەکانی خێزان ڕەنگە هەنگاوی یەکەم بێت بۆ سارێژکردنی پەیوەندییە فراوانەکانی ناو کۆمەڵگە.
- ڕەچاوی پێکهاتەکانی نەریتە ئاینییە تەقلیدیەکان بکە: کڕنووش بردنی جەستە، بەکارهێنانی ئاو، زەوی، مۆم، وورووژاندن و هتد. بەدوای واتاکان بگەڕێ کە ئەم هێمایانە هەیانە و بۆ دروستکردنی ڕێڕەوسمی نوێ بەکاریان بێنە.



- کاری هونەری دەکرێت گروپە کۆمەڵایەتی، کۆمەڵی ڕەگەزی و جێندەرە جیاوازەکان بەیەکەوە کۆ بکاتەوە کە بەربەستەکان تێک دەشکێنێت. دەربڕینە هونەرییەکان بۆ ئەزموونی سارێژبوونی ڕزگاربووان نیشاندراون. گیانی داهێنان کە لە ڕێگەی باشترین کردارەکانی هونەرە پراکتیکیەکان نیشاندراون دەکرێت بگونجێنرێن بۆ جەختکردنە سەر کێشەکانی نەنگی کۆمەڵایەتی و کاریگەری کردن لە سەر بۆچوونە گشتیەکان. هونەرە پراکتیکیەکان، بەگوێرەی نەریتە کەلتورییە ناوخۆییەکان و شێوازەکانی هونەرە پراکتیکیەکان، ڕەنگە بە تایبەتی کاریگەر هەبێت وەک شێوازی هێمایی قەرەبووکردنەوە.

**ڕاسپاردە:** کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووان بۆ زانینی ئەو شێوازانەی خۆیان دەتوانن دەربڕینی هونەری ئەزموونی خۆیان دروست بکەن، لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئەو چارەسەرانەی پەرەیان پێداوە. ڕەنگە ئەم ئەدایانە بشێت پەرە بسێنێت بۆ سەرچاوەیەکی قەرەبووی ماددی.

## 3.3 ئامرازەکانی چاکسازی دامەزراوەیی ("هەرگیز دووبارە نەبوونەوە")




بۆ خێزانەکان، کۆمەڵگەکان و دەوڵەتە وێران بووەکان بەهۆی جینۆساید، ئەشکەنجە، توندوتیژی سێکسی، و ترسەکانی ترەوە کە ململانێی چەکداری لەگەڵدایە، بانگەشە کردن بۆ "هەرگیز دووبارە نەبوونەوە" بەدەنگێکی بەرز دەزرینگێتەوە و ڕاستە. ڕەچاوکردنی چاکسازی دامەزراوەیی-کە چاکسازیەکان ستراتیژین بۆ ڕێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی ململانێ-پێویستی بە شیکردنەوەی هۆکارە ڕیشەیەکانی ململانێکەیە. بەهۆی ئەوەی نایەکسانی و نادادپەروەریی ڕابردوو ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ململانێ، وێنەی سووڕێکی بەردەوامی توندوتیژی سەرهەڵدەدات. هێشتا چاکسازی کردن لە سیستەمە خراپکار یان لاوازە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییەکان کە هۆکار بوونە یان ڕێخۆشکەر بوونە بۆ تاوانی نێودەوڵەتی بەکۆمەڵ تا بڵاو بێتەوە کە دەبێتە ئەرکێکی سەخت. ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە ئەو چاکسازیانە پێویستن کە کار دەکەنە سەر چەندین بواری ژیان و حوکمڕانی.

لە بارودۆخەکانی دوای ململانێ، زۆرجار دانپێدانانێکی زیاتر هەیە بۆ پێویستی گۆڕانکاری پێکهاتەیی. لە کۆلۆمبیا، ڕێژەی 52.4% لە کۆیی زیاتر لە 1000 ئافرەت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا لە لایەن Rua Pacifica داوای دامەزراندنیان کرد. وایان هەستکرد کە سەقامگیریی ئابوریيان زیاتر پشت بەستوو بە توانایان بۆ دەستگەیشتن بە کارێک کە





موچەیەکی ژیان بەسەربردن دەدات و سوودی هەبێت و کەمتر پشت بە قەرەبوو کردنەوە ببەستێت. ئەمە پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویستی تەنها بۆ ڕاهێنانی کارامەییەکان نییە، بەڵکو بۆ چاکسازی کردن لە سیستەمی ئابوریش کە زیان بە ئافرەتان دەگەیەنێت و ڕەنگە تەواو ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەراوێز بخات. لە ڕاستیدا، زیاتر لە 50%ی ئەوانەی لە کۆڵۆمبیا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا بەلایانەوە چاکسازیی پێکهاتەیی حکومەت لە ڕێگەی دروست کردنی یاسا و سیاسەتی تایبەت بوو وەک پێویستیەک بۆ قەرەبووی واتادار.

نموونەیەکی تری چاکسازی دامەزراوەیی پێویست پەیوەستە بە کەرتی ئاسایش. بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی زەحمەتە قسە لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس بکەن کاتێک هەموو یان زۆرینەیان پیاون. لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، ئەم کێشەیە زۆر گەورەتر بوو بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو لە گروپی ڕەگەزی کەمینەکان کاتێک پێویست بوو قسە لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس لە گروپی ڕەگەزی زۆرینە بکەن. پێویست بوون بۆ چاکسازی پۆلیس بە تەنها هەستیاری و ڕاهێنانی مافەکانی مرۆڤ بۆ توندوتیژی سێکسی بۆ ئەفسەرانی پۆلیس ناگرێتەوە، بەڵکو هاوسەنگی زیاتری جێندەر و کۆمەڵەی ڕەگەزی لە ناو هێزی پۆلیس پێویستترە. هەروەها، ئافرەت و کچانێکی زۆر کە لە کامپەکانی بۆکۆ حەرام لە نێجیریا ڕایان کردبوو دووچاری پێشێلکاری سێکسی بوونە لە لایەن هێزە ئەمنیەکان و پۆلیسی دەوڵەت. لەم حاڵەتەدا، پشکنینی باکگراوندی بڵاوی کارمەندانی ئاسایش و ڕێکارەکانی دڵنیاکردنی دووبارە نەبوونەوەی پێشێلکاریەکان کە لە لایەن کارمەندانی ئاسایشەوە ئەنجام درا نموونەی پێویستن بۆ چاکسازی کەرتی ئەمنی.

لە هەمووی گرنگتر، چاکسازیە دامەزراوەییەکان بە مەبەستی ڕێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی پێشێلکاریەکان کە ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ و منداڵانی لە دایک بووی جەنگی دووچاری بوون پێویستی بە تێگەیشتنێکە بۆ بارودۆخەکانی پێش ململانێ کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بوونی هەبووە. لە سەرانسەری چوارچێوە جیاوازەکانی ناو ئەم ئامرازە، میکانیزم، پێکهاتە و هەڵوێستە باوک سالارییەکان کە پێش ململانێ بوونیان هەبووە ڕێخۆشکەر بوونە بۆ ئەو پێشێلکاریەی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دووچاری بوونە. لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسیە ئەنجامدراوەکان لە لایەن ئافرەتان لە ماوەی سۆسیالیستەکان هەرەسی پێهێنرا لەگەڵ ڕووخانی یۆگسلافیا وەک پارێزگارێکی نەتەوەپەرستی و ئایینی کە کاری بۆ قووڵکردنەوەی بە ناو کەم و کوڕی جێندەری کۆن دەکرد.[62] لەگەڵ تێگەیشتن لە بارودۆخە مێژووییەکان کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەم پێشێلکاریانە تا ڕوو بدەن، پێویستە دامەزراوەکان چاکسازیان تێدا بکرێت بۆ دڵنیاکردنی لەوەی کە ڕێگری ناکەن لە ئاوێتەکردنەوەی سەرکەوتووی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. ئەمە بەهۆی ئەوەیە زۆرێک لە میکانیزم، پێکهاتە و هەڵوێستە باوک سالاریەکان کە ڕێخۆشکەر بوونە بۆ پێشێلکاریەکان تا ڕوو بدەن هێشتا بە قووڵی ناو کۆمەڵگە ماون.

### ئاستەنگەکانی جێندەر بۆ چاکسازی دامەزراوەیی

گەرەنتی کردنی دووبارە نەبوونەوە ڕەنگە لە ڕێگەی چاکسازی کردن لە کەرتی ئەمنی، دەستوور، یاسای تاوان، سیستەمی دادوەری، سیستەمی خوێندن و میدیا بەدەست بێت. بەڵام، ڕێکارەکانی چاکسازی دامەزراوەیی زۆرجار بە نیگەرانیەکی کەمی پێویستیە تایبەتەکانی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگەوە جێبەجێ دەکرێن.

**نێجیریا**

**کردەی ڕێڕەوی سەلامەت-نەبوونی ڕێز بەرامبەر ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ**

کردەی ڕێڕەوی سەلامەت (OSC) لە ساڵی 2016 دامەزرا لە لایەن حکومەتی نێجریاوە و دەکرێت وەک میکانیزمێکی فەرمی هەژمار بکرێت بە مەبەستی چاکسازی لە کەرتی ئاسایش[63] (SSR). مەبەستی شیاندنەوە و ئاوێتەکردنەوەی چەکدارانی بۆکۆ حەرامە کە ئارەزوومەندانە بۆ ناو کۆمەڵگە گەڕاونەتەوە. لە کاتی چەک دانان و ئاوێتەکردنەوە (DDR)ی جەنگاوەرانی پێشووتر کە پرۆسەیەکی گرنگە لە نێجیریا، OSC کارێکی کەمی کردووە بۆ بەدیهێنانی پێویستیە تایبەتەکانی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ.

بەگوێرەی سەرکردەیەکی ئافرەتی کۆمەڵگە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشێکی سەردانە مەیدانیەکانی نێجیریا کردووە، ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی بانگێشت نەکرا بوون بۆ بەشداری کردن لە دیزاین و جێبەجێکردنی OSC، و ئەزموونیان لە دامەزراندنی پرۆگرامەکە ڕەچاو نەکرا. بەگوێرەی ئەو "ئافرەتان هەرگیز بۆ هیچ شتێک بانگێشت ناکرێن. چۆن دەکرێت نیگەرانیە تایبەتەکانمان پێشەنگی پێ بدرێت ئەگەر بەشێک نەبین لە پرۆسەکە؟ من سەرسام نیم کە گشت پرۆگرامەکان کە ئاماژەت پێکرد هیچ ڕەچاوکردنێکی تایبەتیان بۆ ئافرەتان نییە کە دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی ئەمە دەبینەوە".[64]

بەگوێرەی گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێجیریا، ئەم نەبوونی بایەخدانە بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی بەهۆی ئەوەیە گەرچی حکومەت سەرنجی زیاتر بە توندوتیژی جێندەری بە گشتی دەدات، بەڵام هەمان بایەخ بە توندوتیژی سێکسی نادات کە لە ماوەی یاخیبوونەکە ڕوویانداوە. گەرچی پلانەکانی بەهێزکردنی پەروەردەیی و ئابوری بۆ ئافرەتان و کچان ئامادەکراون، بەڵام ئەمانە لە سەر پێویستی شیاندنەوەی گشتی ناوچەکە بووە لە دوای جەنگ.[65] بۆیە، پێویستی و بایەخە تایبەتەکانی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لە دایک بووی جەنگ دەستنیشان نەکراون و ئاوێتە نەکراون بۆ ناو ڕێکارەکانی چاکسازی دامەزراوەیی فەرمی وەک کردەی ڕێڕەوی سەلامەت.

**چاکسازی پەروەردەیی:**

**نووسینەوەی مێژوو، برەودان بە ئاشتی**

لەدوای ماوەیەک لە ناکۆکی و بڵاو بوونەوەی پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ، چاکسازی پەروەردەیی دەکرێت ڕێگایەک بێت بۆ نێوەندگیری لە نێوان گێرانەوە جێناکۆکە مێژووییەکان، برەودان بە ڕاستی دەربارەی ئاشتی لە ڕابردوو و بەشداربوون لە ئاشتی درێژخایەن لە نێوان نەوەکان. ڕاستی دەربارەی مێژووی وڵاتەکە-زانیاریەکان دەربارەی ئەوەی چی وایکرد ناکۆکی چەکدار و تاوانەکان ڕوو بدەن، و کێش بەشداربووە - زۆرجار وەک ئەنجامێک لە لایەن لیژنەی ڕاستیەکان باس دەکرێن. ڕێگایەک بۆ باسکردنی ئەنجامەکان لە مەودایەکی گەورەی ساڵەکانی داهاتوو بۆ لەخۆگرتنیانە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە.

**لە کەمبۆدیا،** پەرتووکی خوێندنی مێژووی کامپوچیای دیموکراتی، دەستپێشخەریەکی ناوەند دیموکراتی کەمبۆدیا و وەزارەتی پەروەردە، گەنجان و وەرزش، کە لە ساڵی 2007 بڵاوکرایەوە. ئەمە ڕابەرێکی مامۆستای بەدواوە هات و لەگەڵ ڕاهێنانی مامۆستا لە سەرانسەری وڵات. پەیڕەوی خوێندنی مێژووی خمێری سوور ئینجا ئاوێتەی پەیڕەوی خوێندنی نیشتیمانی کرا لە ساڵی 2009. قوتابیانی کەمبۆدی پێویستە دەربارەی مێژووی خمێری سوور فێربن، لەناویاندا بڕگە دەربارەی توندوتیژی بنیاتنراو لە سەر جێندەر، لەگەڵ جەختکردن لەسەر هاوسەرگیری ناچارکراو لە ژێر ڕژێمەکە کە شایەتی ڕزگاربووان لەخۆ دەگرێت.

لە **تەیموری خۆرهەڵات،** ڕێککەوتنامەیەکی تێگەیشن لە نێوان AJAR و چێگا! ناوەندی نیشتیمانی یان CNC ئەرکێکی بە AJAR دا بۆ یارمەتیدان لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندنی پەروەردەیی بۆ پۆلەکانی 7، 8 و 9 کە هانی کەلتورێکی

ئاشتی دەدات بەو شێوەیەی لە لایەن چێگا پێشنیارکراوە، ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاستی. لە مانگی ئەیلولی 2020، بەڕێوەبەری AJARی تەیموری خۆرهەڵات پەیوەندی بە تیمی پێداچوونەوەی یەکەی پەیڕەوی خوێندنی نیشتیمانی کرد لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پێداچوونەوەی پەیڕەوی خوێندن. کارمەندانی تری AJAR لە تیمی لاوەکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بوون بۆ پێداچوونەوە بە جوگرافیا، مێژوو، پەروەردەی مافە مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ. تیمی پێداچوونەوە ڕەشنووسێکی پەیڕەوی خوێندنی نوێی تەواوکرد و ڕاوێژکاری لە سەری ئەنجامدا لەگەڵ مامۆستایان لە سەرانسەری وڵات. هەروەها ڕەشنووسێکی کتێبی قوتابی بۆ پۆلی 7 تەواوکرد. وانەکانی نا توندوتیژی وەرگیراو لە چێگا! ڕاپۆرتەکە گونجێنراوە بۆ وانەکانی مێژوو و پەروەردەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ.

### کۆڵۆمبیا

### کاریRED MARIPOSAS بۆ کاریگەری خستنە سەر هەڵوێستەکان لەبارەی توندوتیژی سێکسی

قوتابخانەی ڕاهێنانی Red Mariposas لە کۆمەڵگەی بوناڤێنتورا وانەکان دەربارەی مافەکانی ئافرەتان، فێمینیزم، پیاوەتی، چاودێری هاوبەش، چاودێریخود و لایەنی ڕوحیانەت دەگرێتەوە. هەندێکجار وانەکانی ڕاهێنانی ئێوارە بە شێوازی سەکۆ ئەنجام دەدرێن بۆ ئاسانکردنی گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخ یان کێشەیەکی تایبەت کەوا کار دەکاتە سەر ئافرەتان، کچان، یان ئەندامانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە (+LGBTIQ).

ئەم پرۆگرامانە کاریگەریان لە سەر شێوازی بۆچوونی ئەندامانی کۆمەڵگە هەبووە بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی، SGBV و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. لە ئەنجامدا، خەڵکانێکی زیاتر دەست بە تێگەیشتن دەکەن کەوا توندوتیژی ئاسایی نییە. لە نێوان شتەکانی تر، ئەمە بۆتە هۆی ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانی GBV زیاتر بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو. هەندێک لە کۆمەڵگە ڕەسەنەکان کراوەن بۆ ئەوەی Red Mariposas بۆ گەڕەکەکانیان و قوتابخانەکانیان بێن بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو. Red Mariposas تێبینی ئەوە دەکەن کەوا لەم ناوچانە کە کاریان تێیدا کردووە، پەیوەندیەکانی ئەفریقی-کۆڵۆمبی و ئافرەتە ڕەسەنەکان تەندروستر و ڕێزلێگیراوترن.

ئەو پرۆژانەی Red Mariposas کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و UNHCR





> پشتیوانیکراون سەرکەوتووتر هەژمارکراون بۆ "بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵکی گشتی لە دامەزراوەکان دەربارەی توندوتیژی جێندەر؛ نیشاندان لە ڕێگەی ژمارەکان کە توندوتیژی جێندەری ڕاستەقینەیە و بوونی هەیە لە بوناڤێنتورا؛ هێشتنەوەی بە جێگیری ڕۆژی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەکان؛ پارێزگاری کردن لە پێکهاتەی خوێندن و زانیاری بەردەوام؛ ئەنجامدانی کرداری بەکۆمەڵی هاوبەش لەگەڵ دامەزراوەکان؛ داواکردنی مافەکان پێش کۆنترۆڵکردنی جەستەکان؛ و هەڵمەتکردنی گشتی دەربارەی چۆنیەتی وەستاندنی سەیرکردنی توندوتیژی وەک شتێکی ئاسایی."[67]

## 3.4 ئامرازەکانی هێشتنەوەی یادەوەرییەکان

مەشقەوەرانی دادپەروەری دۆخی گواستنەوەیی تێروانین و واتای نوێیان بۆ هێشتنەوەی یادەرەورییەکان هێناوە. هێماکانی بیرکەوتنەوە بە تەنها وەک شتی جێگیر نین بۆ یادکردنەوەی ئەوانەی مردوون یان وون بوونە لە ململانێکانی ڕابردوو، بەڵام پرۆسەیەک و مەودایەکە بۆ سارێژ بوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەری. بە یادەوەری کردنی نەریتەکان دەکرێت نەریتی پەروەردەیی بن بۆ فێربوون و ڕەنگدانەوە، لەم دۆخەدا دەربارەی لایەنی ڕاستەقینەی توندوتیژی سێکسی لە ماوەی ململانێ و کاریگەریە درێژخایەنەکان کە ئەم ئەزموونانە لە سەر تاکەکان، خێزانەکان، کۆمەڵگەکان و نەتەوەکان هەیانە. هەروەک ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ نەریتەکانی ویژدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ڕابردوو بە ئێستا و یادەوەری بۆ کردار، ڕەنگە شوێنەکانی یادەوەری ئامرازی کاریگەر بن بۆ دەستنیشانکردنی کێشە هاوچەرخەکانی مافەکانی مرۆڤ.[68] سەرەڕای ئەمەش، ڕەنگە بە یادەوەری کردن ئامرازێک بێت بۆ پشتیوانی کردنی گەڕان بەدوای ڕاستی، قەرەبوو و چاکسازیی دامەزراوەیی، لەگەڵ هێمایەک بۆ دادپەروەری.

بۆ ئەو ڕزگاربووانەی بەشدار بوونە لە چالاکیەکانی بە یادەوەری کردن، پرۆسەکە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە کۆتایی هێنان بە ئازاری یادەوەرییەکانی ڕابردوو. بەهۆی ئەوەی یادەوەرییەکان لە شوێنە گشتیەکان پێویستی بە پەسەندکردنی دەوڵەتە (وەک پێدانی مۆڵەت) و پێزانین، دەرفەتێکی ڕوون هەیە بۆ دەوڵەت بۆ چاکسازی کردن لە تێگەیشتن و دەستەواژەکانی ڕابردوو. بەم جۆرە، دەستپێشخەرییەکانی یادەوەری و بە یادەوەری کردن زۆرتر وەک ڕێزلێنانێک بەکاردێن بۆ جەنگاوەرانی دێرین و قوربانیە مەدەنیەکان زیاتر لە پێزانین و بەهێزکردنی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ یان منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. ئەمە زۆرجار بەهۆی نەنگی بەردەوام و تابووکانە کە دەربارەی ئەم پێشێلکاریانە هەن.



دەستەواژەکانی بە یادەوەری کردن زۆر هەمەجۆرن؛ ڕەنگە لە کۆمەڵگەوە بۆ ئاستی نیشتیمانی بچێت و دەکرێت زۆر گرانبەها بێت یان زۆر واتادار بێت بە تێچوویەکی کەم. تەنها چەند نموونەیەکی کەمی بە یادەوەری کردن لێرەدا نمایشکراون. مەبەستەکە بۆ پێشکەش کردنی ئیلهامە بە مەشقەوەرەکان بۆ ڕەچاوکردنی شێواز و شوێنە جیاوازەکانی پەرەپێدانی یادەوەرییەکان کە بانگێشتی بەشداری کردنی ئافرەتی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەکات تاوەکو دەنگ و دەربڕینیان بە تەواوی ڕێزی لێ بگیرێت. دوو نموونەی کرداری باشی پەیوەست بە یادەوەری مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگە لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا و کاری بەردەوامی ACbit و AJARە لە تیمۆری خۆرهەڵات.

> **بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا**
>
> **مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگ**
>
> یەکەم نمایشی مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگ لە ساڵی 2017 بوو و لەگەڵ جەختکردن لە سەر ئەزموونی منداڵان لە سەرایڤۆ، بۆسنە، و هێرزەگۆڤینیا. قسەکردن لە ئاڵوگۆڕی ئاوێتەکردنەوە و دادپەروەری ڕاگوزەر لە ئاداری 2021، ئامینە کەرەڤاچ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاریی مۆزەخانەکە، ئەوەی ڕوونکردەوە کەوا بیرۆکەی مۆزەخانەکە لە کەسانی گەورەوە هات، وەک خۆی، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری جەنگ کاتێک لە ساڵی 1990ـەکان منداڵ بوون. تیمی توێژینەوەی مۆزەخانەکە کەلوپەلی کەسی و شایەتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆکردەوە. ئەوەی دەردەکەوێت چیرۆکی لەدەستدانی کەسیی و دەروونبریندارین لەگەڵ چیرۆکەکان کە باس لە گونجاویی و بەهێزی دەکەن تاوەکو ئەو ڕێگایانەی کە تیایدا منداڵان هەڵگری ژیانی خۆیان بوون لە ماوەی جەنگدا، نمایش دەکرێت. مۆزەخانەکە هانی گێڕانەوەی گوێزەرەوەیی دەدات نەوەک بە تەنها بۆ قوربانیەکان بەڵکو بۆ ڕزگاربووە بەهێزکراوەکان، و ئەمەش سەلماندوویەتی کە کاریگەرییەکی بەهێزکردنی هەبێت.
>
> گەرچی خەڵکی دەزانن توندوتیژی سێکسی لە ماوەی جەنگدا ڕوویداوە، هێشتا عەیبەیە باسی بکەیت و لە چیرۆکە کۆکراوەکانی تیمی توێژینەوەکە ئاماژەی پێ نەکراوە. بەهۆی ئەمەوە، تیمەکە بۆ ئەو ڕێکخراوانە چوو کە لە نزیکەوە کار لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەکەن، و بە هۆشیاریەوە لەوانە نزیک بوویەوە کەوا لەو کاتەدا نەوجەوان بوون. یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکان بەدەستهێنانی متمانەیان تاوەکو مۆزەخانەکە وەک شوێنێکی سەلامەت ببینن و دڵنیایان هەبێت کە هەر زانیاری یان بابەتێک کەوا باسی دەکەن لە لایەن مۆزەخانەکە بە بێ

ڕەزامەندیان بەکار نایەت.

پلانەکە ئەوەیە پێشانگەیەک هەڵبژێریت کە بەتەواوی تەرخانکرا بێت بۆ ئەزموونی ئەو منداڵانەی دووچاری توندوتیژی سێکسی بوونە لە ماوەی جەنگ و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ و دەرەنجامەکانی ئەو ئەزموونانە تەنانەت بۆ چەندین دەیەی دواتر بۆ ئەوەی هۆشیاری گشتی دەربارەی ئەم ڕەهەندەی جەنگ بەرز بکەنەوە. هێشتا مۆزەخانەکە لە قۆناغەکانی سەرەتایەتی بۆ ئەم پرۆژەیە بەڵام متمانەی خەڵکی بەدەست هێناوە بۆ باسکردنی چیرۆکەکانیان تاوکو مۆزەخانەکە دەرفەتێکی هەبێت بۆ ڕەوایی بوون و پارێزگاری لێکردنیان بە ووردیەوە. کاتێک بە شێوازی بەشداریی کردن لێیان نزیک بوونەوە، ئەنجامەکە زیاتر نمایشی ڕزگاربووەکەیە ئەوەندەی نمایشی مۆزەخانەکە بێت.[69]

### تیمۆری خۆرهەڵات

لەم ساڵانەی دواییدا، ئاسۆیاساون چێگا! (Ba Ita (ACbit هەڵمەتێکی نیشتیمانی ئەنجامدا دەربارەی ئافرەتانی ڕزگاربوو وەک پاڵەوان. بەشێکی ئەم هەڵمەتە ڕێپێوانێکی یادکردنەوەی ساڵانە بوو دەربارەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، کە تیایدا ڕزگاربووان وەک ڕابەر کار دەکەن بۆ ئافرەتانی و پیاوانی گەنج بۆ ڕۆیشتن بە ناو شارەکە و سەردانی شوێنەکانی دەست بەسەرکردن و ئەشکەنجەدان دەکەن، و باس لە چیرۆکەکانی ئازایەتی و بەرگری دەکەن. ACbit بەم شێوازە باسی لە ڕێوڕەسمەکە کرد:

”ڕزگاربووانی ئێمە پێشەنگی ڕۆیشتن بۆ یادکردنەوەیان کرد و باسیان لە ئەزموونی سەختی خۆیان کرد لەگەڵ قوتابیانی ئامادەیی لە شوێنەکانی دەست بەسەرکردنی پێشووتر لە فارۆل. هیوادارین ئازایەتی ئەوان ئیلهام بەخش بێت بۆ نەوە گەنجەکان بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەک کە تیایدا خەڵکی ڕێز لەیەکتر دەگرن و یەکسانی دەبێتە ڕاستەقینە“[70]

وەک میکانیزمەکانی تری دادپەروەری ڕاگوزەر، ئەنگی پەیوەست بە توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ، هەردووکیان بەربەستن بۆ بەیادکردنەوەی سەرکەوتوو. کارکردن لە تیمۆری خۆرهەڵات، دەستپێشخەری ڕۆیشتن بۆ یادکردنەوە لە لایەن ACbit نیشانیدا کە دەکرێت داهێنان بەکار بهێنرێت بۆ زاڵبوون بەسەر هەندێک لەم ئاستەنگانەدا. هەروەها هەوڵەکان لە یادکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێ و منداڵەکانیان زۆر ئاڵۆزە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناسنامەی تاکدا بە پێی ڕاستیەکانی عەیبە



و جیاکاری لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا. لە کاتێکدا کە دەستپێشخەرییەکە لەلایەن ACbit ەوە پەرەی پێدراوە کە ئافرەتانی ڕزگاربووی تیمۆری لە خۆ گرتبوو، بەڵام ڕێبازێکی تر ئەوەیە کە ئەو شوێنانە دەستنیشان بکرێت کە توندوتیژی سێکسی تێدا ڕوویداوە و زانیاری هاوبەش بکات دەربارەی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ.

مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگ لە سارایێڤۆ دەریخست کە چەندە گرنگە بۆ یادکردنەوە و دەستپێشخەرییەکانی یادخستنەوە کە سەلامەت و کراوە بێت، بەشداری بەرچاوی لە لایەن ڕزگاربووانەوە هەبێت. لە کاتێکدا مۆزەخانەکە هێشتا لەقۆناغی سەرەتای ئەم پرۆژەیەدایە، توانایەکی زۆر هەیە کە دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە ئەزموونی ڕزگاربووان و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بەکار بهێنرێت و دڵنیای بکاتەوە کە بەشێوەیەکی کراوە و بەهێزکردنە بۆ ڕزگاربووان. گۆڕینی تێڕوانینی گشتی و ڕێگەدان بە ڕزگاربووان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیەکانی یادکردنەوە بە دڵنیاییەوە ڕێگاکانێ بۆ یارمەتیدانی ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ.

## 3.5 وانە وەرگیراوەکان




لە کۆمەڵگاکانی دوای ململانێدا، گەرەنتی دووبارە نەبوونەوە زۆر گرنگە. ئەم گەرەنتیە ڕەنگە لە ڕێگەی کۆمەڵێک چاکسازی دامەزراوەیی بێت لە ڕێگەی چاکسازی کردن لە کەرتی ئەمنی، دەستوور، یاسای تاوان، سیستەمی دادوەری، سیستەمی خوێندن و ڕاگەیاندن بەدەست بێت. لە پێداچوونەوەی توێژینەوەی دۆخ و ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی هاوبەشەکانی GIJTR، ئاشکرایە کە کۆمەڵێک چاکسازی دامەزراوەیی فەرمی هەیە، ئەو ڕێوشوێنانەی کە لە ڕێگەی هاوبەشی دەوڵەت/ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە جێبەجێ دەکرێن، هەروەها ئەوانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەوە سەرکردایەتی دەکرێن. لەنێو ئەم نموونانەدا چاکسازی دامەزراوەییە کە سودی بە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵی لەدایکبووی جەنگ دەگەیەنێت، هەروەها ئەوانەی کە پێویستی و نیگەرانییە دیاریکراوەکانیان دەستنیشان ناکەن. شیکردنەوەی شێوازەکانی چاکسازی دامەزراوەیی وانەی بەهادار پێشکەش دەکات.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی 2019دا سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆسیەیەکی ڕوون بۆ چاکسازیی دامەزراوەیی پێشکەش دەکات کاتێک نایەکسانی جێندەری وەک هۆکاری ڕیشەیی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ پێناسە دەکات:

”ڕێگریکردن لەتوندوتیژیی سێکسی پێویستی بەپێشکەوتنی یەکسانی جێندەری بنەڕەتی پێش و لەکاتی و دوای ململانێدا هەیە، لەوانەش بە زامنکردنی بەشداری تەواوی ئافرەتان لەژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دڵنیاکردنی داد و دەزگای ئەمنی بەردەست.[71]

سەرەڕای ئەوەش چاکسازی دامەزراوەیی هاوشێوەی میکانیزمەکانی تری دادوەری ڕاگوزەرییە کە زۆر جار باس لە پێداویستی و نیگەرانییەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ ناکرێت. هەوڵەکان بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی چاکسازیە دامەزراوەییەکان کە بتوانن یارمەتی ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بدەن، بەهۆی نەنگی و پەراوێزخستنی ڕیشەییەوە لەمپەریان بۆ دروست دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، چوارچێوەکان دەورەدراون بە میکانیزم و پێکهاتە و هەڵوێستەکانی باوکسالاری کە پێشتر و لە کاتی و دوای ململانێدا هەبوون. هەروەها ڕێگەدان بە ڕووداونی پێشێلکاری سێکسی، هۆکارن بۆ ڕێگەگرتن لە ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ.

- خوێندن میکانیزمێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو، هەروەها بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکان سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. دامەزراوە و پرۆگرامەکانی پەروەردەی فەرمی و نافەرمی دەرکەوتوون کە کەناڵێکی کاریگەر بن بۆ ناساندنی تێگەیشتنی نوێ سەبارەت بە ئەزموونەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو. چاکسازیەکانی پەروەردە لە تیمۆری خۆرهەڵات و کەمبۆدیا نموونەی ئەوەن کە چۆن دەکرێت پەروەردە بەکار بهێنرێت بۆ دابینکردنی تێگەیشتنێکی باشتر لە توندوتیژی سێکسیی مێژوویی و پەیوەندیدار بە ململانێ و وێناکردنی هەڵوێستەکانی بەردەست سەبارەت بەم جۆرە پێشێلکاریانە. قوتابخانەی ڕاهێنانی Red Mariposas لە کۆمەڵگەی بوێناڤنتورا لە کۆڵۆمبیا نموونەی ئەوەیە کە چۆن پەروەردە پەنجە دەخاتە سەر هەڵوێستی توندوتیژی سێکسی هاوچەرخ بەرامبەر بە توندوتیژی سێکسی، هەروەها باس لە پەراوێزخستنی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان دەکات.

**ڕاسپاردە:** گەڕان بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ قوتابخانە و زانکۆکان بۆ پەرەپێدانی مۆدیولەکان لەسەر ئەزموون و تێڕوانینی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵی لەدایکبووی جەنگ. دروستکردنی مۆدیولەکان بۆ بەکارهێنان لە ڕاهێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە چارەسەری ئاوێتەکردنەوە دەکات، و ڕەچاوی چۆنیەتی بەشداری کردنی ئەکتەرە سەرەکیەکان بکە لەگەڵ کاریگەری کۆمەڵایەتی لە ڕاهێنانەکان.



- ترى الناجيات أن التعليم هو سبيل إلى عيش حياة أفضل. في كولومبيا، أوضحت أكثر من 50% من النساء اللاتي قابلتهن روا باسيفيكا أن الحرب حصددت فرص التنمية لهن وأطفالهن. إنهن يدركن أن افتقارهن إلى التعليم يضعهن إما في أدنى مستوى من الاقتصاد الرسمي، أو في القطاع غير الرسمي حيث يكون التسول أو العمل بالجنس خياري العمل الوحيدين لهن ولأطفالهن. وهن يزعمن أن إمكانية الوصول إلى التعليم تمثل أداة تمكين لجميع جوانب الحياة.

**التوصية:** إنشاء برامج منح دراسية خاصة لأطفال الناجيات. الأهم من ذلك، يجب ألا تطلب هذه البرامج مستندات قانونية، بحيث يظل بإمكان الأطفال الذين ليس لديهم وثائق الحصول على التعليم؛ إنشاء دورات تعليمية رسمية وغير رسمية للبالغين ودورات تدريبية على المهارات للناجيات.

- چاکسازی لە یاسای تاواندا لە چوارچێوەی دوای ململانێدا پێویستە و دەتوانێت کار بکات بۆ ئەوەی سود لە ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵی لەدایکبووی جەنگ وەربگرێت. هەرچەندە لە سەرەتادا ڕێوشوێنی سەلامەتی پێویست لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا دابین نەکرا، بەڵام چاکسازی لە سیستەمی دادوەریدا بووە هۆی زیادبوونی بەرچاو لە ژمارەی ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا توندوتیژی سێکسی هەبووە. لە هەموو گرنگتر، چاکسازی لە یاسای تاوان لە بۆسنە و هێرزەگۆڤینا تەرخانکردنێکی بۆ بینینی دادپەروەری بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی بەخۆوە بینی.

**ڕاسپاردە:** ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی پتەو لە پرۆگرامەکان بە ئامانجی چاکسازی لە یاسای تاوان و سیستەمی دادوەری، بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی پێویست بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو؛ کار لەگەڵ کۆمەڵگەکان و دامەزراوە ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتیەکان بکە بۆ دەستنیشانکردن و جێبەجێکردنی چاکسازی زیاتر کە یارمەتی دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی توندوتیژیی سێکسی دەدات.

- چاکسازیی کەرتی ئاسایش دەتوانێت گرنگ بێت بۆ دڵنیابوون لە دووبارە ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. لە بۆسنە و هێرزەگۆڤینا ئافرەتانی ڕزگاربوو دوورخرابوونەوە لە قسەکردن لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس و چونکە زۆرینەیان پیاو بوون. پێویستیی چاکسازی کەرتی ئەمنی بە تەنها هەستیاری و ڕاهێنانی مافەکانی مرۆڤ بۆ توندوتیژی سێکسی بۆ ئەفسەرانی پۆلیس ناگرێتەوە، بەڵکو هاوسەنگی زیاتری جێندەر و کۆمەڵەی ڕەگەزی لە ناو هێزەکە پێویستترە. هەروەها، پشکنینی بەرفراوانی کارمەندانی ئاسایش لە چوارچێوەیەکی وەک نایجیریا زۆر گرنگە، کە کارمەندانی ئاسایش توندوتیژی سێکسی بەرفراوانیان بەرامبەر بە ئافرەتان و کچان ئەنجام داوە.

ئافرەتان بە گشتی بەدەگمەن بەشدارن لە چاکسازی دامەزراوەیی. ئۆپەراسیۆنی ڕێڕەوی سەلامەت لە نایجیریا نمونەیەکی سەرەکییە لە پێویستی بە ڕزگاربووانی ئافرەتان و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بۆ ئەوەی بەشداری پرۆسەی چاکسازی بکەن، بەتایبەتی لە کەرتی ئەمنیدا. چەکدارانی بۆکۆ حەرام توندوتیژی سێکسی بەرفراوانیان ئەنجام دا، کە بریتی بوون لە دەستدرێژی سێکسی و دەستدرێژیی بەکۆمەڵ و کۆیلایەتی سێکسی. بڕیاری جێبەجێکردنی چاکسازیەک بەئامانجی گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگاکانیان بەبێ بۆچوونی ژنان، مەترسیدارە و گوزارشت لە بێڕێزییەکی زەق دەکات بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێوە لەگەڵ منداڵەکانیان.

**ڕاسپاردە:** ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مەشقەوەرەکان دەتوانن بەورياييەوە بەشداری چاکسازی دامەزراوەیی یەکسانتر بکەن بە چاودێری لایەنی کەم دوو لایەنی چاکسازی دامەزراوەیی لە دۆخی دوای ململانێدا(i ): تا ئەو ڕادەیەی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵی لەدایکبووی جەنگ ڕاستەوخۆ بەشداری لە نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی چاکسازیە دامەزراوەییەکان دەکەن؛ و (ii) تا ئەو ڕادەیەی کە پێویستیە تایبەتەکانی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ ڕەنگدانەوەی هەیە لە ڕێگا و ناوەڕۆکی هەر چاکسازیەکدا.



# کۆتاییدا:

# حەوت ئامۆژگاری بۆ ئاوێتەکردنەوە و دادپەروەری ڕاگوزەر

به وەرگرتنی ئەم ئامرازە بە تەواوەتی، ئەم ئامرازە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزموون و زانیاریی دەرکەوتوو، لەسەر بنەمای دەنگی ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و منداڵەکانیان کە لە جەنگ لەدایک بوون. بە وەرگرتنی وانەی کارکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی شاری بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، کەمبۆدیا، ڕواندا، تەیموری خۆرهەڵات، ئۆگاندا، کۆڵۆمبیا، نیپال و نایجیریا، ئەم ئامرازە هیواخوازە بەشداری لە گەشتی دووررودرێژی ئاوێتەکردن بکات. گوێگرتن لە ڕزگاربووان لە هەر یەک لەو چوارچێوانەدا فێری ئەو پێشێلکارییە سێکسییانەی کردین کە لە کاتی جەنگدا ئەنجامیان داوە، ئەو زامە قوڵەی کە دوای ململانێ زۆر دەخایەنێت و ئەو نەنگ و بێسەروبەرییەی کە لەلایەن ڕزگاربووانەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە لە کاتێکدا کە تێدەکۆشن بۆ ئەوەی ببنە هاوڵاتییەکی تەواو لێهاتوو بە ئامانجی هاوبەشی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا.

بەگرنگییەوە ئەم ئامرازە ڕووناکی خستەسەر ئەو ڕاستییەی کە میکانیزمەکانی دادوەری ڕاگوزەر زۆر جار شکستیان هێنا لە چارەسەرکردنی پێداویستیەکانی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. بە درێژایی ئەم ئامرازە بینیمان کە نایەکسانی پێکهاتەیی و نەنگی و پێشەنگی کردنی میکانیزمەکانی تری دادوەری ڕاگوزەر چۆن کار دەکەن



بۆ ئەوەی کە ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و ئەو منداڵانەی لە جەنگ لەدایک بوون بەشدار نەبن لە پڕۆسە و پرۆگرامەکانی دوای ململانێ. ئەمە خاڵێکی هەست پێنەکراوە کە پێویستی بە سەرنجێکی بەپەلە هەیە و زۆر گرنگە کە پیشەگەران لە پڕۆسەی دادپەروەریی ڕاگوزەردا فێر ببن کاتێک کە ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ بێ هیوا دەکرێن. هاوکات ئەم ئامێرە فێری ئەوەی کردووین کە نموونەکانی پرۆسەی دادوەری فەرمی و نافەرمی ڕاگوزەر بەرز بکەینەوە کاتێک کار دەکەن بە مەبەستی دادپەروەری و ئاوێتەکردنەوە و چاکبوونەوە بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی جەنگ و منداڵی لەدایکبووی جەنگ.

**حەوت زانیاری سەرەکی:**

**استی: بناغەیەک بۆ ئاوێتەکردنەوە**

1. بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵەکانیان، دانپێدانان بە ئەزموونەکانی پێشێلکارییەکانیان مەرجی سارێژکردن و بنیاتنانەوەی متمانەیە بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ دروستکردنی گۆشەنیگای فراوانترنەوەک تەنها تیشک خستنە سەر توندوتیژی سێکسی-هەروەها ڕزگاربووان کێشەیان هەیە لە لەدەستدانی زەوی و وێرانبوونی ماڵەکانیان و لەدەستدانی دەرفەتەکان بۆ خوێندن و بەربەستەکان بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ڕەگەزنامە. ئەم نیگەرانیانە پێویستە هاوتەریب بن لەگەڵ بە بەڵگەکردن و پرۆسەی گەڕان بەدوای ڕاستی.



2. پێویستە گەڕان بەدوای ڕاستی ڕێبازێکی **گشتگیر و درێژخایەن بێت**. بۆ ئەوەی ئەمە بکەیت، ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێ و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەبێت بە تەواوی بەشدار بن لە دیزاین و جێبەجێکردنی پرۆسەی دادوەری ڕاگوزەر و هەروەها لە ماوەی هەڵسەنگاندنیش. دەبێت ڕزگاربووان کۆنترۆڵی چیرۆکەکانیان بکەن، وەک، ئەگەر، کەی **و چۆن** دۆخی خۆیان وەک ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ ئاشکرا بکەن.

**نان: دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان دەتوانن ڕزگاریان بێت**

3. سارێژ بوون و مانەوەی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ دەبێت چەق بێت بۆ ئامانجەکانی ئاشتی و دادپەروەری. هەژاری و نەنگی ژیانیان سەخت دەکات، زۆرجار بەربەستی ناجێگیر دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە دیموکراسیە نوێکاندا گەشە بکەن. حکومەتەکان و گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو بەرنامانەی یارمەتی و بەهێزکردن پێشکەشی ڕزگاربووان و منداڵەکانیان دەکەن چەندین دەیە لە دوای ململانێ و **داخستنی میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەر بەردەوامن**. پێویستە جەخت و سەرچاوەی زیاتر تەرخان بکرێت بۆ ڕێوشوێنە خێراکان وەک پشتگیریی بەپەلەی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی زام و خوێندن و پشتگیری ئابووری و هەروەها دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەی ناسنامەی بنەڕەتی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە هەموو خزمەتگوزاریەکانی تر. پێویستە گرنگی بدرێت بە **دەروونبریندار‌ی نێوان نەوەکان** هەروەها سارێژ بوون بۆ خێزان و کۆمەڵگاکان. کارمەندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ کە لەگەڵ ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ کار دەکەن، ئەوانیش مافی سارێژ کردنی دەروونبرینداریی‌یان هەیە.

4. پێویستە کاری بەردەوام بکرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی لەکەداری دەربارەی پێشێلکارییە سێکسییەکان و هەروەها پەراوێزخستنی ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. پێویستە گرنگی بە پێکهاتە و هەڵوێستە سێکسی و پیاوسالارییەکان بدرێت، هەروەها ئەو نایەکسانییە بونیادییانەی کە دەبنە **بەربەست بۆ گەیشتن بە دادپەروەری**. بەبێ هەوڵدان بۆ سزادانی ئەنجامدەران، کۆمەڵگاکان درێژە بە ستەم دەدەن و پەیامێکی بێباوەڕی بۆ ڕزگاربووان دەنێرن. سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، ڕزگاربووان دەتوانن هەڵبژاردنی باش ئەنجام بدەن سەبارەت بە هەنگاونان بۆ گەیاندنی کەیسەکانیان بۆ دادگا.





**چا: بازنەکانی چاودێری و بەڵێنی هەرگیز دووبارە نەبوونەوە**

5. پرۆسەی دادپەروەری ڕاگوزەر دەبێت لەسەر بنەمای تێگەیشتنێک بێت بۆ هەلومەرجی تایبەت بە دۆخەکە کە سنوور و دەرفەتەکان دیاری دەکات بۆ ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. لەوانەیە بیروباوەڕ و کرداری ئایینی یان نەریتی هەبێت کە بتوانێت پشتگیری مافەکانی ئافرەتانی ڕزگاربوو و منداڵان بکات. پێویستە پێشەنگی بە مافی قەرەبووکردنەوەکان بدرێت، گرتنەبەری ڕێبازی داهێنەرانە و لەسەر بنەمای کۆمەڵگا کە دەتوانێت یارمەتی ئاوێتەکردنەوە بدات. قەرەبووکردنەوەی بەپەلە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕزگاربووان و منداڵەکانیان پێویستە پێشەنگی پێ بدرێت و جێبەجێ بکرێت هاوتەریب لەگەڵ پرۆگرامەکانی گەڕان بەدوای ڕاستی و تۆمارکردنی بەڵگەنامەکان.

6. **بە یادەوەری کردنی کۆمەڵگەیی و خوێندن دەتوانێت بۆچوونەکان بگۆڕێت، پاڵنەر بێت بۆ چاکسازی** و دیزاین بکرێت بۆ پەنجە خستنە سەر پێویستە لەناکاوەکان. ئەم ڕێبازانە دەتوانن دەست بکەن بە لادانی پەردەی بێدەنگی و شەرمەزاری لەسەر توندوتیژیی



سێکسی ئەگەر بە شێوەیەکی تواناسازی و گۆڕانکارانە ئەنجام بدرێت. هێشتا پێویستی بە ڕاستی گوتن هەیە تەنانەت دوای لیژنەی ڕاستیەکان یان لێکۆڵینەوە فەرمیەکان. هەروەها دەبێت بەردەوام بین لە داکۆکیکردن لەگەڵ قوربانییەکان، لەگەڵ تیشک خستنە سەر ئەزموونی ئافرەتان.

7. **ڕێبازێکی فرەیی و یەکخراو پێویستە** بۆ ئاوێتەکردنەوەی ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژیی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. کە گونجاو بێت، ئەم ڕێبازانە دەبێت بە پێوەری جۆراوجۆر کار بکەن وەک ناوخۆیی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. ڕێکخراوەکانی ئاستی کۆمەڵگا پێشکەوتنی بەرچاویان لە کارەکەیاندا بەدەست هێناوە لەگەڵ ئافرەتانی ڕزگاربووی توندوتیژی سێکسی و منداڵانی لەدایکبووی جەنگ. **ئێمە پێویستمان بەگفتوگۆی جەختکراوە هەیە بۆ وێناکردنی ڕێبازێکی گشتگیر بۆ هێنانەدی ئاوێتەکردنەوە بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی و منداڵەکانیان، لەگەڵ دابینکردنی پرۆگرامی چاودێری و بەهێزکردن کە بەردەوام و شەفاف و بەردەست بن.** ئەو میکانیزمانەی بەنیازی یارمەتیدانی کۆمەڵگاکانن بۆ سارێژبوون لە دڕندەیی بە کۆمەڵ پێویستە پەنجە بخەنە سەر کاریگەرییە هەمەجۆرەکانی توندوتیژی کە هۆکاری سیاسی لەدواوەیە. ئەمە پێویستی بەو ڕێگایانە هەیە کە لە دەرەوەی سنوورە دەستکردەکان دەجوڵێن کە زۆرجار بە شێوەیەکی شاراوە داڕێژراون بۆ جیاکردنەوەی هەوڵەکانی یارمەتی: فریاکەوتنی مرۆیی، دادپەروەری ڕاگوزەر، بنیاتنانی ئاشتی، و پێشکەوتن.



## المراجع


1 لێدوانی ڕزگاربوویەکی توندوتیژیی سێکسیە بۆ لیژنەی ڕاستی تیمۆری ڕۆژهەڵات، CAVR. شیگا، بەرگی 3، بەشی 7.7: دەستدرێژیی سێکسی و کۆیلایەتیی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژیی سێکسی لاپەڕە 2031.

2 ئە. بۆگنەر & ج. ڕۆسێنسال، «لە باکوری ئوگەندا لە دوای گەڕانەوەی یاخیبووەکان بۆ ژیانی مەدەنی: لەنێوان وێنەیەکی ئێمەی بەهێز و ئەزموونەکانی دوورەپەرێزی و جیاکاریدا،» ڕۆژنامەی کەنەدی لێکۆڵینەوەکانی ئەفریقا 51، ژمارە 2 (2017): 178.

3 ئاگادارکردنەوەی نێودەوڵەتی و یونیسێف، «خوێنی خراپ: تێروانینەکانی منداڵانی لەدایکبووی توندوتیژیی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ و ژنان و کچانی پەیوەست بە بۆکۆ حەرام لە باکوری ڕۆژهەڵاتی نایجیریا، پوختەی توێژینەوە، « شوباتی 2016؛ <international-alert.org/sites/default/files/Nige-ria_BadBlood_EN_2016.pdf>

4 دادپەروەری و مافەکانی ئاسیا، «ڕۆڵەکانی شەڕی تیمۆری ڕۆژهەڵات: پەیمانێك بۆ چاککردنەوە، « 6ی تشرینی یەکەمی 2018؛ https://asia-ajar.org/2018/11/policy-paper-timor-lestes-children-of-war-a-promise-to-heal/

5 کریستینا مەزە، «پارتی مەدەنی سوورە لەسەر گێڕانەوەی هاوسەرگیری خەمیرە سوورەکان « پنۆم پنە پۆست، 25 ئابی 2016؛https://www.phnompenhpost.com/national/civil-party-holds-firm-account-khmer-rouge-marriage

6 وتە لەلایەن پێدراگ مایلتیك لە سەنتەری یاسای مرۆیی بۆ بۆسنە و ڕاپۆرتی هێرزەگۆڤینا، 2020.

7 ڤیسنا پێریك زیمۆنجیك، ڕۆژی جیهانی ژنان: قوربانیانی دەستدرێژی سێکسی بۆسنە لەبیرکراون» ئاژانسی هەواڵی ئینتەر پرێس سێرڤیس7ی ئایاری 2006. http://www.ipsnews.net/2006/03/intl-womens-day-bosnia-rape-victims-forgotten/

8 ئێس. ئێڵ ڕوسێل-براون، «دەستدرێژی سێکسی وەک کردارێکی جینۆساید» گۆڤاری بێرکلی یاسای نێودەوڵەتی 21، ژمارە 2 (2003) 350–374؛ <genderand-security.org/sites/default/files/Russell-Brown_-_Rape_as_an_Act_of_Genocide.pdf>.

9 گەلوح واندیتا، «ڕاستی و نان و چای» پێشکەشکردن لە وۆرکشۆپی یەکخستنەوە و دادپەروەری ڕاگوزەر، 8ی ئازاری 2021.

10 نەتەوە یەکگرتووەکان، «کاربەدەست و پسپۆری نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە دەوڵەتەکان دەکات کە مافی دادپەروەری بۆ قوربانیانی توندوتیژی سێکسی کاتی شەڕ مسۆگەر بکەن»، هەواڵی یو ئێن، 10 کانوونی یەکەمی 2012؛https://news.un.org/en/story/2012/12/427872

11 نەتەوە یەکگرتووەکان، «ڕێبازی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ DDR ئاستی 2 چەمک و سیاسەت و ستراتیژی2006 «IDDRS، لاپەڕە 6؛ http://www.iddrtg.org/wp-content/uploads/2013/05/IDDRS-2.10-The-UN-Approach-to-DDR1.pdf

12 ئانا کەتەر پاتێل، پابلۆ دی گریف و لارس والدۆرف، «چەک داماڵینی ڕابردوو؛ دادپەروەری ڕاگوزەر و جەنگاوەرانی پێشوو،» ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ دادوەری ڕاگوزەر، 2009.

13 نەتەوە یەکگرتووەکان، «مۆدیولی UN IDDRS لەسەر دادپەروەری ڕاگوزەر و DDR. بەشی 8.2.7»https://www.un.org/ruleoflaw/blog/document/iddrs-module-on-transitional-justice-and-ddr/

14 هیمان ڕایتس واچ, «ئەو هەفتە ناخۆشانە لە کەمپە ناخۆشەکانیاندا،» 27ی تشرینی یەکەمی 2014; https://www.hrw.org/report/2014/10/27/those-terrible-weeks-their-camp/boko-haram-violence-against-women-and-girls

15 کۆدی موراد: ڕێسای ڕەفتاری جیهانی بۆ بەڵگەنامەی توندوتیژی سێکسی پەیوەندیدار بە ململانێ، «ماڵەوە،» 2020؛https://www.muradcode.com/home

16 ڕاپۆرتی نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، «لێکۆڵینەوەی شیکاریی تیشک دەخاتە سەر توندوتیژی جێندەری و سێکسیی پەیوەست بە دادپەروەری ڕاگوزەر»، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گشتی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، 27ەم دانیشتنی، A/HRC/27/21 (حوزەیرانی 20ی 2014)، 7.

17 پرۆژەی پارێزەرانی کەمبۆدیا، «پێشکەشکردنی ڕێکخراوی ناحکومی لەسەر پرسیاری ژمارە 11ی لیستی کێشەکان و پرسیارەکان سەبارەت بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتە خولییەکانی کەمبۆدیا» 2013؛ https://www2.ohchr.org/english/bodies/cedaw/docs/ngos/CambodianDefendersProject_PSWG_Cambodia56.pdf

18 ڕاپۆرتی سەردانی مەیدانی کۆڵۆمبیا لەلایەن بیبیانا پێنارآندا سپۆلڤیدا، 2020.

19 دیمانە لەگەڵ ئاینا یووسیچ و ناوەندی یاسای مرۆڤدۆستانە لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا، 2ی ئابی 2020. چیرۆکی ئاینا وەکو فیلمنامەیەک بە کار هێنرا بۆ دروستکردنی فیلمی *Grbavica*: وڵاتی خەونەکانم (2006).

20 ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ««16 ڕۆژ چالاکوانی دژی توندوتیژیی ڕەگەزی»، 10 *Reliefweb*ی کانوونی یەکەمی 2012؛ *https://reliefweb.int/report/world/16-days-activism-against-gender-based-violence*

21 NVA، کە لەگەڵ AJAR کار دەکات، ئەندامانی ڕێکخراوەکانی قوربانیانی لە «ئاچێ» و تیمۆری ڕۆژهەڵات فێر کرد کە دیمانە بکەن و وێنەی دیجیتاڵ بگرن، پاشان دەستکەوتەکان و شیکاریی دەرەنجامی توێژینەوەکە درایەوە بە کۆمەڵگەکانیان و ئەندامەکانیان. «بەبیرهێنانەوەی خۆشەویستم، بە بیرهێنانەوەی ئازارەکەم»(2012) سەیر کە لە www.asia-ajar.org.








22 A. O. Longombe, K. M. Claude, J. Ruminjo، «ناسوور و برینی ترۆماتیکی کۆئەندامی زاوزێ لە ئاکامی توندوتیژیی سێکسی لە بارودۆخی شەڕدا لە ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆ: لێکۆڵینەوە حاڵەتیەکان،» تەندروستیی کۆئەندامی زاوزێ گرنگە 16، ژمارەی 32، (2016): 132 هەتا 141.

23 ڕادا ئیڤێکۆڤیچ، «توندوتیژی و سارێژکردنی ئازارەکان: ماوەی شەڕ و دوای شەڕ لە نەوەی یەکەمەوە بۆ دواتر»، لە دادگای ژناندا. لەبارەی پڕۆسەکە ، بژارکراو لەلایەن ستاشا زایۆڤیچ، 109 هەتا 110. بێلگراد: ژنانی ڕەشپۆش و ناوەندی توێژینەوەکانی ژنان، ئایاری 2015.

24 میریام دیڤۆن و سارا کان، «ئەوان دەبێ ئێمە وەکو هێمای ئاشتەوایی ببینن: گەنجانی لەدایکبوو لە ئاکامی لاقەکردنی جینۆسایدی لە ڕواندا و پاشهاتەکانی بۆ دادوەریی ڕاگوزەر»، گۆڤاری کرداری مافەکانی مرۆڤ 11 (2019): 153 و 154.

25 «بەرگەگرتنی پارێزبەندی: ژنانی ڕزگاربوو لە دڕندەیی بەبێ دادپەروەری»، https://asia-ajar.org/2015/11/enduring-impunity-women-surviving-atrocities-in-the-absence-of-justice/

26 «بەرد و گوڵ: ڕێنمایەک بۆ تێگەیشتن لە ژنانی ڕزگاربوو و کارکردن لە پێناوی ئەوان»، https://asia-ajar.org/2015/11/stone-flower-2/

27 «موزاییک: نامیلکەیەک بۆ بنیاتنانەوەی ژیان و کۆمەڵگە دوای ئەشکەنجە» https://asia-ajar.org/2018/01/unlearning-impunity-series-mosaic/

28 ئەمە ببینە: OHCHRی نەتەوە یەکگرتووەکان، «سندووقی خۆبەخشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە» https://www.ohchr.org/EN/Issues/Torture/UNVFT/Pages/Index.aspx

29 دیمانە لەگەڵ پرۆفیسۆر پاتریشیا دۆنلی، جێبەجێکاری سەرەکی لە ناوەندی یەکسانیی جێندەر، ئاشتی و پەرەپێدان، کە ڕۆژی 3ی کانوونی یەکەمی 2020 لە مایدوگووری ئەنجام درا.

30 گالووە واندیتا و هاوکارانی، «بەرگەگرتنی پارێزبەندی: ژنانی ڕزگاربوو لە دڕندەیی بەبێ دادپەروەری»، AJAR، ساڵی 2015.

31 شین هیۆن-هی، «ژنانی ئاسودەیی: لەکەیەکی زیندوو و ئازاردەر لە مێژوودا»، 17 ،The Korea Herald ئابی 2014، http://www.koreaherald.com/view.php?ud=20140817000197

32 پێشکەشکراو لەلایەن ئێرمیزا تێگاڵ و تیاگی پیاداسا، 10ی ئایاری 2020.

33 پزیشکان بۆ مافی مرۆڤ، «تەسلیمبوونی کینیا لە بەرامبەر ڕاپۆرتنووسی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارەکانی و پاشهاتەکانی، خاتوو دوبراڤکا شیمۆنۆڤیچ، 31ی کانوونی یەکەمی 2020؛https://www.ohchr.org/Documents/Issues/Women/SR/RapeReport/CSOs/166-kenya.pdf

34 زانیاریی ڕاگەیەندراو لەلایەن ئەندامی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سودانی باشوور لە ماوەی «دانوستانی دامەزرانەوە و دادوەریی ڕاگوزەر»ی GIJTR لە 10ی ئازاری 2021.

35 دەسپێشخەریی دادپەروەریی کۆمەڵگای کراوە، «ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ژوورە نائاساییەکان لە دادگاکانی کەمبۆدیا»، کانوونی دووەمی 2020.

36 پەیڕەوی ژمارە 15/2000ی UNTAET (ڕێکەوتی 6ی حوزەیرانی 2000) لەبارەی پێکهێنانی پانێلێکی تایبەت بە تاوانە جددیەکان؛ پەیڕەوی ژمارە 11/2000 بەو شێوەی کە هەموار کراوە بە ژمارە 25/2000 < www.un.org/peace/etimor/UntaetN.htm>

37 لەم کەسانە چواریان بە لاقەکردن وەکوو تاوان دژی مرۆڤایەتی تۆمەتبار کران (لۆلۆتوئێ، ئاتابائێ، سوئای، و کایلاکۆ)، کە تەنیا یەکێکیان دادگایی کرا (کەیسی لۆلۆتوئێ) و لە کۆتاییدا ئەو تەنیا بە لاقەکردن وەکو تاوان دژی مرۆڤایەتی مەحکوم کرا. دوو کەیسی تر بە لاقەکردنی ئاسایی تۆمەتبار کران: کەیسی یەکێکیان بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری (تیمۆری ڕۆژئاوا) ڕەت کرایەوە، و ئەوی تر (دیلی) لە کۆتاییدا بە چوار ساڵ بەندکردن مەحکوم کرا. بڕوانە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی، نووسینگەی جێگری داواکاری گشتی بۆ تاوانە جددیەکان (8ی ئازاری 2004): <http://socrates.berkeley.edu/~warcrime/Serious%20Crimes%20Unit%20Files/default.html>

38 گالووە واندیتا، «ئەرێ ئەم دادوەریە هی کێیە؟ وانە وەرگیراوەکان لە دادوەریی ڕاگوزەر لە تیمۆری ڕۆژهەڵاتدا» لە داهاتووی فیمینیسمی ئاسیاییدا. بەرەنگاربوونەوەی بنەڕەتخوازی، شەڕ و ناکۆکیەکان و نیۆلیبراڵیزم، Nursyahbani Katjasungkana و Saskia Wieringa(بژارکردن)، بڵاوکراوەی زانایانی کامبریج، 2012

39 بەشی 24 و 25ی پەیڕەوی ژمارە 2000/15ی UNTAET.

40 دەیڤید کۆهێن، کەمتەرخەمی و بەرپرسیارێتی: نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسەتی دادوەریی نێودەوڵەتی لە تیمۆری ڕۆژهەڵات. هۆنۆلولو: ناوەندی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا، 2006.

41 Richard J. Goldstone Hon.، «لێپێچینەوە لە لاقەکردن وەکو تاوانێکی جەنگ»، *Case Western Reserve*. گۆڤاری یاسای نێودەوڵەتی 34، ژمارەی 3 (2002): 278.

42 Bainafer Nowrojee، «دادوەریەکەتان زۆر خاوە: بڵێی ICTR هیچ بۆ قوربانیانی لاقەکردن لە ڕواندا نەکات؟» پەیمانگەی توێژینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی (2005).

43 چێلانگات چێبۆکۆک، «شیکردنەوەیەکی جێندەری بۆ سیستەمی دادوەریی ڕاگوزەر لە ڕواندا و سیەرالیۆن (تێزی ماستەر، زانکۆی نایرۆبی، 2011).

44 ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، «حوکمدانی مێژووی لە گواتیمالا سەرکەوتنێکە دژی توندوتیژیی سێکسی لە شەڕی چەکداریدا،» 3ی ئازاری 2016؛ <unwomen.org/en/news/stories/2016/3/guatemala-victory-against-sexual-violence-in-armed-conflict>.

45 عیسا، گێڕەرەوە و ڕزگاربوو لە ئەنیمەیشنی ڕزگاربوو*Konta-Sai* (قسە بکە!)، تیمۆری ڕۆژهەڵات، 4ی ئایاری 2021.

46 کۆمسیاری باڵای نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (OHCHR)، بنەما و ڕێنماییە بنەڕەتیەکانی دەربارەی مافی قەرەبوو و پێبژاردنەوە بۆ قوربانیەکانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، گونجێنراوە و بڵاوکراوەتەوە لە ڕێگەی بڕیاری ئەنجومەنی گشتی ژمارە 147/60 (2005).

47 لێبوردنی نێودەوڵەتی، «دادپەروەری بۆ کێ؟ ئافرەتانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا هێشتا چاوەڕوانن» (30ی ئەیلولی 2009)؛ <amnesty.org/en/documents/eur63/006/2009/en/>.

48 کەیت کلارک، «زنجیرەی داوای نێودەوڵەتی #1: پێبژاردن و داواکاری جەنگ، کەیسی بۆسنە» ناوەندی دامەزراوەی نوهانۆڤیچ بۆ پێبژاردنی جەنگ، 2014.

49 لێبوردنی نێودەوڵەتی، «دادپەروەری بۆ کێ؟ ئافرەتانی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینا هێشتا چاوەڕوانن» (30ی ئەیلولی 2009)؛ <amnesty.org/en/documents/eur63/006/2009/en/>.

50 دامەزراوەی گوزەرانی دروست، «21 ساڵ دوای جەنگەکە، ڕزگاربووانی دەستدرێژی سێکسی بۆسنی هێشتا بەدەست دەروونبریندار و نەنگەوە دەناڵێنن» 14ی کانونی یەکەمی 2016؛ https://www.rightlivelihoodaward.org/media/21-years-after-the-war-bosnian-rape-survivors-still-grapple-with-trauma-and-stigma/

51 گولی بۆر، «یاسای قەرەبووکردنەوەی عێراق بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی یەزیدی: بەرەوپێشچوونی زیاتر پێویستە،» کۆلێژی لەندەن بۆ بلۆگی ئابوری، 6ی نیسانی 2019؛ https://blogs.lse.ac.uk/mec/2019/04/26/iraqs-reparation-bill-for-yazidi-female-survivors-more-progress-needed/

52 ECCC 2018, بڕگەکانی 4424, 4457.

53 ڕۆزمێری گرەی «بینراو و نەبینراو: تاوانە سێکسیەکان و تاوانە جێندەریەکان لە کەیسی دادگای خمێری سوور حوکمی 02/002 ،» گۆڤاری ئوسترالی بۆ مافەکانی مرۆڤ، 25، ژمارە 3، (2019): 466–487.

54 ناوەندی بۆفانا, "PHKA SLA DANCER DRAMA." ڤیدیۆی YouTube 5ی تەموزی 2019؛ https://www.youtube.com/watch?v=V-6yTphGDuI

55 دادپەروەری و مافەکانی ئاسیا، «کتێبی کۆمیکی تیتۆن: Pirilampu (Fireflies) ڕووناکی لە تاریکیدا, 25ی ئایاری 2018; https://asia-ajar.org/2018/05/tetun-comic-book-pirilampu-fireflies-light-in-the-darkness

56 ئاسۆیاساون چێگا! ڤیدیۆی YouTube 15ی Ba Ita, "Teatru Pirilampu 2017," تشرینی یەکەمی 2018: https://www.youtube.com/watch?v=TE4fElyLtBQ

57 ساینگ سۆینتریت، «هاوسەرانی ناچارکراو بۆ هاوسەرگیری لە ژێر دەسەڵاتی خمێری سوور دووبارە بەڵێن نوێ دەکەنەوە»، ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کەمبۆدی، 1ی شوباتی 2016: https://english.cambodiadaily.com/news/couples-forced-to-marry-under-khmer-rouge-reaffirm-vows-106968/

58 لە لایەن Red Mariposas وەرگیراوە بۆ ڕاپۆرتی مەیدانی کۆلۆمبیا، 2020

59 وەرگیراو لە CBOW بۆ ڕاپۆرتی تەیموری خۆرهەڵات، 2020.

60 وەرگیراو لە حاجیە گانا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانی نێجیریا، 2020.

61 وتە لەلایەن پێشکەشکار بۆ ڕاپۆرتی تیمۆری خۆرهەڵات، 2020.

62 Cal Clark and Janet Clark, "کەم و کوڕی جێندەری لە یوگسلافیا: ئاستی دەستەبژێر بەرامبەر زۆرینە» دەروونزانی سیاسی، 8، ژمارە 3 (1987) لاپەڕە 411-426.

63 گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، «دەرچەیەک لە بۆکۆ حەرام؟ هەڵسەنگاندنی کردەی ڕێڕەوی سەلامەتی نێجیری»، 2021؛ https://www.crisisgroup.org/africa/west-africa/nigeria/b170-exit-boko-haram-assessing-nigerias-operation-safe-corridor

64 وەرگیراو لە ئافرەتی ڕزگاربوو بۆ ڕاپۆرتی مەیدانی نێجیریا، 2020.

65 ئادیتۆمیوا ئیسیکا، «نێجیریا دۆخێکی باری لەناکاو ڕادەگەیەنێت لە سەر دەستدرێژی سێکسی و هێرشی سێکسی،» دەنگە جیهانیەکان، 3ی تەمموزی 2020: https://globalvoices.org/2020/07/03/nigeria-declares-state-of-emergency-on-rape-and-sexual-assault/

66 لیژنەی وەرگرتنی تەیموری خۆرهەڵات، ڕاستی و ئاشت بوونەوە، «چێگا: بەشی 11، 3.4: مافی ئاسایشی تاک: پابەندبوونێکی نیشتیمانی بۆ ناتوندوتیژی،» 2005، لاپەڕە 2580-2581. http://chegareport.org/Chega%20All%20Volumes.pdf

67 لە لایەن Red Mariposas وەرگیراوە بۆ ڕاپۆرتی مەیدانی کۆلۆمبیا، 2020

68 "دەربارەی ئێمە," هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شوێنەکانی ویژدان; https://www.sitesofconscience.org/en/who-we-are/about-us/

69 مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگ، «بیرۆکە، پەیام و دیدگای مۆزەخانەی سەردەمی منداڵی جەنگ»، 27ی تەموزی 2015؛ https://warchildhood.org/the-idea-mission-and-vision/

70 وەرگیراو لە ACbit بۆ ڕاپۆرتی تیمۆری خۆرهەڵات، 2020.

71 نەتەوە یەکگرتووەکان، «توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ: ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان،» ئاداری 2019؛ https://www.un.org/sexualviolenceinconflict/wp-content/uploads/2020/07/report/conflict-related-sexual-violence-report-of-the-united-nations-secretary-general/2019-SG-Report.pdf

International Coalition of
SITES *of* CONSCIENCE

www.sitesofconscience.org

Facebook.com/SitesofConscience
@SitesConscience
SitesofConscience

GIJTR
Global Initiative for Justice
Truth & Reconciliation

www.gijtr.org

@GIJTR
@GIJTR